# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پڕۆژە

د. لوقمان رەئوف
بابان ئەنوەر

# مارتن بوبەر

کۆمەڵێك نوسەر

بەشی چوارەم

70

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# مارتن بوبەر

کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 194 )



# مارتن بوبەر

وەرگێڕانی
کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

70

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون به لیوتار، ئاشنابوون به لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پـرۆژەیـەش لە سـاڵـی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرياريیە نەبوايە، ئێستا ژيان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم ڕێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئايديا جياوازەکان و گرنگی بيرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و ڕوانين لە جيهان بەو شێوازەی کە پێويستە لێيبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە ديکارت لەسەرەتای ڕێنيسانسدا ڕايگەياند» من بيردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانيت بيربکەيتەوەو بوونيەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆيە ئەگەر بمانەوێت بيربکەينەوە، پێويستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بيرکردنەوەکە دەستەبەربکەين، خوێندنەوەش يەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشيەوە، بيرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بيرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژيای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەيەيە.

بۆيە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبيريکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بيرەکان دەتوانن ژيان بگۆڕن، بۆيە پێويستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بيری نوێ و بنيادنانی ئايندەيەک، جياوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان ڕەئوف**

2017

# بیۆگرافیای بوبەر

ئا: لاوەند عەلی

- مارتن بوبەر لە (8ی شوباتی 1878)، لە ڤیەننا هاتۆتە دنیاوە.
- لە ساڵی 1882 باوک و دایکی کارڵ بوبەر و ئەلیس نیوری گاست لە یەکتری جیابوونەوە.
- مارتن 10ساڵی داهاتوی لە گالیسی لای باپیری بەڕێکرد. لەوێ پەیوەندی بە حەسیدیزمەوە کرد، رۆڵی بەرچاوی لە گۆڕینی ئاینی، فەلسەفی و سیاسی دا بینی.
- بوبەر لە ساڵی 1899 لەگەڵ پایۆلا وینکلەری نووسەری ناسراوی ئەڵمانی زەواجی کردووە و بۆتە خاوەنی دوو منداڵ لێی بە ناوەکانی رەفائێل و ئاوا.
- ساڵی 1900، بوبەر لەگەڵ پۆلا وینکلەری هاوسەری، نووسەر، پاڤارییی و کاسۆلیک مەزهەب، پەیوەندی بە ئاینی جولەکەوە کردووە، چوون بۆ بەرلین و هاوڕێی نزیکی، ژۆستاف لاندوار (1919 - 1869) ئەنارشیست بووە و هەمان ساڵ بوبەر بە رەزامەندی پولا وینکلەر و دوو منداڵەکەی بەرلینیان بەجێهێشت و شارۆچکەی هپن هایمانیان لە نزیکی فرانکفۆرت بۆ نیشتەجێ بوون هەڵبژارد.

– بوبەر فرانتس روزنزوایگ (1929 – 1886) دەناسێت و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، روزنزوایگ، بوبەر وەک مامۆستا لە دامەزراوەی فێرکردنی گەورانی جولەکە دامەزراند، کە تازە دایمەزراندبوو. قەناعەتی بە بوبەر کرد لە زانکۆی فرانکفۆرت وانەکانی توێژینەوەی ئاینی و فەلسەفەی ئەخلاقی بڵێتەوە.

– لە زانکۆکانی ڤیەننا ، لایپزیک، زویریخ و بەرلین خوێندویەتی و ساڵی 1904 لە زانکۆی ڤیەننا دوای تەواوکردنی نامەکەی لەبارەی نیکۆلاس کوزای و یاکوب بومە، دۆکتۆراکەی وەرگرتووە.

– بوبەر داکۆکی لە رێنیسانسی نەتەوەخوازی مەعنەوی جولەکە دەکرد و بەرهەمێکی زۆری لەبارەی جولەکە بوون و ناسیۆنالیزمی جولەکەوە نووسیووە.

– بوبەر لە ساڵی 1923 تا 1933 لە زانکۆی فرانکفۆرت وانەی گوتۆتەوە، کە لای لاوانی جولەکە بە رابەرێکی مەعنەوی دادەنرێت.

– هەروەها لە ژیاری کولتوری جولەکەدا کارا

بوو. وتار و نووسینەکانی سەرچاوەیەکی ئیلهامی مەعنەوی بوو بۆ کۆمەڵگەی ستەملێکراوی جولەکە لە ئەڵمانیای نازی.
- تا ساڵی 1937 لە فرانکفۆرت ژیا.
- لە 1938 چوو بۆ فەلەستین و لەوێ بووە مامۆستای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی عیبری ئورشەلیم.
- لە فەلەستین بەشداری چالاکییەکانی ئاشتی نێوان عەرەب و جولەکەکانی کرد.
- دوای پێنج ساڵ توێژینەوەی فراوانی حەسیدیزم، دوو کتێبی بە ئەڵمانی بڵاوکردەوە: هەقایەتێک لە رەبی ناخمەن (1906) و چیرۆکەکانی بەعل شەم (1908).
- پاشان بەرهەمی دیکەی بڵاوکردەوە لەوانە لەپێناو بەهەشت دا (1945)، چیرۆکەکانی حەسیدیزم (1947)، سەرچاوە و مانای حەسیدیزم (1960)، حەسیدیزم و مرۆڤی مۆدێرن (1954). (حەسیدیزم یان جوڵانەوەی حەسیدی Hasidism، راپەڕینێکی تەرکە دنیایانەی جولەکەبوو کە جەختی لە عیرفان، نزاوپاڕانەوە لە قاپی خوا، غیرەتی ئاینی و

بەختەوەری دەکردەوە و لە سەدەی هەژدە لە پۆلۆنیا لەلایەن بەعل شەمەوە دامەزرا).

- هەموو بەرهەمە سەرەتایی و تەواوی توێژینەوەکانی بریتییە لە عیرفان و جولەکە بوون.

- سەرئەنجام لە 13ی حوزەیرانی 1965 لە تەمەنی 78 ساڵی، لە ئورشەلیم گیانی سپارد.

- گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: دانیێل (1913)، من و تۆ (1923)، گێڕانەوەکانی حەسیدیزم (1949)، ژیان لە سەربنەمای گفتوگۆ (1959)، ڕێگەی مرۆڤ بەگوێرەی فێرکارییەکانی حەسیدیزم (1960)، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ (1965)، مرۆڤخوازی باوەڕمەند (1967)، حیکمەت لە سەردەمی ئێمەدا (1969)، چاوپێکەوتن (1973)، خێر و شەڕ (1980)، لەبارەی ئینجیل (1982)، وڵاتی دوو میللەت (1983)، حەسیدیزم و مرۆڤی مۆدێرن (1988)، مەعریفەتی مرۆڤ (1988)، سەرچاوە و مانای حەسیدیزم (1988)، خۆرگیرانی خوا (1988)، ڕووبەڕووبوونەوەی سیرات (1991).

# مارتن بوبەر

**وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن**

## پێشەکی

ئامانج لەو لێکۆڵینەوەیە، ناساندنی مارتن بوبەرە بەوکەسانەی دەیانەوێت ئەو بناسن. لە هەموو ناساندنەکاندا پێشبینی خاڵێک نەکراوە کە: ئایا ئەوکەسانەی ناسێنراون، یەکتری دەناسنەوە؟ دەبنە هاورێ تا بەشداری لە رامان و پرسیار و بێدەنگی یەکتریدا بکەن؟

بە تایبەت ئەم بابەتە لەبارەی بوبەرەوە، بابەتێکی تەواو کەسییە. دەکرێت ناوببنێیت مرۆڤێک، کە لە دەسەڵاتی کەسی سەردەمەکەمان دەکۆڵێتەوە، لەڕاستیدا روونکردنەوەی هەمان خاڵ، ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە.

دەبێت کەسی ناسێنەر هێندە کاریگەربێت، بتوانێت شتە سەرسوڕهێنەرەکان بەرەوڕووی یەکتری بکاتەوە. هەوڵمداوە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، تا بتوانم بۆ بوبەری جێدەهێڵم، بۆئەوەی خۆی قسەبکات. کاتێک پێیوتم پێیوایە نابێت هیچ کتێبێک لە 120 لاپەڕە زیاتربێت. کەچی پابەندی راسپاردەکەی خۆی نەبوو. هاوکات هەندێک لە بەرهەمەکانی بریتییە لە وتار و کتێبی گیرفانی. گرنگی ئەو بەرهەمەی

لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوەیە، خوێنەر بانگهێشت دەکات بۆئەوەی، چەندی زووە بەوە بگات، کە بوبەر خۆی وتوویەتی.

لێرەدا هەوڵمنەداوە لیستێک لە بەرهەمەکان، یان بایۆگرافیای ئامادەبکەم، چونکە پەراوێزەکان رێنمایی پێویست دەخاتە بەردەست خوێنەر، تا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی راستەوخۆ بە بوبەر رێنمایی بکرێت.

دەبێت لێرەدا سوپاسی دۆستایەتی مامۆستا مۆریس جینسبێرگ، سەرنوسەری گۆڤاری جولەکەی سۆسیۆلۆژیا و دکتۆر مۆریس فریدمان، بەڕێوەبەری ناوخۆی ئەو گۆڤارە بکەم، کە رێیانپێدام سود لە وتارەکەی خۆم «رای مارتن بوبەر لەبارەی مرۆڤایەتی بوون»ەوە وەربگرم، کە لە ژمارەی حوزەیرانی 1966ی ئەو گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە.

**ژیاننامە**

مارتن بوبەر لە (8ی شوباتی 1878 تا 13ی حوزەیرانی 1965)ژیاوە، لە رۆژگارێکدا بەڕێکرا، مێژووی جیهان زۆرترین گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبوو. شەڕی ماڵوێرانکەر،

وەرچەرخان لە رامان و تەکنەلۆژیای زادەی ترس و هاوکات هۆکاری توانایەک بوو، کە زێدەڕۆییەکی ئەوتۆ لە دەربڕینی تواناو هێزییاندا نەکراوە.

مارتن بوبەر پشکی لەوماوەیەدا زۆربوو. بە نەریتی جولەکەیی ئەوروپای ناوەند پەروەردەکراو دوا قۆناغی جیهانی رۆشنگەری ئەو جۆرەی ئەزموونکرد، کە دزەی کردبووە شێوازە باوەکانی ژیان و رامانی جولەکەوە. لە ئەڵمانیا بەرگەی توندوتیژی رژێمی دژە مرۆڤایەتی نازی گرت و 27 ساڵی کۆتایی تەمەنی، لە ساڵی 1938 تامردنی، لە فەلەستین بەڕێکرد و لە ساڵی 1948 سەریکێشایە حکومەتە تازەکەی ئیسرائیلەوە.

بوبەر بێ ئەوەی پێشینەی جولەکەیی خۆی وەلابنێت، بەوپەڕی پشتیوانی و پشتگیرییەوە، بووە کەسایەتییەکی ئەوروپی. لە راستیدا دەکرێت بوبەر بە کەسایەتی جیهانی ناوبێنیت، چونکە هزرەکانی کاریگەری بەرچاوی بەسەر زۆربەی قەڵەمڕەوە جیاجیاکانی هزر و کاردا هەبووە. پێویستە نمونەیەک لەو کاریگەرییە

فراوانە بیربهێنرێتەوە، کە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داگ هامرشۆڵد، تەنانەت ماوەیەک بەر لەوەی بەفرۆکە و لە ئاسماندا گیانی بسپێرێت، تامەزرۆبوو دەقی کتێبی بە ناوبانگی من و تۆی بوبەر وەربگێڕێتە سەر زمانی سویدی.

هەڵبژاردن و بڕیارە کەسییەکانی ناو ژیانی ڕاستەقینەی خودی مارتن بوبەر، پەیوەندی نزیکییان بە هزرەکانیەوە هەیە، بۆیە پێویستە لە بارودۆخی گۆڕاوی ئەو جیهانە بگەین، کە لەودا دەژیا. پێویستە کاتێک دەستکەوتی تایبەتی و ماهیەتی کاریگەری نەگۆڕی هەڵبسەنگێنین و تاسنورێک لەو بارودۆخە بگەین و بەرجەستەی بکەین، چونکە بوبەر هەرگیز لە جیهاندا گۆشەگیر نەبووە و هزرەکانی لە گۆشەگیری زانکۆدا دانەهێنرابوو، بەڵکو بەردەوام خۆی لە بەرامبەر بەرپرسییەتی جیهان، بە وەفادار دەزانی. بە هۆی هەمان جدیەتەوە، گەنجینەیەک بەرهەمی هەبوو، کە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین تاوتوێیان بکەین.

**تەمەنی سەرەتایی**

مارتن بوبەر لە ڤیەننا لە دایکبووە، بەڵام لە تەمەنی سێ ساڵی بە هۆی لێکجیابوونەوەی دایک و باوکی، لە لامبێرگی گالیسیا باپیرەی سەرپەرشتی کردووە. سلێمان بوبەری باپیری پیاوێکی دیاربوو. بازرگان و خاوەن کێڵگە و هاوکات لێکۆڵیارێکی رەبەنیک (Rabbinic) و بەناوبانگ بوو، زاراوەیەکی عیبریە بە مانای «تاقانە گەورەکەی من»، ناونیشانێکە پەیوەندی بە پۆستی ئاینیەوە هەیە و رابەری جولەکە وای پێدەڵێن-(و. ف). نەوەی گەنج لە ماڵی باپیری، بە رۆحی ئازادی بەخشی رۆشنگەری، یان هاسکالای (Haskalah)، پەیوەندی و هاوئاهەنگی نەریتی جولەکەی رەسەنی ئەزموونکرد. بە تایبەت ئاشنابوو بە کەشێکی تەندروستی تەرکەدنیا و فێربوو، کە چۆن رێزێکی زۆری بۆ فێربوون هەبێت، دوو کار چوارچێوەی تێکڕای ژیانی پێکدەهێنا. نەریتی جولەکە، پەروەردە و خوێندنی جولەکە، خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و دەقی فەرمی عیبری، چ نوسراو و چ بیستراو، بنەمای نەمری لە ژیانیدا رەخساند. بوبەر بە هاوینان لە

شارۆچکەکانی ساداگۆرا و سزورت کۆف دا دەژیا و لەوێ ئاشنای کۆمەڵگەکانی حەسیدی بوو، بە هۆی باسکردنی هزرەکانی بوبەرەوە، زیاتر باسی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەین. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا جارێکی دیکە گەڕایەوە لای باوکی، ئەوکات باوکی ژنی دووەمی هێنابوو، لە لامبێرگ چووە قوتابخانەی زمانی پۆڵەندی (خوێندنگەی زمانی لاتینی و یۆنانی).

بوبەر کە بە منداڵی لە کێڵگەی باپیری بووە، چیرۆکێک لەوبارەیەوە گێڕدراوەتەوە، هەرچەند دورووودرێژو ئاڵۆزبوو، بەڵام نەک ناکرێت بە وێنایەکی ئەو سەردەمەی بزانی، بەڵکو توانا دەوڵەمەندەکەی دەردەخات، کە لە داهاتوودا گەشەیکرد. بوبەر لە کتێبێکی گیرفانیدا ئەو چیرۆکە ناودەنێت «ئەسپ»، بریتی بوو لە چەند بەشێکی ژیاننامە، کە بۆخۆی نوسیوویەتی و لە ساڵی 1961 بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا ئەو چیرۆکە بە خوێندنەوەی خۆم دەخەمەڕوو، کە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤێکی تردا، بوبەر لە ساڵی 1947 بڵاوی کردۆتەوە:

کاتێک تەمەنم یازدە ساڵان بوو، هاوینانم

لە کێڵگەکەی باپیر و نەنکم دا بەڕێدەکرد. هەموودەمێک دەمتوانی دوور لە چاوی ئەوانی دیکە، بە دزییەوە بچمە تەویلەی وڵاخەکان و لەسەرخۆ و بە خۆشەویستییەوە دەستم بە یاڵی ئەسپە خۆشەویستەکەمدا دەهێنا، ئەسپەشێ و خاڵخاڵاوی بوو. ئەو کارە بۆ من شەوق و تاموچێژێکی سەرپێیی نەبوو، بەڵکو ڕووداوێکی گەورە بوو، بەدڵنیاییەوە دڵسۆزانە و لە ناخمەوە دەیورووژاندم. ئەگەر ئێستا بمەوێت باسی ئەو ڕووداوە بکەم، بە یادەوەری دەستپێدەکەم، کە هێشتا زۆر نوێیە.

دەبێت بڵێم «ئەوی دی»م لە بەرکەوتەی ئەو ئاژەڵە ئەزموونکرد، گوڕوتینی «ئەوی دی بوون» «ئەوی دی»، کە هەرچۆنێک بێت وەک «ئەوی دی بوون» جوانەگا و بەران نامۆ نەبوو، ڕێی پێدەدام لێی نزیکبمەوە و دەستی لێ بدەم. کاتێک دەستم بەو یاڵەدا دەهێنا، لەبن دەستم هەستم بە ژیان دەکرد، کە هەندێکجار بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر شلک و نەرم و لوس، جاروبارە بەشێوازێکی حەپەسێنەر زبرو ئاڵۆزبوو، وای دەنواند کە گوایە خودی توخمی

ژیـان لـەبن دەسـتـمـدابـوو، کـە خـودی «مـن» نەبوو، بە دڵنیاییەوە هاوشێوەشم نەبوو، شتێک بە شێوەیەکی مەلموس «ئـەوی دیکە» بوو، نەک تەنانەت «یەکێکی دیکە»، بەڵکو خودی «ئەوی دیکە» بوو، هاوکات ڕێی پێدەدام لێی نزیکبمەوە، متمانەی پێدەکردم و لە بناغەوە پەیوەندی «تۆ» و «تۆ»ی لەگەڵ دەبەستم. ئەو ئەسپە، تەنانەت پێش ئـەوەی جۆ بکەمە ئاخوڕەکەیەوە، بەوپەڕی ڕەسانەیەتی سەرە زلـەکـەی هەڵدەبڕی و دەیپڕماند و گوێکانی دەلەقاند، وەک پیلانگێڕێک کە هێمایەک دەدات و دەیەوێت تەنیا هاودەستەکەی دیاریبکات، ئاوەها قبووڵی دەکردم.

بـووبـەر پێش تـەواوکـردنـی قوتابخانەی دوانـاوەنـدی، کـەوتـبـووە ژێرکاریگەرییەکی زۆری کانت و نیچەوە. تـەنـانـەت بـە زمانی پۆلەندی دەستیکردبوو بە وەرگێڕانی (وەهای وت زەردەشـت)ی نیچە، پاشان دەیگێڕایەوە کە چۆن تیۆری نیچە لەبارەی زمان، لەجیاتی «گـەڕانـەوەی سـەرمـەدی»، کـاریـگـەری بەسەریەوە هەبووە، ماوەیەکی زۆر نەیهێشت

سەرنج لە هیچ تیۆرێکی دیکەی زمان و سەرمەدی بدات. پێویستە ئەوەی بۆ زیادبکەین، بێگومان شێوازی نیچە کاریگەری بەسەر کتێبی من و تۆی بووبەرەوە بەجێهێشت و هەرئەو شێوازەیە، کە تاڕادەیەک هۆکاری غوربەت و هاوکات دڵڕفێنییەکە و زۆربەی خوێنەران لە یەکەم بەرکەوتنیان بە من و تۆ، ئەزموونی دەکەن.

**سەردەمی خوێندن**

کاتێک بوبەر لە پاییزی 1896 لە زانکۆی ڤیەننا ناوی خۆی تۆمارکرد، ڤیەننا جیهانی مرۆڤە بەشەوق و ئازادەکانی وەک ماڵی خۆی دۆزییەوە. هەرچەند ڤیەننا سەردەمێک شارێکی رۆمانتیکی بوو، بەڵام ئەوکاتە لە کۆتایی سەدەی رابردوو دابوو. بە گوزارشتی هانس کۆهن: (کولتوری ڤیەننا ئەوکاتە میراتگری فەلسەفەی کامڵ بوو، زۆر بایەخی پێدەدرا... ئەو کولتورە رۆمانتیزمی بوێرو رەندی ئاوێتەبوو بەتایبەتمەندی نەرمونیان و ژنانە). پێکهاتەیەکی نامۆ و دڵڕفێنی بە کەیف و راستەقینەی هەبوو

کە لەبنەڕەتدا لە گۆرانی و میوزیکدا دەردەبڕدرا، پێکهاتەیەک کە جیهانی باو پێی نامۆ بوو. ریلکە لە بەرایی کاری هوگۆ ڤۆن هۆفمان ستاڵ»شاعیر و شانۆنامەنوس، لە ڤیەننا لە دایکبووە و سەرەتا بە شیعری نوێ - رۆمانتیکی، پاشان بە شانۆنامەکانی سەرنجێکی زۆری بۆخۆی راکێشا». لاوان نوێنەرانی ئەو رۆمانتیزمەی کۆتایی سەدەبوون. هەموو ئەوانە بۆ بوبەری لاو لە حوکمی تەرخانکراوی ژیان بۆ ئەدەب، فەلسەفە، مێژووی هونەر و شانۆ دابووە. ئەو کاتە رەگی جولەکەیی خۆی فەرامۆشکردبوو، بەڵام درێژەی نەکێشا و بە ئەنقەست رووی لە تاموچێژەکانی ژیانی ستایشکردن وەرگێڕا. هەرچەند تێکڕای ژیان و شێوازەکەی بە جۆرێک سەرسوڕهێنەرتر لەوە، کاری تێکرابوو.

سالەکانی خوێندکاری بەشێوازی لیبڕاڵانەی رابردوانی و لە شوێنی جیاجیا لەوانە ڤیەننا، لایپیزک، بەرلین و زوریخ بەڕێکرد. وردە وردە جارێکی دیکە سەرلەنوێ، نەریتی جولەکەیی خۆی دەرخستەوە. هەرلەو بارودۆخەدا هاوسەرگیری لەگەڵ پاولا وینکلەر کرد، کە

خوێندکارێکی ئەڵمانی خەڵکی مونیخ و خاوەن زەوقێکی ئەدەبی زۆربوو (پاشان بەناوی خوازراوی گیۆرگ مونک دەی نووسی). یەکەم بەرهەمی بوبەر وتارێک بوو لەبارەی نوسەری عارفی ئەڵمانی جاکوب بومە. ویلهێلم دیلتای و گیۆرگ سیمێل لە کارتێکەرترین مامۆستاکانی بوبەر بوون لە بەرلین، بەڵام هەرچۆنێک بێت رەگی بوبەر پتەو و تۆکمە بوو.

بوبەری لاو و خوێندکار، یەکەمجار بە هۆی جوڵانەوەی زایۆنیزم بارودۆخی خۆی وەرگرت. لە 1901 بووە هەڵەچنی گۆڤاری زایۆنیزمی «جیهان - Die Welt» لە ڤیەننا، بەڵام لەو کارە بەردەوام نەبوو، چونکە ناکۆکی توونە لە نێوان تیۆدۆر هرتزل»1904 - 1860» رابەری زایۆنیست، لەبوداپست لەدایکبوو، لەڤیەننا قازی بوو پاشان رۆژنامەنووس و شانۆنامە نووس بوو. یەکەم کۆنگرەی لە بارەی وڵاتی دایکی جولەکەکان سازکردو بۆخۆی بووە یەکەم سەرۆکی دامەزراوەی زایۆنیست» سەرۆکی جوڵانەوەی زایۆنیستی و بوبەری لاودا هەبوو. دوای کەمتر لەساڵێک بوبەر

چووە بەرلین. لەوێ بە هاوکاری هەندێک لە هاوڕێیانی، دامەزراوەیەکی چاپوبڵاوکردنەوەی جولەکەی بەناوی «سەنتەری بڵاوکردنەوەی جولەکەیی» دامەزراند، کە هانس کۆهن وتوویەتی»جوڵانەوەی نەتەوەیی جولەکە لە ئەوروپای ناوەند، بە هۆی بڵاوکراوەکانی ئەو سەنتەرەوە سەریهەڵدا».

**کاریگەرییەکان**

بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو، کە قۆناغێکی جیاوازی دیکە لە گەشەی هزری بوبەر دەرکەوت. بوبەر لە پابەندییە نوێیەکەی چالاکانە هەوڵیدەدا وەک بناغەی واقیعی جوڵانەوەی زایۆنیست، گیان و کولتوری نەتەوەی جولەکە راڤەبکات و تێیدا قووڵبێتەوە، بە گشتی دەستی لە هەموو چالاکیەکانی دەرەوەی خۆی هەڵگرت. وەک بڵاوکەرەوە و گەشەپێدەری هزرەکانی زایۆنیستی، لە ژیانی سیاسی دورکەوتەوە، هەمان ژیان کە پێدەچێت رێگاکەی لەوێوە دەستی پێکردبێت. بۆ ماوەی پێنج ساڵ، 1904 تا 1909ی بۆ لێکۆڵینەوە لە دەق و نەریتەکانی

حەسیدیزم تەرخانکرد، پاشان نووسی»لێرەدا، لە چیرۆکی حەسیدیزم، بە تەواوی هزری مرۆڤم ناسی و هەر لەو بارەدا هەستم بە پێویستی روونکردنەوەی کرد بۆ جیهان». کاتێک سەرنج لە نەریتی حەسیدی و ماناکەی بۆ بوبەر بدەین، دەبینین ئەو نەریتە کاریگەری بونیاتنەر و بنچینەیی لەسەر ژیانی بوبەر هەبووە.

جێگەی سەرنجە یەکەم کاری گشتی بوبەر دوای سالانی گۆشەگیری، تارێک بوو لەبارەی جولەکە کە بۆ کۆمەڵگەی خوێندکارانی جولەکەی بارکوخبا (سیمۆن بارکۆخبا «مردنی 130ی زایینی»: ناوی کریستیانی شیمۆن بارکۆسیڤا، سەرۆکی دواشۆڕشی، جولەکە لەبەرامبەر رۆم «135 – 132». سەرەنجام بارکۆڤا لە 135زایینی کوژرا. 1960 بەشێک لە نامەکانی لە ئەشکەوتێکی نزیک دەریای مردن دۆزرایەوە – و. ف) لە زانکۆی لاهای لە حوزەیرانی 1909 نووسی. لەوانە فرانتز کافکای(«1883 – 1924»، رۆمان نووس و لەپراگ لەخێزانێکی ئەڵمانی لەدایکبووە) بەدوای خۆیدا هێنا. پەیوەندی دەروونی و بەرامبەرێتی

توندی نێوان هزرەکانی بوبەر و بەرهەمەکانی کافکا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردترە.

بوبەر لە 1916 تا 1924، هەڵەچنی گۆڤاری جولەکە بووە، کە بۆ بەرەوپێشبردنی راستییە بابەتی و کولتوریەکان دایمەزراندبوو، بنەمای ئیلهامی سیاسی زایۆنیزم بوو. لە 1926 تا 1930 لەگەڵ جۆزێف ویتیگ و ڤیکتۆر ڤۆن وایتزکەر هەڵەچنی گۆڤاری «داهێنان – Die Creature» بووە کە تایبەت بوو بە مەسەلە هاوبەشەکانی نێوان ئاینە جیاجیاکان، بەڵام گرنگترین دیداری خودی ژیانی بوبەر لە سەرەتای سەدەی بیستەم بوو. دیداری لەگەڵ فرانز رۆسین وید (:Franz Rosinweed) 1886 – 1929»)»، وتارخوێنی جولەکە، لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، سەرەتا پزیشکی خوێندووە، پاشان رووی لە مێژوو، فەلسەفەی نوێ کرد. سەنگەری لەبەرامبەر ئایدیالیزمی ئەڵمانی گرت و لێڕوانینی ئەگزیستانسیالیستی خستەڕوو، کە جەخت لە پەیوەندی و ئەزمونی کەسی دەکاتەوە. لەساڵی 1913 ئەزمونییە ئاینیەکەی وایکرد جولەکەبوونی خۆی بخاتە ژێر

جەختکردنەوەوە و باقی تەمەنی بە لێکۆڵینەوە لە جولەکە و کارپێکردنی بەڕێبکات - و. ف) لە تشرینی یەکەمی 1920 لە فرانکفۆرت، لە ماینس سەرۆکی خوێندنگای ئازادی جولەکە بوو. رۆزن توسوایگ بیرمەندێکی بەناوبانگ بوو، جولەکەیەکی لە سەدا سەدو هاوکات بانگەشەکەری ئەوەی ئەمڕۆ بە ئەگزیستانسیالیست دەزانرێت. بەرهەمە گرنگەکەی ئەستێرەی رزگاری لە ساڵی 1921 بڵاوکرایەوە. بەشی زۆری ئەو کتێبە لەسەر کارتی دیاری نوسرابوو کە لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەنگەرەکانەوە نێردرابوو. بوبەر لەگەڵ رۆزن توسوایگ، کتێبی پیرۆزیان کردووە بە ئەڵمانی و ئەو هاوکارییە تا کاتی مردنی ناوەختی رۆزن توسوایگ لە ساڵی 1924 بەردەوام بوو، پاشان بوبەر بە تەنیا درێژەی بەم کارەی داو لە کۆتایی تەمەنی تەواوی کرد. لەو کارەدا بەدوای ئامانجێکی تەواو ئاشکراو روون دەکەوتن، کە بریتی بوو لەوەی خوێندکارانی خوێندنگەی ئازادی جولەکە، نەریتەکەیان بناسێنن کە بە تاکە زمانێکییان

دەزانی. ئەوە بەشی سەرەکی هاوفکری بوو لە کاری جێگیر و بەردەوامی پەروەردە و خوێندن، کە لە ڕەهەندی جێگەی سەرنجدا گەشەیکرد. ئەو پەروەردە و خوێندنە کاریگەری بەسەر جولەکەکانی ئەڵمانیا و لە ڕێگەیانەوە بەسەر شێوازی حکومەتی زایۆنیزمی داهاتووی فەلەستینەوە هەبوو.

**چالاکییە زانکۆییەکان**

بوبەر لە ساڵی 1923 بوو بە مامۆستای مێژووی ئاین و ئەخلاقی جولەکە لە زانکۆی فرانکفۆرت، کە ئەوکاتە ئەو کورسییە لە ئەڵمانیا و لە هەموو وڵاتێک ناوازە بووە، پاشان ئەو وانەیە درێژەی کێشاو کرا بە مێژووی ئاینەکان. ساڵی 1923 حزبی نازی لە پۆستەکەی دووریخستەوە. لەو کاتەوە تا ساڵی 1938 لە ئەڵمانیاو لە کوێرە دێی هیپن هایمی بیرگ ستراسس ژیاو بەبێ هەرجۆرە هاوکاری و هاندانێک، سەرەتایەکی بۆ جولەکە هاونیشتمانیەکانی لە ئەڵمانیا ڕەخساند. ساڵانی گۆشەگیر و قووڵبوونەوەی بوبەر،

بەرهەمەکەی بەرهەمهێنان: توانی فێریانبکات وەک جولەکەیەک پتەو و خۆڕاگربن و وەک راستییەکی مێژوویی بانگهێشتی خۆیان، ئازار و مەینەتییەکەیان بناسن.

لەوکاتەدا تەمەنی 60 ساڵ بوو. رەنگە وا پێبچێت، کە گوایە زەمەن دەڕوات و ئەو کوڕیژگەیە ئێستا دەیتوانی لە گۆشەیەکی زایۆنیزمی نوێ ئاسودەبێت، کە لە شارۆچکەی «سالیسیا» گوێی لە چیرۆکەکانی «زەدیکیم» دەگرت، کە قۆناغی گەورەترین چالاکییەکانی بوبەر دەستپێدەکات. دیارە بە مانایەک، بەوشێوەیەی کە بۆخۆی دوای شەڕ لە نامەیەکدا بۆی نووسیم، تەنیا ئەو شتانەی نوسیووە، کە لە مێژبوو لە زەینیدا چاوەڕوانییان دەکرد بنووسرێن. بوبەر بە ئاڕاستەی تۆقاندن و ترسناکی سەرچاوەگرتوو لەجەنگی دووەمی جیهانی و راستی تاڵی بەگژداچوونەوەی جەنگی سێیەمی جیهان – جەنگی سەربەخۆیی جولەکە لە ساڵی 1948 – هەڵوەدای رەوتێکی گونجاوبوو، بوبەر بەردەوام هەوڵیدەدا لە هیۆمانیزمی عیبری راستەقینە بکۆڵێتەوە، شتێک کە لە

ڕوانگەیەوە یەکسان نەبوو بە نەتەوەخوازی گشتی، بەڵکو چەمکی مامەڵەو هاوکاری نێوان عەرەب و جولەکەی لە فەلەستین لەخۆگرتبوو، بۆیە بە سەبر و پشودرێژیەوە هەوڵیدەدا لە ڕێنمایی ڕەوتە زۆر لێکجیاکان بکۆڵێتەوە، کە جولەکە پەڕاگەندەکانی بۆ تاکە سەرچاوەی هاوبەش و ڕاستەقینەی ئەوان دەگێڕایەوە، واتە کتێبی پیرۆز.

دەکرێت لەدوا شیکاردا بە دروستی پیشانی بدات کە زۆرترین کاریگەری بوبەر، چ لە ئەڵمانیاو چ لە ئسرائیل، وەک مامۆستای زانکۆ و تەنانەت بەهۆی خستنەڕووی نوسراوەکانی هزری بنچینەیی ژیانی مرۆڤ نەبوو. زۆرترین کاریگەری لەڕووی ئەوجۆرە پەروەردە و خوێندنەوەبوو، کە لە قوتابخانە و زانکۆ، تەنانەت ڕێکخراوی پەروەردە و خوێندنی بە تەمەنەکان تێدەپەڕێنێت و پێیخۆشبوو کە دەچێتە دەسەڵاتی تاکەوە. بوبەر وەک کیرکەگۆر کە دەیناسی و خۆشیدەویست و هاوکات ڕەخنەی توندی لێدەگرت، وەک تاک لێیکۆڵیەوە و بیریکردەوە و بابەتی نووسی، واتە بەناوی

مرۆڤێک کە ئامادەیە لە هەراوزەنای ئاپۆرەدا، لە رەسانەیەتی بابەتێتی ناسکاری خۆی بەرە و ژیانی پڕاوپڕ لە باوەڕ بپەڕێتەوە.

(خوا لەهەمووشتێکدا دەبینرێت و دەکرێت بە هەموو کارێکی بێخەوش پێی بگەی). بوبەر وەها رێنماییەکانی مەزهەبی حەسیدیزمی کورتدەکردەوە. بەو باوەڕە ژیاو بەو باوەڕە دوای تەمەنێکی دوروودرێژ و پڕشانازی مرد).

بە گێڕانەوەی دوو وتە کۆتایی بە کورتە لێکۆڵینەوەی ژیانی دەهێنم. یەکەم گێڕانەوەی وتارێکی بوبەرە، کە ساڵی 1953 لە فرانکفۆرت بەردانگ بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەنتەری کتێبی ئەڵمانیا بە بۆنەی پێدانی خەڵاتی ئاشتی بەو ئەنجومەنە خوێندییەوە. بوبەر باسی قەیرانی مرۆڤ - قەیرانێکی کرد، کە شەڕی لەسەدا سەدی بەدوا دابوو -، شەڕێک کە ترس و تۆقاندنی لەگەڵ بوو، ملیۆنان کەس لە نەتەوەکەی کۆمەڵکوژی کران. باسی ئاشتی ناواقیعی ئێستای ئێمەشی کرد. پێشگریمانەی بنەڕەتی متمانەی نێوان مرۆڤەکان نەماوە، بۆیە بوبەر وتی» سەرەڕای هەموو ئەوانە لەو

باوەڕەدام، کە نەتەوە و میللەتەکان لەم کاتەدا دەتوانن پێکەوە گفتوگۆ، گفتوگۆی پوخت، تەنانەت کاتێک دژی یەکترن، وەک «ئەوی دیکە»یەکی هەبوو، پشتگیری دوژمنەکەی خۆیان دەکەن و پشتڕاستی دەکەنەوە. گەرچی ناکۆکی و دژایەتی لە جیهان ناچنرێتەوە، بەڵام تەنیا بەم پێیەیە کە دەکەوێتە بەردەم راو بۆچوونی مرۆڤ و بەم شێوەیە دەگاتە خاڵێک کە شکستدەخوات.

دووەم گێڕانەوە لە یاداشتەکانی خۆم وەرگیراوە. ئەو یاداشتانەی کە پاش ئەوەی بەدرێژایی رۆژێکی دوروودرێژ بۆ وەرگێڕانی وتارێکی بوبەر بۆ ئینگلیزی راوێژم پێکرد و هاوکاری بووم، ئەنجامدراوە. بوبەر تازە لە سەفەری ویلایەتە یەکگرتووەکان گەڕاوەتەوە و شیتوشەیدای یادەوەریەکانی ئەو سەفەرەبوو. کورتە چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە، کە لە تاکسیەکدا لە نیۆیۆرک رووی دابوو. بەهۆی زۆربڵێیی شوفێری تاکسیەکە، بەم شێوەیە گفتوگۆیەک لەنێوان ئەو و بوبەر ئەنجامدرابوو:

شوفێر: لە وتارێکدا کە کەسێکی سەیر

نوسیبووی خوێندمەوە تۆ نابێت توڕەبی، بەڵکو دەبێت بە پشوو درێژی و بە ئاشتی ناکۆکیەکانت لەگەڵ کەسانی دیکە چارەسەربکەی.

بوبەر: ئەشهەدو.

شوفێر: ئەو پیاوێکی سەیر بوو، سەربە 700 ساڵ لە مەوپێش.

بوبەر: ماوەیەکی چەند دوروو درێژە.

شوفێر: بەڵێ، ناوی فرانسیس بوو.

بوبەر: منیش دەی ناسم و دەتوانم زۆر چیرۆکت لەبارەیەوە بۆ بگێڕمەوە.

ئەوکاتە هەردووکیان بەیەکەوە باسی فرانسیسیانکرد، تا سەرئەنجام بوبەر گەیشتە ئەو کتێب فرۆشیەی مەبەستی بوو. کەمێک دوای رۆیشتنی شوفێرەکە و دوورکەوتنەوەی تاکسییەکە، بوبەر هەستیکرد، کە بەرگی چاویلکەکەی لێ بەجێماوە. پێش ئەوەی بوبەر لەم بارەیەوە هیچ بکات، دووبارە سەروکەلەی شوفێری تاکسییەکە دەرکەوتەوە، کە بەرگی چاویلکەکەی بەدەستەوە بوو. بوبەر وتی « کوڕی باش»، شوفێرەکە لەبەردەم هەمووان بۆ ساتێک سەری کردە سەر شانەکانی بوبەر و بەم شێوەیە باوەشییان پێکداکرد.

**رامان**

چاپی کۆ بەرهەمەکانی مارتن بوبەر بە زمانی ئینگلیزی، تەنانەت چاپی ئەڵمانی کۆبەرهەمەکانی نییە، کە لە ساڵەکانی 1962 و 1964 لە سێ بەرگی ئەستوردا بڵاوکرایەوە و لە 3500 لاپەڕە زیاتربوو. بەتایبەت وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز لە زمانی عیبرییەوە بۆ زمانی ئەڵمانی بەجیا بڵاودەکرایەوە، کە بوبەر لەگەڵ فرانتز رۆزەن زوایگ لە ساڵی 1925 دەستیپێکرد و لەدوا تەمەنی خۆی تەواوی کرد. زۆر بڵاوکەرەوە دەقێکی بوبەریان بڵاوکردۆتەوە، کە لە ماوەی ئەوساڵانەدا، بەتایبەتی دوای 1945، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە. هەندێکجار دەقێکی زیاتر لە وەرگێڕانێک هەیە و جاروبارەش پەرەگرافێک لە بەرگی جیاواز دا بڵاوکراوەتەوە. بوونی کۆ کتێبناسی بەرهەمەکانی بوبەر زۆرباشە. کاملترین کتێبناسی مارتن بوبەر، ژیان بە دیالۆگ (1955)ی مۆریس فریدمانە، بەڵام بەهەمانجۆر کە بوبەر بۆخۆی لە پێشەکی یەکەم بەرگی چاپی ئەڵمانی بەرهەمەکانیدا

دەڵێت، شوێنەوارێک لە بەرهەمەکانی نییە کە بتوانی ناوی بنێی کۆبەرهەم، واتە بەرهەمێک کە ئاماژەی بە دەرەوەی خۆی نەکردبێت. ئەمە وادەگەیەنێت کە رامانی بوبەر پەیوەندی بە کارەکانییەوە هەیە، ئەوان شێوەبەندییان کردووەو روونیدەکاتەوە، هەروەها مانایوایە بەرهەمەکانی یەکگرتوویەکی هاوپێوەندییان هەیە و بەمەش دەکرێت بەشێکی راڤەکراو بدۆزییەوە، کە هەموویان پێکەوە ببەستێتەوە، بەڵام ئەوکارە ئاسان نییە، چونکە شێوەی لکانی رامانی بوبەر، بەجدی لەدەسەڵاتەکانی یەکتری وەردەگیردرێن. ئەگەر ئەو دەسەڵاتانە تەنیا بە باسکردنی بەناوبانگترینیان رازیبین، بریتین لە: سۆسیۆلۆجیا، دەروونناسی، پەروەردە و خوێندن، رەخنەی کتێبی پیرۆز و کەلام، سەرەڕای ئەوە دروست نییە بوبەر ناوبنێین سۆسیۆلۆجی، یان مامۆستا یان دەروونناس، تەنانەت ناکرێت بە کۆمەڵەیەک لە مانەی بزانی، هەروەها پەسندنییە کە لەبارەیەوە هەوڵبدەین و ریزێک وشەی کۆنینەی لە جۆری «پێغەمبەر»، یان «حەکیم»، «یان

غەیب بێژ» زیندوبکەینەوە، چونکە ئەو وشانە نیشانەی یەکگرتوویی تێگەیشتنێکە، کە لە نێوان سیستمە فکریەکان پەسندیدەکەن، ئەولەویەتەو بەپێی هەمان جیهانی پێکەوەلکاو مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بوبەر بۆخۆی دەستنیشانی جیاوازییەکان و قبووڵییان دەکات، لانیکەم بەم رادەیە کە دروستی سنورداریيان هەڵبسەنگێنێت و بە ئاماژە و سەرنجدان بە ئەودیووی ئەوان بەکاریانبهێنێت، واتە رامان لە بەرامبەر رامانی ناوەخت، یان رامانێکە کە تەنیا دژە کۆنینەیە. بوبەر لە بنچینەدا لە جیهانی نوێدا دەژی و هەربەو هۆیە لە توانایدایە رێگەکانی دەرەوەی قەیرانەکانی رامان و کار بناسێنێت.

مرۆڤ بە سەرنجدان بە یەکپارچەییەکەی

دەبێت بە کەمێک گومانەوە بڵێین وەسفی پڕبەپێستی تێکڕای رۆڵی بوبەر، رۆڵی مرۆڤ ناسییە، چونکە لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لە مرۆڤ نەک لەڕووی پەیوەندی جیاجیایەوە، بەڵکو سەرنجدان بە یەکپارچەییەکەی، بەسەرنجدان بە توانای یەکپارچەیی بوون، کە بەڕووی مرۆڤدا کراوەتەوە. لێرەدا پڕۆفیسۆر جۆن مەک

مورای جیاوازییەک دەکات و ڕەنگە ئاماژە بە بەکارهێنانی ئینگلیزی باوی وشەی مرۆڤناسی بکات، کە زۆربەی خاڵەکانی رامان، بەزەقی دەکەونە بەرامبەر راکانی بوبەرەوە. لە بەرگی دووەمی کتێبی کۆمەڵەی وتارخوێنییەکانی خۆی، بە شانازی گیفۆرد دەنوسێت:

(...کاتێک لەڕووی راستی و وەک بوونەوەرێکی کەسی لە «خود» دەکۆڵینەوە، کارەکەمان لێکۆڵینەوە نییە لە مرۆڤناسی. مرۆڤناسی زانستێکە و لێکۆڵینەوەی زانستی، تەنیا بابەتییە، هەر باسێکی بابەتی وەک پێویست نا کەسییە.)

بەوجۆرە پرۆفیسۆر مەک مورای لە درێژەیدا دەڵێت «هەرتیۆرێکی بوونی کەسی» مەسەلەیەکی فەلسەفییە نەک مرۆڤناسی، بەمەش ئەگەر بوبەر ناوبنێین مرۆڤناسی فەلسەفی، لەوانەیە رووبەڕووی رەخنەی مەک مورای ببینەوە. هەرچۆنێک بێت بوبەر بە مرۆڤ و بە راستی ژیانی کەسی سەرنج بەوە سەروکاری هەیە، کە راستی ژیانی کەسی بریتییە لە پەیوەندیکردن و ئەو پەیوەندی

کردنە گشتگر و هەمەگیرە، کە باڵادەستە بەسەر پەیوەندیەکانی بە رواڵەت دوور لێکتری دەسەڵاتە جیاجیاکان، بێگومان بوبەر وەک لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتی سەروکاری لەگەڵ مرۆڤناسی نییە، بەڵام لەلایەکەی دیکەوە نوێنەری هیچ جۆرە ئینتیمایەک، یان بابەتی جێگرتوونییە. لای هیچ گروپێک، کەسایەتییەکی خۆشەویست نییە، کە بەگوێرەی تیۆرێک پێشتر لەبارەی خوا، یان جیهانەوە دەی زانن و دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەیان، یان دەرهەق بابەتی جێسەرنجییان دەبێت چاوەڕێی چ بکەن و دەبێت چ شتێک ئەنجامبدرێت. هەرگیز بوبەر بەدوای ئایدۆلۆژیەکەوە نییە، کە هەوڵبدات داهاتوو بونیادبنێت. ئەو لەودیوو هەرجۆرە مەسەلەیەکەوەیە کە پشتڕاستکردنەوەی بابەتی شایانی دڵنیایی بێت، بەڵام بەو بەڵگەیە وەهایە کە لە خوارەوە دەبینێت. لە یەکەم بەرهەمیدا چیرۆکێکی تایبەتی هاتووە:

دەگێڕنەوە کە خوا ئیلهامی بە کەسێک کرد، کە لەنەکاو زەویەکی تەڕوتازە بکاتە بیابانێکی کاکی بە کاکی. لەو وڵاتە ئاوارە و سەرگەردان

بوو، تا گەیشتە دەروازەکانی رازونهێی. لە دەرگای داو لە ژوورەوە دەنگێک هات کە (تۆ لێرە چت دەوێت؟) وتی (ستایشی تۆم لە گوێی مرۆڤی فانیدا خوێندەوە، بەڵام ئەمان ئامادەنەبوون گوێ لە قسەکانم بگرن، بۆیە هاتمە لای تۆ، کە رەنگە تۆ گوێ لە قسەکانم بگری و وەڵاممبدەیتەوە). لە ژوورەوە دەنگێک هات کە (بگەڕێوە، لێرە گوێیەک نییە گوێ لە قسەکانت بگرێت. بیستنی خۆم خستۆتە کەڕی مرۆڤە فانیەکانەوە).

بەردانگی راستەقینە لەلایەن خواوە، مرۆڤ بەرەو بارەگای قسەی زیندو رێنمایی دەکات، لەوێ کە دەنگی بوونەوەرەکان، یەکتری دەدۆزنەوە و لە هەمان دۆخدا یەکتری لە دەستدەدەن، دەتوانن هاوبەشی سەرمەدی بەدەستبێنن.

لێرەدا بوبەر سەرنج لەو خاڵە تایبەتییە دەدات، کە تەنیا لەوێ مرۆڤەکان بەیەکەوە دەدوێن، بە دەربڕینێکی وردتر ئەوێ کە مرۆڤەکان، گەرچی تەواو سەرکەوتوونین، هەوڵدەدەن گوێ لەقسەی یەکدی بگرن،

دەتوانن بە دروستی قسەی خوا ببیستن. ئەگەر لەئێستادا واز لە ئاڵۆزی قووڵی رامانی بوبەر لەبارەی خوا بێنین، دەتوانین سەرنجبدەین کە ئەو بەدوای تێگەیشتن و ناسینی مرۆڤەوەیە بە سەرنجدان و لە رێگەی چوارچێوەکانی ئەگزیستانس (بوونی) هەر رۆژێکییەتی. ئەو چوارچێوەیە واتا تەسلیم بوون بە سواوی و بێبنەمایی ژیانی باو نییە. بە پێچەوانەوە، بوبەر رایوایە تەنیا لە پێکەوەلکانی بە ئاشکرای ئەگزیستانس و لە «ئاسایی بوون»یانە، کە واقعیەت وەک واقعیەتی زیندو ئاشکرا دەبێت.

ئەوە بەخششێکی تایبەتی و زیرەکی میراتی حەسیدی بوبەرە. وتنی ئەو قسەیە زۆر گومڕا نییە، کە ئەفسانە و رێنماییە ئاینیەکانی حەسیدی، گەوهەرو شێوازی تەواوی بەرهەمەکانی بوبەر دەرەخسێنێت. بە بێ کەمێک ئاشنابوون بەجوڵانەوەی حەسیدی، ناشێت هیچ جۆرە تێگەیشتنێکی تەواومان لە رامانی بوبەر دەستبکەوێت. ئاینی حەسیدی ناونیشانی جوڵانەوەیەکی ئاینیە کە لە سنوری سەدەی هەژدە، یەهودییەتی

ئـەوروپـای خـۆرهـەڵاتـی داگـرت. پـەیـڕەوانـی ئەو ئاینە کەسانێکن سوورن لەسەر بەڵێن و تەرکەدنیاییان. بوبەر لەبارەی ئەو جوڵانەوەیە دەنـوسـێـت» لـەسـەدەیـەکـدا جولـەکـەکـانـی پێگەیشتووی تێنەگەیشتوی ئۆکراین و هۆڵندا گەورەترین دیـاردەی رۆحییان هێنایەبوون، ئەو دیاردەیە کۆمەڵگەیەک بوو، لەگەڵ باوەڕی خۆی دەژیا» لەڕاستیدا رابەرانی ئەو کۆمەڵگەیە کـە زەدیـکـیـم، واتـە مـرۆڤـە پـیـرۆزەکـان، یان راستگۆ ناودەنران، کە بەرگەی تاقیکردنەوەیان گرتووە، مرۆڤەکانی لە تاقیکردنەوە دەرچوو، مـریـدانـیـان پەلکێش و کۆمەڵگەی گچکەیان دامەزراند. کاتێک بوبەر بڕیاریدا ئەو کۆمەڵگەیە لە گالیسیا (ناوچەیەکە لە باشوری خۆرهەڵاتی هۆڵنداو باکوری خۆرئاوای ئۆکرایین) بناسێت، تاڕادەیەک ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو داڕماوی بوو. سـەرەڕای، دەیتوانی لە گرنگییان بگات. ئەو جوڵانەوەیە بەو مانایە عیرفانی نەبوو، کە لە جیهانی ئاسایی و هەر رۆژێک داببڕێت، یان کولتوری نـاوەوەخـوازی، تەرکەدنیا یان پەرە بە رۆحانیەتی تاکی بدات. بە پێچەوانەوە بە

لێکدانەوەی بوبەر، (روانگەی تەواو کەسی باوەڕێک ئەو کۆمەڵگایە پێکدەهێنێت، کە خودی ئەو ژیانە راستدەکاتەوە). ئەو کۆمەڵگەیە سیستمێکی جدی و دابڕاو نییە لە جیهان، بەڵکو لە جیهان لەگەڵیدا دەژی. هەرئەو ژیانە لە جیهان و لەگەڵ جیهان، ناوەڕۆکی ئاینی حەسیدییە: (ئەرکی مرۆڤ، ئەرکی هەر مرۆڤێک، بەپێی رێنماییەکانی حەسیدی ئەوەیە، کە لەبەرخاتری خوا، جیهان و خۆی پشتڕاست بکاتەوە و هەر لەو رێگەیەوە هەردووکییان بگۆڕێت.)

بەلێکدانەوەیەکی دیکە، تایبەتمەندی زانراوی ئەو کۆمەڵگە باوەڕییە بریتییە لە «پیرۆزکردنی ژیانی رۆژانــە»، چونکە ئەو تایبەتمەندییە بە شێوەیەکی تایبەتی، نەک تەنیا بە شێوەی رێنماییەکی نوێ دەخرێتەڕوو، بەڵکو وەک راڤەیەکی زیندو و پێکەوەلکاو بەسەر نەریتی نەپساوی جولەکەییدا دەردەکەوێت. تاڕادەیەک بوبەر بۆخۆی بەدرێژایی تەمەنی چیرۆکە بەمیرات ماوەکانی ئاینی حەسیدی کۆکردەوە، تەنانەت بەرهەمەکانی وەک دەڵێن فەلسەفی دیکەی، وەک من و تۆ، بە شێوەی خەیاڵی و

شێوازی جوڵانەوەی حەسیدی دارێژراوەتەوە. ئەوە تەواو راستە کە بوبەر بە هاوکاری گیانی داهێنەرانەی خۆی شێوەو شێوازی ئەو نەریتەی گۆڕی، بەڵام پێموانییە ئەو نەریتەی چەواشە کردبێت. دوو نمونە لە کارەکانی دەخەمەڕوو:

یەکەم نمونە، لە کۆمەڵە گرنگەکەی بەناونیشانی «ئەفسانەکانی حەسیدی»ە. رەبی جیزچاکی خەڵکی سکویرا، نەوەی رەبی ناهوم، ئەم چیرۆکەی خوارەوە دەگێڕێتەوە:

لە شارۆچکەیەکی نزیکی چرنۆبێل، دەمەو ئێوارەی رۆژی شەممە، هەندێک لە پەیڕەوانی ئاینی حەسیدی لەگەڵ شاژن دانیشتبوون نانییان دەخوارد. ئەمانە مرۆڤی تەرکە دنیاو راستگۆ بوون و باسی حیسابێکییان دەکرد، کە دەبێت گیان بیداتەوە. ئەمان لەکاتی ترسان لە خوا و خۆ بەکەم زانین، پێیانوابوو کە بەجۆرێکی مەخابن تاوانییان کردووە و لەسەر ئەو خاڵە هاوڕوابوون، کە هیچ تروسکاییەک شک نابەن و تاکە سێبوری بەخششییان ئەوەیە، کە بچنە پاڵ ئەڵقەی زەدیکی (رابەری ئاینی جێ متمانەی جولەکەبوونە، کە لە روانگەیانەوە هۆکاری

پەیوەندییە بە خواوە) گەورە، رەبی ناهومەوە. ئەو پەروەردە و رزگارییان دەکات. سەرباری ئەوانە هاوبڕوابوون، کە دەبێت یەکسەر بچنە لای مامۆستاکەیان، بۆیە هەستان و چوون بۆ چڕنۆبێل، بەڵام هەمان رۆژی شەممە، باپیرەم لە ماڵی خۆی دانیشتبوو بیری لە حیسابێک دەکـردەوە، کە دەبێت گیان بیداتەوە. ئەویش لەکاتی ترس و خۆبەکەم زانین پێیوابوو، مەخابن تـاوانـی کـردووە و تاکە هـیوای ئـەوەبـوو کە پەیڕەوانی ئاینی حەسیدی بەوجۆرە بە شەوق و بەکەیفن بۆ خوا، بچنە پاڵ ئەڵقەکەی و لوتفێکی گەورەی پێ بکەن. بەرە و ماڵەکەی خۆی رۆیشت و تەماشای دەرەوەی کرد، کە پەیڕەوانی لەودا دەژین و دوای ماوەیەک کە راوەستابوو ئەوانی بینینی دەهاتن. «لەوکاتەدا» – رەبی ئیزچاک بەمچەشنە کۆتایی بە چیرۆکەکەی خۆی هێنا – «دوو کەوانە بۆ دروستکردنی ئەڵقەیەکی تەواو چوونە پاڵ یەکەوە».

ئاشکرایە ئـەوجـۆرە چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمێک، کە لەسـەردەمی ئێمەدا کەمتر بڵاوبوونەتەوە و زیاتر کەسی بوون، هەروەها

ئەو چیرۆکە، ئاماژەی چیرۆکی ئاکاری و مەعنەوی هەیە، کە پێشگریمانەی کۆمەڵگەیەکی باو و گوێڕایەڵ، هێشتا وەک کۆمەڵگەیەکی نەپساوەی جولەکەیی سەدەی هەژدە و نۆزدەی ئەوروپای خۆرهەڵاتە، بەڵام ڕاست نییە، کە پێمانوابێت ئەو چیرۆکە پەیوەندی بە زمانی خۆمانەوە نییە.

نمونەی دووەم: پەیوەندی بە خودی بوبەر خۆیەوە هەیە و لە ئەزموونی خۆی وەرگیراوە. لە کتێبێکی گیرفانی Zwiesprache (دوو وتار)دا کە ناوم ناوە گفتوگۆ، نوسیوویەتی. ئەو چیرۆکە ناودەنێت «دەمەتەقێیەک» و لە پێشەکیەکەیدا سەرنج لەوخاڵە دەدات، کە دابەشکردنی ژیان بۆ ژیانی ئاینی و ژیانی ڕۆژانە لە «ئەو» جیهان، دابەشکردنی ناڕاستە.

ئەوەی ڕوویدا شتێک نەبوو، جگە لەوەی نیوەڕۆی ڕۆژێک، کە سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە نوقمی ئارەزو و جەزمی عیرفانی بووم، پیاوێکی گەنجی نەناسیاو سەردانی کردم. بەوگومانەی ئەویش لەوکەسانەیە، کە خویان پێوەگرتووە بەوکاتەی ڕۆژ بەدوامدا بگەڕێن و گاڵتەم لەگەڵ

بکەن، زۆرم گوێپێنەداو هەرچەند بەئاگایی و کراوەییەوە لەگەڵیدا دوام، بەڵام خۆم لە گومانی ئەو پرسیارانە دزییەوە کە نەی کردن. ئەوەندەی پێنەچوو کە لەلایەن هاوڕێیەکی - مردو، چونکە لەشەڕ کووژرابوو - لە ناوەڕۆکی راستەقینەی ئەو پرسیارە گەیشتم و زانیم کە بە رێکەوت نەهاتبووە لام، بەڵکو چارەنوس، ناردبوویە لام نەک بۆ گەمەیەکی دۆستانە، بەڵکو بۆ بڕیاردان هاتبووە لام. کاتێک لە نائومێدیدا دەچینەلای کەسێک چاوەڕێی چیین؟ بە دڵنیاییەوە چاوەڕێین پێمان بوترێت هەرچۆنێک بێت، مانای هەیە.

لەمەودوا دەست لە ئاینێک هەڵگرم، کە جگە لە گۆشەگیری، خۆشحاڵی و شادی زۆر، شەوق و جەزم شتێکی دیکە نەبێت، یان ئەو دەستم لێهەڵبگرێت. ئیدی شتێکم نییە جگە لە ژیانی رۆژانە کە لێی ناچمەدەر. نهێنییەک نەماوە ئاشکرابێت، ئەو رایکردووە یان لێرە نیشتەجێ بووە، لە شوێنێک کە هەرشتێک چۆن روودەدات، وەها روودەدات. من هیچ کەماڵێک ناناسم، مەگەر کەماڵی بەڵێن و بەرپرسیەتی هەریەک لە کاتی تێپەڕبوو.

دەکرێت لێرەدا ببینین نەریتی حەسیدی لە جیهانێکدا بەکارهاتووە، کە کورتکراوەتەوە و بە زمانێکی دیکە وەرگێڕدراوە و لەو جیهانەدا تەواوی ئەوەمان پێدەدرێت کە لەڕووی توانای دیالۆگەوە لە ژیاندا هەیە. لێرەدا بوبەر وێڕای ئەزمونێکی راستەقینەی خۆی، دەربارەی بۆچوونی تێکڕایی دەرهەق ئەرکی مرۆڤ و چارەنوسی لە جیهاندا، ناعیرفانی، ئاگایانە و چوونەپاڵ شیدەکاتەوە. ئەوە قسەی سەرەکییەتی. لەڕاستیدا هەمان قسە لە رەخنەگرتن و روونکردنەوەی سیستمەکانی هزری نوێ زۆر دەڵێتەوە. ئێمە دەتوانین ئەو قسەیە بە هاتنەدی مرۆڤایەتی راستەقینەی مرۆڤ لە رێگەی دروستکردنی پەیوەندی رەسەنەوە کورت بکەینەوە، بەڵام روانگەی بوبەر ناتوانێت بەئاسانی قەناعەت بەجیهانی نوێ بکات و رێگەی خۆی تێدا ببڕێت. ئەو روانگەیە رووبەڕووی نەیاریەکی بەهێز بۆتەوە. بارودۆخی راستەوخۆی ئێمە لە تیۆرێکی وەک تیۆرەکەی ماکس شیلەردا،

به شێوازێکی راشکاوانەترو لەبارتر نەخشەی کێشراوە. دەنووسێت:

مـرۆڤ لـە زانسـتی مـرۆڤایـەتیدا لـە هیچ قۆناغێک هێندەی سەردەمی ئێمە، بۆخۆی بۆ مەسەلەیەک نەگۆڕاوە. ئێمە بەشەکانی مرۆڤ ناسی فەلسەفی، زانستی و وتاردانمان هەیە، کە ئاگایان لەیەک نییە، بۆیە ئێمە ئیدی بۆچوونی روون و تـەبـای مرۆڤمان نییە. ژمارەیەکی زۆروزەوەنــدی زانستی لاوەکـی زیاتر لەوە بۆتەهۆی ئاڵۆز و دژواربوونـی، کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە مرۆڤ و چەمکی مرۆڤ ئاشکرا دەکات.

روانگەی بوبەر لەو بارودۆخە ئاڵۆسکاوەدا، شۆڕشگێڕییە. ئـەو روانـگـەیـە، پەیماننامەو سنورەکانی ئاسایی تێکدەشکێنێت و سنور و تێفکرینی نوێ دیاریدەکات. ئەو روانگەیە لە بەرامبەر دەنگی ئاڵۆزی نوێ، کاری تازە سەرهەڵدراو دەناسێنێت. وەرگرتنی ئەوکارە تازە سەرهەڵدراوە بۆ زۆرێک زەحمەتە و بۆ ئەوانی دیکە، تیشکی راستەقینەی هەڵگرتووە، کە بەردەوام بە تاریک و نوتەکی تێیگەیشتوون.

هەردوو جۆری کەسەکان لەبارەی کاردانەوەی خۆیان لە بەرامبەر قسەکانی بوبەر دواندویانم: کۆمەڵێک دەڵێن راکانی بوبەر لێڵ و واق ورمێنەرە و کۆمەڵەکەی دیکە دەڵێن» ئەو رایانە ئیلهام و ئاشکراکردن و دیتنی شتێکە«.

**من و تۆ**

بە تێبینیکردنی بەرهەمی بەناوبانگ و سەرەکی بوبەر، واتە من و تۆ، دەکرێت باشتر رێ بۆ تێگەیشتنی وردی ماهییەتی ئەوکارە تازە سەرهەڵدراوە بدۆزیینەوە. کاریگەری جێگەی تێبینی ئەو کتێبە گیرفانییە، کە دزەی کردۆتە دەسەڵاتی زۆر جیاجیاوە و بۆتە کتێبی وتەکانی ژیان، ئاماژەی هێمای مەسەلەیەکە، کە روانگەی تازە سەرهەڵدراوی بوبەری بۆ سەردەمی ئێمە خستۆتەڕوو. ئەو کتێبە لەساڵی 1923 بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە و ساڵی 1937 بۆ ئینگلیزی وەرم گێڕاو بڵاوکرایەوە و لە ئەڵمانیا کاریگەری بنەڕەتی هەبووە، هەرچەند کاریگەری لە سەردەمی رژێمی نازی بە ئاڵۆز بزانین. لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی

هزرەکانی بوبەر بە مەسیحیەت دەبینین، کە را تازەکانی بەشێوەیەکی جێگەی سەرنج قبوڵکراو و هاوکات قوربانی گۆڕان و ئاڵوگۆڕی زۆربووە. نەوەیەکی وڵاتانی ئینگلیزی زمان بە شێوازێکی خێرای زۆرووزەوەند ڕێزیان لە ماهیەتی سەرەکی هزرەکانی ناو ئەو کتێبە گرتووە. بوبەر لە بارودۆخی گشتی مرۆڤدا، لەو جیهانە دەکۆڵێتەوە کە مرۆڤ لەودا دەتوانێت پەیوەندی جیاجیا ببەستێت. ئەو پەیوەندیانە ئەوەندە ئاڵۆزن پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیە و تەنانەت فۆڕم پێدانی خودی بوبەر لە بەرهەمەکانیدا لێیان بەدوورە. سەرەڕای ئەوەی گوتم کە لە من و تۆدا پێشکەوتنێکی گەورەی ڕاستەقینە هەیە. تایبەتمەندی سەرەکی کتێبەکە لەڕووی نەرێنییەوە ئەوەیە کە لەجۆری ئەبیستمۆلۆژی فەلسەفی بە گومانە و ڕیشەی بۆ دیکارت دەگەڕێتەوە و لەڕووی ئەرێنییەوە کە بە زاراوەگەلی جوان، شیعری و خەڵەتاوی، فۆڕم بە ئەبیستمۆلۆژیای نوێ دەدات. ئەو ئەبیستمۆلۆژیایە نوێیە لە سەربنەمای شتێکە، بوبەر ناویدەنێت «ڕووبەڕووبوونەوە». ئەو

رووبەڕووبوونەوەیە تایبەت نابێت بە ژیانی نێوان مـرۆڤ و مـرۆڤـەوە، کـە سـەرچـاوەی ژیانی راستەفینەیە. بوبەر دەڵێت سێ دەرگا بەڕووی ئەو ژیانەدا دەکرێتەوە: یەکەم ژیان لەگەڵ سروشت، دووەم ژیان لەگەڵ مرۆڤەکانی تـر و سـێـیـەم ژیـان لـەگـەڵ «بـوونـەوەری رۆحـانـی»(مـەبـەسـتـی بـوبـەر لـە Geistige Wesenbeiten، بەهەمانجۆر کە لە نامەیەک بە مێژووی 6ی کانونی یەکەمی 1957 بۆ منی نووسی، «رۆح لە وێنادا دەرکەوتە»یە. ئەو وێنەیە هەمان وێنەی ئەفلاتونی نییە، کە بوبەر دەربارەیان «لە پاشکۆیەک بەسەر من و تۆ، چاپی دووەم لەگەڵ پێداچونەوەی، 1958، ل129» دەڵێت: هیچ بە روونی نایان ناسێت) «تـۆ» بە هـەریـەک لـەم سێ رێگەیە دەتوانی ئامادە بیت و لەو ئامادەبوونەدا ژیانی راستەقینە شیاودەبێت. بـوبـەر ئـەو ژیـانـە راستەقینەیە بە پێی پەیوەندی دەردەبڕێت: (لە سەرەتای پەیوەندییەوە). بە هۆی «تۆ»، بە هۆی «ئەوی دیکە»وەیە کە مرۆڤ، دەبێتە «خـودی» واتە «من». بوبەر بە گوێرەی ئەو شیکارە بەراییە،

وەسفی فرەجۆرەکانی پەیوەندی بوون دەکات – پەیوەندی منداڵ بە دایک، روبەرووبوونەوەی بەرهەمی هونەری، پەیوەندی بە ئاژەڵان و بوونەوەری بێگیانی وەک دار، پەیوەندی بەو هێزانەی کە لە روانگەی مرۆڤەوە لەسەرووی ئاژەڵاوەن. نابێت نە دۆخی رەزیلی ئاژەڵی پەیوەندی و نە دۆخی سەروی ئاژەڵیەکەی بە ئەزمونی هەموو خوایەک بزانی. بوبەر ئەو وتەیە لە گۆتە وەردەگرێت و وەک دروشمی کتێبەکە:

کەوایە دان بەخۆتدا بگرە، لە تۆوە فێری ئەو ئامانج و مەبەستە بووم: ئامادەیی خوا لە هەموو بەشێک

باشترین وەسفی ئەو مانایە، نەک «هەموو یەکێتی بوون»، بەڵکو باوەڕ بەوەیە کە هەموو شتێک لە خوادایە: نەک هەموو شتێک خوایە، بەڵکو رەنگە خوا لە هەمووشتێکدا هەبێت. نابێت ئەزمونی پەیوەندی رەزیلی ئاژەڵییش بە باوەڕ بە بوونی گیاناکان لە شتەکاندا بە یەک بزانی. بۆنمونە بوبەر لە وەسفکردنی ئەو دۆخەی پەیوەندی بە دارەوە هەیە، بەم وشانە کۆتایی بە

قسەکانی دێنێت: (من نە رووبەڕووی خودی دار و نە زۆر جوان و رازاوەی دارستان دەبمەوە، بەڵکو بە خودی دار)، بەڵام تەنانەت لەو بەرهەمە سەرەتایی و یەکلاکەرەوە، دەروازەی سەرەکی ژیانی پەیوەندی، دەروازەی ژیان بە هەموو مرۆڤەکانەوە. ئەو رەخنەیەی کە خاتو هۆڵن ودهوس لە باسی بنەماکانی بیروبۆچوونی من و تۆ دەیخاتەڕوو، راستە. دەڵێت ئارەزوم لەو پێشەکییە بوو کە لە ساڵی 1937 بۆ من و تۆ نوسیوومە و بە ئاسانی جیاوازی بکەم لە نێوان جیهانی کەسەکان و جیهانی شتەکاندا. هاوکات، ئەوە راستە کە تەنانەت لە من و تۆدا، دەروازەی سەرەکی بەرووبەڕووبوونەوە، دەروازەی ژیانە لە هەموو مرۆڤەکاندا، بەڵام ئەوە ژیان بۆخۆیەتی کە بنچینەیی و خودییە، نەک رێگەیەک کە بۆ ژیان رێنمایی دەکرێت:

شێوەی پرسیارکردنی بێدەنگ، قسەی عاشقانەی مرۆڤ، دەربڕینی بێدەنگی مرۆڤ، هەموویان ئەو دەرگایانەن، بەرەوڕووی ئامادەیی ئەو وشەیە رێنماییدەکرێن، بەڵام کە بڕیارە رووبەڕووبوونەوەی تەواو رووبدات،

هەموو ئەو دەرگایانە لە تاکە دەروازەی ژیانی ڕاستەقینەدا، پەیوەندی بەیەکترەوە دەکەن و تۆ ئیدی نازانیت لە کام دەرگاوە چویتە ژوورەوە.

کەوایە لێرەدا ئەوکارە تازە سەرهەڵدراوە دەردەکەوێت یەک، بوبەر ئاگای لە بارودۆخی گشتی مرۆڤە و دوو، لەو ڕووەوە ئاگای لەو گشتییەیە، کە مرۆڤ وەک یەک لەتێکڕا گرفتارە. ئەو پەیوەندیانەی مرۆڤ بەوشێوەیە شارەزاو بە دیقەتی وردەوە شیکاری دەکات، ئەو پەیوەندیانەن تەواو بێنەدی، مرۆڤ گرفتاری بوونەوەرگەلێک دەکاتەوە، کە لە بەردەمنی، بەڵام نە تەنیا بەناوی بکەرێکی ناسراوەوە، نە تەنیا وەک هۆکارێک کە سود لە بوونەوەرەکان، کەڵک وەرگرتن و ئەزموون وەربگرێت و لە ئەنجامدا نە وەک تاکێکی جیابووەوە لە بوونەوەرەکان. ئەزمونی بکەری ناسراو، ئەزمونی کەسێک کە قازانج خوازە، یان شایانی هاشوهوشە، یان چێژی لە سۆزو هەڵچونەکان وەردەگرت - یان ئەزمونی هەر بوونەوەرێکی مرۆڤایەتی دیکەی - بەدڵنیاییەوە بنچینەیی لە بوون بوون (ئەگزیستانس)، مرۆڤایەتییە، بەڵام

ئەو ئەزمونە، ئەزمونی جیهان «ئـەو»ە، کە هەرگیز بەشێوەیەکی تەواو ئامادە نییە، بەڵکو جیهانێکە گەرچی شتەکانی ناوی پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام بەردەوام ئەو پەیوەندییە لـە سـەردەمـی رابـردو روویـــداوە، بێگومان پێویستە خۆ لەوە بەدووربگرین کە جیاوازی نێوان جیهانی «من - تۆ» و جیهانی «من - ئەو»، بەدابەشکردنێکی نەگۆڕ و روونی نێوان دوو جیهانی بزانین کە دەکرێت مرۆڤ تێیاندا بژی. تاکە جیهانێکە کە دوو رووی هەیە: بەڵام بوونی ئەو دوو رووە بەم مانایە نییە کە بۆ نمونە لە لایەک بیرمەندان لە جیهان «ئەو» و لە لایەکەی دیکە شاعیر لە جیهان «تۆ»یە، بەڵکو ئەو دوو رووەی بوون لەتێکڕای جیهان، لە هەرکەسێک و لە هەر چالاکییەکی مرۆڤایەتیدا هـەیـە. گـەرچـی لـەم کتێبەدا (بـەوشـێـوەیـەی ناونیشانەکەی دەریدەخات)، بوبەر لە باغەوە جەختیکردۆتەوە کە بانگهێشتمان بکات تا بە تـەواوی پێویستییەکانەوە، لە ماهیەتی کەسی بوونی مرۆڤایەتی بگەین، بەڵام ئەوەش راستە کـە ئـەگـەر بـڕیـارە مـرۆڤ لـە کۆمەڵگەیەکی

سیستماتیکدا بژیت، جیهانی «ئەو» پێویستە. سەرەڕای ئەوە، «خەمی وردی چارەنوسمان»ە کە هەر «تۆ» دەبێت ببێت بە «ئەو». لە کۆتایی بەشی یەکەمی من و تۆدا، ئاڵۆزی بارودۆخی مرۆڤ لە وشەکانی خوارەوەدا کورتدەبێتەوە:

ژیـان لـەبـەردەم نـەگـۆڕی نـەشـیـاودایـە. ئەگەر وریا نەبین بەخێرایی و بۆ بە تەواوی ئامادەبوون، سوک و نەرمی بکەینەوە، ژیان بە یەکجاری لە ناودەچێت، بەڵام ژیان لە رابردودا نەگۆڕی شیاوە و لەڕاستیدا تەنیا لە سەردەمی رابـردووەوە دەکرێت ژیـان رێکبخرێت. تەنیا پێویستە ئێمە هەموو ساتێک بە ئـەزمـون و قازانجکردن پڕبکەینەوە، کە لـەو کاتەدا ئەو ساتە ناپووکێتەوە

بـەوپـەڕی جـدی راسـتـەقـینـە ئـەو قسەیە ببیستە: مرۆڤ ناتوانێت بە بێ «ئەو» بژیت، بـەڵام کەسێک کە تەنیا لەگەڵ «ئـەو»دا بژی مرۆڤ نییە.

پەیوەندی «من - تـۆ»، کە تێکڕای ژیانی مـرۆڤ بەو مەرجەیە، بە شێوازێکی سەیر و هاوکات هەم گشتگیر (هەمەگیر) و هەم کۆسپ

(شـاز) دەزانـرێـت. لـەو ڕووەوە گشتگیرە کە جیهان لە کەسە و کەس لە جیهان دادەنێت:

بـە دڵـنـیـاییـیـەوە جـیـهـان وەک شـێـوەیـەک لـە مـندایـە. ڕێـک بەهەمانشێوە کە مـن وەک شتێک لە جیهاندام. جیهان و من لەبەرامبەردا یەکتری لەخۆ دەگرن، یەک لە ئەوی دیکەدایە. ئـەو لـێـکـدژییـەی هـزری کـە پـەیـوەنـدی بە بارودۆخی «ئەو»ەوەیە، لە بارودۆخی «تۆ»دا چـارەسـەردەبێت، بـارودۆخـێـک کە لە جیهان ئـازادم دەکـات، تا لە تەنیایی پەیوەندی بەو، بـەوەوە بم بەستێتەوە، بـەڵام ئەو پەیوەندییە کۆسپیشە:

هـــەر پـــەیـــوەنـــدیـــیـــەکـــی ڕاســـتـــەقـــیـــنـــە بە بوونەوەرێکەوە، یان بە ژیانەوە لەجیهاندا، شاز (کۆسپ)ە. «تۆ»ی ئەو پەیوەندییە ئازاددەبێت، دێتەپێش، تـاکـەو ڕووبـــەڕووی تۆدەبێتەوە. نەک بەو مانایەی کە شتێک نییە جگە لەوەی لـەنـاویـدا نییە، بەڵکو وەک هەرشتێکی دیکە لەژێرکاریگەریدا دەژی.

دەبێت لە وەسفێکدا سەرنج لە خاڵێکی دیکە بدرێت و ئەو ڕووبەڕووبوونەوە بە «ئەوی دی»

ڕەها، «تۆ»ی سەرمەدی، یان خوایە کە بوبەر لە ڕووداوی هاتنەدی پەیوەندی بەدەستییەوە دەدات. ئەو کارە، هەنگاوی داهاتو نییە، بەڵکو شتێکە شاراوەیە کە تەواو لە ڕووبەڕووبوونەوە بە «ئەوی دی»، ڕووبەڕووبوونەوەیە بە هەریەکێکی دیکە. زۆر هەودای جیاجیای من و تۆ ئەو خاڵە ڕووندەکاتەوە. لەڕاستیدا ئەوخاڵە تاڕادەیەک لە هەموو بەرهەمەکانی بوبەردا هاتووە، چونکە بەهەمانجۆر کە وتویەتی، لەم بەرهەمەو هەموو بەرهەمەکانیدا باسی «دواندنی خوا»ی کردووە کە نوسیوویەتی، بۆیە هەر لەو قۆناغەی سەرەتاوە باسی من و تۆ دەخوێنینەوە:

ئێمە، لەهەر دەسەڵاتێک و بە ڕێگەی تایبەتی خۆی، بە هۆی هەر پرۆسەیەکی بوون چاو بۆ «تۆ»ی سەرمەدی دەگێڕین، کە بۆ ئێمە ئامادەیە. ئێمە لە هەر «تۆ»یەک سەبارەت بە نەسیمێک لە لایەن «تۆ»ی سەرمەدی ئاگاداردەبینەوە، ئێمە هەر «تۆ»، «تۆ»ی سەرمەدی دەکەینە بەردانگ، بەڵام نابێت ئەو «تۆ»ی سەرمەدییە بە کارێکی نائاسایی بزانین،

که چۆته دەسەڵاتی ئێستای پەیوەندییەکانەوە. خوا خوایەکی بەرزەنشین نییە، ئەو خوای بەرزەنشینانیش نییە. بەوشێوەیە:

کۆسپ لە پەیوەند بە خوا (شازبوون) نامەرج و گشتگیر (هەمەگیربوون) نامەرج، یەکە. کەسێک کە دەچێتە ناخی پەیوەندی رەهاوە لەگەڵ هیچ شتێک، نە شمەکەکان و نە بوونەوەرەکان، نە زەوی و نە ئاسمان، بەجیا سەروکاری لەگەڵ هەموو شتەکاندا نییە، بەڵکو هەموو شتەکان لە تاکە پەیوەندییەک کۆبوونەوە، بەڵام گەر یەکێک هەنگاوبنێتە پەیوەندی نەگۆڕەوە، چاوی لە هەموو شتەکان نەپۆشیووە، بەڵکو هەموو شتێک لە «تۆ»دا دەبینێت، چاو لە جیهان ناپۆشێت، بەڵکو جیهان بە گوێرەی راستییەکەی بوونیاددەنێت. کەسێک ناتوانێت بگاتە خوا، کە چاو لە جیهان بپۆشێت، یان زەقاوزەق تێوەی رابمێنێت، بەڵام کەسێک لە روویەتی، کە لە خوادا دەبینێت.

دەکرێت لەم قسانەدا ئاسۆی بابەتێک ببینی، کە پاشان بوبەر لەو بابەتەدا، بە توندی رەخنەی لە رای «کەسی تەنیا»ی کیرکەگور گرت، کە لە

بنچینەدا هەوڵێک لە خۆدەگرێت و دەیەوێت بە هۆی چاوپۆشین لە جیهان بە خوا بگات. دیارە ئێمە پاشان باسی رای بوبەر لەبارەی بیروڕوای کریستیانی وەک یەک لە تێکڕا دەکەین.

هەروەها دەکرێت رای بوبەر لە من و تۆ دا، بە زمانی پاشکۆیی بەم شێوەیەی خوارەوە کورتبکەینەوە کە ساڵی 1957 بۆی زیاد کراوە:

قسەی خوا بەردانگ بۆ مرۆڤەکان دزە دەکاتە ناخی ئەوەی لە ژیانی هەریەکەمان روودەدات و تەواوی ئەوەی لە جیهانی دەورووبەرمان روودەدات، چ کەسی بێت و چ مێژوویی و ئەوە بۆ من و تۆ دەبێتە رێنمایی، پەیام و داواکاری. (سەرنجم هەیە کە لە کۆمەڵگەی ئاینی پێشکەوتوو، لەوانە کڵێسای کاسۆلیکی رۆمی، سەرئەنجام مەیلێک هەیە بەوەی کە لەکاتی نزا، دووەم کەسی کۆ You واتە بەکاربێنن.)

ناتوانی بەوپەڕی توانا جەختبکەیتەوە، کە ئەو قسانە بانگهێشتمان ناکات، تا لە هەموو بوون و بوونەکاندا پەردەیەکی پیرۆز بەسەر ئەزمونەکانمان دابدەین. رەنگە تێگەیشتن لەو خاڵە، دیارە نەک سەرف زانینی شتێک لەبارەیەوە،

بەڵکو قبووڵکردنی بوون بەیەکجارەکی، بۆ خوێنەرانی ئینگلیزی زمان لەوکەسانە سەختترە، کە بە زمانی دیکە قسەدەکەن، ئەو زمانانەی دووەم کەسی تاک {تۆ} وەک دۆخی گشتی بەردانگن. لەڕاستیدا بە کەمێک ترس و گومانەوە ناونیشانی {ئەڵمانی} کتێبەکەم واتە Inch und Due بۆ I and Thou لە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە، بەڵام هاوکات ئەوکارە نەگۆڕ دێتەبەرچاو. «تۆ» [Thou] بەردەوام وەک وشەیەکی نائاسایی ماوەتەوە، کە بۆ پەرستن و خواپەرستی بەکارهێنراوە و لەو رووەوە مەترسی پیرۆزکردنی زیادکردووە، بەڵام لە سەرانسەری رامانی بوبەردا هیچ قسەیەک لە گەڕانەوە بۆ ئەودیو سروشت نییە، کە لە بووندا بە سیستمی دوانەیی رازی بێت، سیستمی تێژیانەوە و سیستمی باڵاڕۆیی، کە لەناویدا، سیستمی باڵاڕۆیی تاڕادەیەک سەپێنراو بەسەر سیستمی تێژیانەوەدا بزانرێت. بە گشتی وتەزای تێژیانەوە و باڵاڕۆیی بۆ تێگەیشتن لە بۆچونی بوبەر وتەزای فریودەرن، یان لانیکەم بە ئاڕاستەی پەیوەندی باوی ئەوان، بە دەگمەن

دەتوانن بەرگەی قورسی و توندی بگرن کە بوبەر دەیەوێت لێرەدا دەریبڕێت: یەکگرتنی جیهان و مرۆڤ و خوا، یەکگرتنێک کە دیارە یەکگرتنێکی عیرفانی نییە، بەڵکو سەرف بەشداریکردنە. دەنووسێت:

دیارە خوا تەواو ئەوی دیکەیە، بەڵام هاوکات تەواو لەگەڵ ئێمە یەکە، تەواو ئامادەیە.

بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ماناکەی هاوکات «ئەوی دی بوون» و «ئامادە بوون»، تێبینی و لێکۆڵینەوەی زیاتری پێویستە و ئەو بابەتە لە بواری راشکاوتردا باشتر خراوەتەڕوو، کە لە هەندێک لە بەرهەمەکانی بوبەردا باسکراوە. ئێستا لێرەدا تەنیا دەتوانین ئەوخاڵە بیرنەهێنینەوە کە تەواو تێگەیشتنی بوبەرە لە پەیوەندی، لە دیاریکردنی ئەوخاڵە کە هەر پەیوەندییەکی «من - تۆ»، هاوکات ئێمە لە «بەرامبەر ئەو رووخسارە (روو یان شێوە)»داین یان بە دەربڕینێک کە باو و ناسراوترە، بەڵام هاوکات هەرگیز روونتر نییە، رووبەڕووی خوا ببینەوە.

بێگومان ئەو خاڵە زەحمەت و مەتەڵی

تیۆری بوبەرە و دوا شیکاری بابەتی باوەڕە. لەبیرمە کاتێک لەبارەی ئەو خاڵە لە بوبەرم پرسی و گوتم: بەلامەوە ئاشکرا نییە چۆن هەر ڕووداوێکی بەدیهێنەری پەیوەندی، لەخۆگری «تـۆ»ی سـەرمـەدە. چـۆن دەکرێت ئەوخاڵە بسەلمێنی؟ لـەوەڵامـدا وتـی» پێویستی بە سەلماندن نییە، تۆ دەزانیت کە وەهایە «. ئێستا، زۆر دوای ئەوکاتە، تێدەگەم لەڕووی متمانەو باوەڕەوە، باسی ئەو زانینەی دەکرد. دەکرێت پشتگیری متمانەی لەمجۆرە بکەی، بەناوی گرتنەخۆی مانای کۆتایی، پشتڕاستی بکەیتەوە، بەڵام ناتوانیت بیسەلمێنیت.

### لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ

ئاشکرایە سەرچاوەی سەرەکی رامانەکانی بوبەر ڕووبەڕووبوونەوەی دوو، یان زیاتر لە دوو مرۆڤە، کە لە زۆرترین کرانەوەیی، یان بە دەربڕینی بوبەر لە زۆرترین «دیالۆگی» ڕووبـەڕووی یەکدی دەبـنـەوە. بـەمـەش ئەو کێشانە گرنگ نییە، کە پەیوەندییان بە دەربڕینی ئەو بابەتە تێکڕاییەی باوەڕەوە هەیە و سەرەڕای

دەکرێت بیربهێنرێتەوە بوبەر بۆخۆی بەم دەربڕینە، کە (بەشێوازێکی شایستەو راست، دەتوانی قسە لەگەڵ خوا بکەی، بەڵام ناتوانی باسیبکەی)، هەرجۆرە توانایەکی شیکردنەوەی راستەوخۆ لەبابەت خوا رەتدەکاتەوە. بوبەر بۆ کۆمەڵێک بەرهەمی داهاتوی کە لە کاتی جیاجیا، لە ساڵەکانی 1925 تا 1938، نوسراوە، ناونیشانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤی پێشنیاز کردووە و لە پێشەکییەکەی بۆ چاپی ئینگلیزی ئەوکتێبە نووسی، کە تەواوی پێنج بەرهەمەکەی (لەبارەی کتێبی گیرفانی من و تۆ خراونەتەڕوو، هاتووە بەسەرنجدان بە تایبەت لە پێویستییەکانی کاتی ئێمە بکۆڵنەوە و بە کاری بهێنن).

لەڕاستیدا «پێویستییەکانی کاتی ئێمە» داواکاری سادەکردنە. دەبێت بەرهەمی داهاتوی بوبەر، سەبارەت بە من و تۆ بەجۆرێک نووسین بزانرێت، کە لە سەرووی هەڕەمی ئەو بەرهەمەوەیە، بەڵام واباشترە ئەو بەرهەمە بە ئاوڕدانەوەیەک لە جیهانی هەڕەشە لێکراوی «من» و «تۆ» وەسفبکرێت، لەو خاڵەی کە لەوێ مەسەلەیەکی روونترە و داواکاری ئاوڕدانەوەیە

لە مەسەلەی مرۆڤ. جیهانی «ئەو» – جیهانی ئۆرگانیزەکردن و بابەتییەت و شتەکان، جیهانی «تۆ»یەکانی کە «ئەو»ەکان (پیاو یان ژن) و لەئەنجامدا بۆ «ئەو»ەکان گوازراوەتەوە – بە دڵنیاییەوە هێشتا بە راستی وەردەگیردرێت، بەڵام ئێستا جیهانی «ئەو»، بە ئارەزوکردن بۆ هەرچی زیاتر ئەزمونکردن، ئەوەندە واڵاکەر و هێندە لە هەڕەشەی ژیانی راستەقینەی مرۆڤ سەرکەوتوو دێتە بەرچاو، کە لەودا زیاتر بەگوێرەی توانای بۆ راوەدوونان و وێرانکردنی ژیانی واقیعی نێوان مرۆڤەکان قسە دەکرێت.

ئەزموونەکانی ئەو ساڵانە بە پەیوەندیکردن بەیەکترەوە، وایکردبوو بوبەر لە ساڵی 1938 بچێتە ئەڵمانیای نازی، کە بە ئاشکرا دیاریدەکەن، دەبێت چ لەبارەی ئەوکاتەوە بوترێت، بۆیە تێدەگەین کە دەسەڵاتی من و تۆ، هەرچەند لەڕووی تواناوە ورد و ئاشکرای ئەودیو پەیوەندی بە هەموو مرۆڤەکان بڵاودەبێتەوە (بۆ نمونە دیالۆگی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، ل27، جێگەیەک کە ئێمە دیسانەوە دەبیستین کە «هەرگیز پێویست ناکات ئەو، مرۆڤێک بێت

دەیناسین. رەنگە ئەو ئاژەڵێک، یان گژوگیایەک یان بەردبێت. لە بنچینەدا لە زۆرینەی شتەکاندا، کە لە ڕێگەیانەوە هەموو ساتێک شتێکم پێدەوترێت، هیچ جۆرە دیاردە یان ڕووداوێک دەگمەن نابێت. ناکرێت هیچ شتێک بە هەڵگری ئەو وشەیە نەزانێت. سنورەکانی توانای دیالۆگی سنورەکانی ئاگاییە.»)، سەرەڕای ئەوەی سەرەتا بە دەسەڵاتی مرۆڤایەتی دەبەسترێتەوە. لەڕاستیدا ئەو پەیوەندییە هەمیشە لەسەرووترە، بەڵام ئێستا جیاوازتر لە هەموو کاتێک، بە تایبەت لە دەسەڵاتی سیاسیدا، لێهاتووانە دەخرێتەڕوو، کە هەڕەشە لە لایەن جیهانی «ئەو» دەستبەجێتر و بەرنامە بۆ ڕێژراوترە، تەنانەت بوبەر لەوکاتەوە کە وتاری «دیالۆگی» نووسی - کە لەودا لە بنچینەوە لە ماهیەتی دیالۆگیی و شێوەکانی درۆ، یان درۆینەکانی دەکۆڵێتەوە، کە جگە لە تاک دواندن شتێکی شاراوە نییە - باسی «دنیای ڕۆحەکانی بێ شێوەی هاوڕایی» دەکات. هاوڕایی پاک بۆتە دەگمەن.

«گەڕانەوە بۆلاکەی دیکەی»، پەیوەندی

بەرامبەرێک، کە لە هاوڕایی نەگۆڕ ئەزموون دەکرێت، تەنیا چەمکێکی سۆزداری یان زەینی نییە، بەڵکو (یەکگرتنێکە پەیوەستە بە بەردەوامی لێکدا لێکداو غەیرە وجودی، کە لەو یەکگرتنەدا، ئەو وشەیە دەبیستریت و بە وەڵامی زمانگر، بە پەلە وەڵامیدەدرێتەوە)، هەروەها بوبەر ئەو یەکگرتنە لەبەرامبەر کۆمەڵەکانی سەردەمی ئێمە دادەنێت، کە بریتییە لە بەشداری و بناغەو سەرچاوەی کۆمەڵی راستەقینە. ئەو کۆمەڵانەی کە نمونەیەکی ئاشکرای، واتە کۆمەڵی ئەڵمانیای نازی لەپێش چاویەتی:

کۆمەڵ، دەرئەنجامی پەیوەندیکردنی تاکەکان نییە بە یەکترەوە، بەڵکو بەرئەنجامی کۆبوونەوەی تاکەکانە پێکەوە، لە کۆمەڵدا تاکەکان پێکەوە کۆدەبنەوە، بەشێوەیەکی هاوبەش ئامادەکراوە و ئارایشت دەکرێن، بەڵام تەنیا بەوڕادەیە، کە بۆ ریزێک سیستم پێویستە، مرۆڤەکان راستەوخۆ پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام کۆمەڵ گەشەی کردووە (کە هەمانشتە تائێستا ناسیومانە) لە زۆربەی کەسەکان پێکهاتووە. کە نەک بە تەنیشت یەکەوە، بەڵکو لەگەڵ یەکترین.

کۆمـەڵ، شوێنێکە کـە بـەشـداردەبـن. بناغەی کۆبوونەوە لەسەر لەرزۆکی ڕێکخراوی بوونی کەسییە. بناغەی کۆمەڵ لەسەر ئەوەیـە، کە بوونی کەسی لە ژیانی نێوان تاکەکاندا گەشە بکات و جێگیربێت. مەیلی نوێ بۆ کۆبوونەوە، ڕاکردنە لە ئەزمون و پیرۆزکردنی کەسە، کە تایبەتمەندی کۆبوونەوەیە، ڕاکردن لە دیالۆگی ڕاستـەوخـۆیـە کـە خـوازیـاری تۆکمەکردنی «خۆیەتی» و لە دڵی جیهاندایە.

ئـەوجـۆرە شیکردنەوەیە، بـە دەربڕینێکی وردتر، نەک ڕەخنەگرتن لە میتۆدی بەشدارییە سیاسیەکان (نـەک بەشداریەکانی تایبەت بە وڵاتانی حکومەتی ستەمکار)ە، بەڵکو سەرەڕای ئەوە، ڕەخنەگرتن لە لاوازی و داماوی گەیشتن بە پەیوەندی «من – تۆ»، لە زۆربەی بەشداریی و هەنگاوە گرنگەکانی مرۆڤایەتییە. وەک نمونە تەکنەلۆجیا بە ئاڕاستەی دابەزاندنی مرۆڤ بە «دەستی» ئەو لەبەردەم ئەو ڕەخنەیەیە. وەک پەیوەندی من – تۆ نییە، «ئێمە»ی خودیش نییە، کە سـەرچاوەی لێدەگرێت. کۆبوونەوە بە پێچەوانەی کـۆمـەڵ پێویستی بـەوەیـە، لە

نێوان ئەندامەکانی ڕێژەیەکی لە سەربنەمای بەرپرسیەتی تاکی ئەندامەکان بۆ یەکتری هەبێت، ڕێژەیەک کە لەسەر ئەو بنەمایەی بوبەر ناویدەنێت «لایەنگری بوون»، کارێک پێشگریمانەی نەگۆڕی پەیوەندی «من - تۆ»یە، کە بوبەر لێرەدا هەوڵدەدات وەسفی بکات، بنەمای دەروونی ئەو کۆمەڵانەیە، نەک کاریگەری دەرەوەی هێزەکان. لە روانگەیەوە وتەزای سۆسیۆلۆجیای باو ناتوانن لەو بووناسییەی کۆمەڵگە بگەن، یان بیخەنەڕوو، چونکە تێڕوانینی ئەو وتەزایانە، روانینی تەماشاگەرانەیە، هەروەها دەکرێت بۆی زیادبکرێت کە ئارەزوی بوبەر بۆ کۆبوونەوەی راستەقینەیە لەگەڵ رەخنەی قووڵی لە کۆمەڵە ئاینیەکانە. لەوباوەڕەدایە کە لە ئاینە رێکخراوەکان، تا ئەوجێیە ژیانی راستەقینە هەیە کە پەرستنی راستەقینە هەیە. (خاکەڕایی ئاینەکان بەمانای خاکەڕایی پەرستنی ئاینەکانە). (خوا هاوشێوەی سیماکانی خۆیەتی، ئەگەر مرۆڤ لێی دوورنەخاتەوە). « هەڕەشەیەکی «شیکردنەوەی وشەی {الله} بەردەوام دژی کۆمەڵگە ئاینیە فەرمیەکانە»

کەوایە رەخنەی ئاماژەیی لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا، بە شێوازی جیاجیا، بەڵام چزوداری ئەو تیۆرانە هەیە، کە بە گشتی لەبارەی کۆبوونەوە و کۆمەڵ قبووڵکراوە. بوبەر لە بەرهەمەکانی داهاتوی بەو ئاڕاستەیە رێدەکات، کە راشکاوانەتر و لێکۆڵەوەتر بە دامەزراندنی ئەوە رابگات، کە بۆ کۆبوونەوەی راستەقینە شیاو و پێویستە. وتارە فەلسەفیەکەی «مرۆڤ چییە؟» وتارێکی بەناوبانگە، باسێکە لەبارەی دەسەڵاتی مرۆڤناسی فەلسەفی بە چەمکی باوی. ئەو وتارە لە سەربنەمای زنجیرەیەک وتارگەلی کرانەوەیی بوبەرە کە وەک مامۆستای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی عیبری بەیت ئەلمقەدەس بۆ ساڵی 1938 نووسی. ئەو وتارە ئاوێنەی گۆڕانی شێوازی بوبەرە، کە بە بەراورد بە گۆڕانی ئەو چالاکیانەیە کە بوبەر ئەوکاتە مژولی بووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، رەخنە لە دوو بابەتی تاکخوازی و کۆخوازی دەگرێت و بە تایبەتیی شییان دەکاتەوە. ئەو دوو روانگەیە بۆ بارودۆخی بنچینەیی مرۆڤایەتی یەکسان دەگەڕێنەوە. بوبەر ئاوەها کورتی کردۆتەوە:

یەکسانی بێ نواو ماڵی جیهانی، بێ ماڵ و حاڵی کۆمەڵایەتی، ترس لە جیهان و ژیان، کە سەرچاوە لە پتەوکردنی بوونی تەنیایی دەگرێت، بەوجۆرە تەنیایی کە ڕەنگە هەرگیز پێشتر بەو ڕادەیە نەبووبێت. کەسێتی مرۆیی خۆی بە مرۆڤێک دەزانێت کە سروشتی خستۆتە سەر ڕێگە - بەهەمانجۆر کە منداڵێکی نەویستراو دەخرێتە سەر ڕێگە - خۆی لەناو جیهانی مرۆڤایەتی پڕئاژاوە، کەسی گۆشەگیر و تەنیا دەبینێتەوە. یەکەم کاردانەوەی گیان سەبارەت بەو بارودۆخە و ناسروشتی تاکخوازی نوێیە و دووەم کاردانەوەی کۆخوازیی نوێیە.

تاکە وەڵامی بەردەست بە تەنیاو گۆشەگیری لە ڕوانگەی بوبەرەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە بە بە هاوجۆری خۆی، کە مرۆڤ لەم دوو بارودۆخەی ژیاندا بە نۆرە گرفتاری بووە.

کاتێک تاک دەتوانێت تەنیایی خۆی بخاتەلاوە، کە لە بەگژداچونەوەی وردو گۆڕانکاریانە، ئەوی دی لە ڕووی تەواوکردنی ئەوی دیکە بوونی وەک خۆی، وەک مرۆڤ، بناسێت و کۆسپی نێوان خۆی و ئەوی دی تەختبکات.

ئەوە «سێیەم کەلێنی پەتی»یە لە بەرامبەر تاکخوازی و کۆخوازیدا. لەم کەلێنەدا بەسەر تەنیایی خودی مرۆڤی نوێدا زاڵدەبێت، تەنیاییەک کە لەناویدا پەیوەندی بەخۆوەیەتی و زۆرجار سارتەر، لە پەرەگرافێکدا وتوویەتی «ئەوی دی» دۆزەخە، بەڵام لە روانگەی بوبەرەوە (واقیعیەتی بنچینەیی بوونی مرۆڤایەتی، پەیوەندی مرۆڤە بە مرۆڤ)ەوە. بوبەر لە بەرهەمێکی پێشتری خۆی بە رێگەی جۆراوجۆر ئەو خاڵەی پشتڕاستکردۆتەوە. لە راستیدا درۆکان، سۆزدارگەرایی و لادانەکانی کێ هەیەتی، وردە وردە کەم دەکاتەوە کە لە خۆی گرتووە. دەکرێت بە مانایەک بڵێی ئەو وێنایەی مرۆڤ بریتییە لە یەکگرتنی عیرفانی و پەیوەندی دەرنەبڕینی بوونی (بەیەکەوە بەستراوی)یە، کە لە من و تۆدا رووبەڕووی دەبینەوە. ئێستا بوبەر هەوڵدەدات مانا بەم واقعیەتەی عیرفانی ببەخشێت کە لەوانەیە بکرێت بە بارودۆخی بوون وەسفی بکەی.

پێناچێت بوبەر شتێکی خستبێتە سەر قسەکانی پێشتری، بەڵکو هەمان بابەت بە

ڕێگەیەکی دیکە دەردەبڕێت. بە تایبەت ئەو کارەی لە دوو وتاردا ئەنجامداوە، کە دەبێت ئێستا لێیان بکۆڵینەوە.

**لە نێوان مرۆڤ**

ئەو دوو وتارە بریتین لە «ڕەهەند و نزیکایەتی و پەیوەندی» و «بەشەکانی نێوان مرۆڤەکان». بوبەر لەو ناوەدا بە ڕاشکاوی جیاوازی لە نێوان دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و دەسەڵاتی مرۆڤ دا دەکات.

پێشتر - لە ڕاستیدا تاڕادەیەک پێش 50 ساڵ، کە لە بەرلین هەڵەچنی دامەزراوەی چاپگەری جولەکە بوو - بوبەر وشەی Zwischenmenschlich بەمانای «لە نێوان مرۆڤ» یان «لە نێوان مرۆڤایەتی»، بۆ ئاماژەکردن بە واقیعیەتی نێوان مرۆڤەکان ساختەی کردبوو، ئەو کاتە بە مانای بابەتی کۆمەڵایەتی - دەروونناسانە وەری دەگرت، بەڵام بوبەر لە وتاری «نێوان مرۆڤەکان»دا، بە ڕاشکاوی دەریدەبڕێت، کە بڕیاری پێشوی ناڕاست بووە. ئێستا ئارەزودەکات جیاوازی لە

نێوان وتەزاکانی سۆسیۆلۆجیا و دەروونناسانە لـە لایـەک و وتـــەزای «نـێـوان مرۆڤـەکان» لەلایەکەی دیکەوە بکات.

مەبەستی لە وتـەزای «لەنێوان بون» یان ئەوەی لە نێوان مرۆڤەکاندا روودەدات چییە؟ ئـەو وتـەزایـە، وتەزایەکی تیژ تێپەڕەو بوبەر پێیوایە کە ئاشنابوونی وایکردووە زۆرجار سروشتی تایبەتیی لە بیری ئێمەدا تیژتێپەڕێت. پەیوەندی لە بەشدارییەک، یان یەکگرتنێکی ئاسایی نێوان دوو ئەندام، بوونی نییە. دیسانەوە دەسەڵاتی کۆمەڵ، توخمی سەرەکییە. توخمی کەسی بە گشتی سەرکوتکراوە، بەڵام هەمان توخمی کەسی بۆ ژیانی «نێوان مرۆڤەکان» گرنگە. گرنگە کە بۆ هەردوو کەسەکە، «ئەوی دی» ئاگادار بکرێتەوە و بەوشێوەیە بە جۆرێک پەیوەندی پێوەبکات کە نەک سەربە لۆژیک و کەڵکوەرگرتنە، بەڵکو لە رووداوێکی راستەوخۆ بە هاوبەشی خۆی وەریگرێت، ... ئەو رووداوە راستەوخۆیە، دیتنی «ئەوی دی» و «ئەوی دیکە»ی بۆ «شت (بەرناس) ئاڵوگۆڕکردن» نییە، بەڵکو کۆسپێکە لەبەردەم  کارێکی وەها.

ئەگەر سۆسیۆلۆجیست بەمجۆرە رەخنە بگرێت کە لە راستیدا بەرهەمەکەی بوبەر لە پەیوەندی مرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە و بوبەر هەستی هاودڵانەی تاک بۆ تاکێکی دیکە لە تێبینی و لێکۆڵینەوەکانی دوورناخاتەوە، لە وەڵامدا دەڵێت یەک، ئەوەی باسیدەکات، کارێکە لەودیو هەستی هاودڵی و لە راستیدا هەرگیز ناشێت بەبێ هیچ جۆرە هەستێکی هاودڵی رووبدات، دوو وشەی پەیوەندی و نزیکایەتی ئاڵۆزە. نزیکایەتی لە روانگەی بوبەرەوە مانایەکی سەنگینی هەیە. نزیکایەتی رووداوێکی دەروونناسانەی وەک پەیوەندی هاوڕێیانەی کردارین، یان باسکردنی سەرلێشێواندنی هاوڕێیەک نائامادە نییە، بەڵکو «لە نێوان مرۆڤەکان» دەسەڵاتێکە لەودا تاکێک رووبەڕووی ئەوی دیکە دەبێتەوە و لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا، کە هەرگیز ئەزمونێکی دەرونناسانە نییە، واقیعیەتێک هەیە کە هەردولای بەشدار لەو دیالۆگەدا، لەو واقیعیەتەدا، پێکەوە دەژین. خۆڕسکی هێمای ئەو دەسەڵاتەیە، هەرجۆرە «وانیشاندانێک» یان «گردبوونەوە»، ئەو دەسەڵاتە وێراندەکات.

دەکرێت بوترێت لێرەدا حەقیقەت هێزێکی بەرجەستە بەدەستدێنێت، چونکە (مرۆڤەکان بەوجۆرەی هەن پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن). بەم شێوەیە ئەوە دەشێت، کە بوبەر ناویدەنێت پەیوەندی راستەوخۆی نێوان مرۆڤەکان. لە راستیدا هەمان شتە، کە خوازراوی سەردەمێکی وەک سەردەمەکەی ئێمەیە و بەگشتی وا چاوەڕوان دەکرێت، مرۆڤەکان ناتوانن لەگەڵ کەسێک، مەگەر لەگەڵ خۆیان، راستەوخۆ نزیکایەتییان هەبێت، بۆیە ئەو دیالۆگە پەتییە، رووبەڕووبوونەوەی رەسەن و تەواو پشتگیری کراوە، متمانەی تەواو هەیە کە بەمەش «ئەوی دی» ئامادەیە. هەرجۆرە دابەزین و گواستنەوەی ئەو بارودۆخە بۆ بارودۆخێکی سۆسیۆلۆجی، دەروونناسانە یان وتەزایەکی بابەتی زانستی، شیاو نییە مافی ئەو بارودۆخە ئەنجام بدات، کە نیشانەی ژیانی رەسەنی مرۆڤەکانە.

بوبەر بە بەراورد بە بارودۆخی بانگەشەچییەک، کە دەیەوێت بیروباوەڕی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت بە مامۆستایەک کە لە کاری پەروەردە و خوێندن دەیەوێت

توانای قوتابیەکەی ببوژێنێتەوە، چۆنیەتی چوونە ژورەوەی راستەقینە بۆ ناو ژیانی «ئەوی دی» ئاشکرا دەکات. بەمەش بونی حەقیقی مرۆڤ بریتییە لە رووبەڕووبوونەوە بەبێ سەپاندن. (هەمان رەفتاری راشکاوانەی نێوان مرۆڤەکان، وەک «خود»ێک و پشتیگریکراو هاوکاری گەشەی مرۆڤ دەکات، کە مرۆڤەکان لە یەکتری دەکات، تا مرۆڤ بەگوێرەی بوونی بێتەدی، کە «لە نێوان مرۆڤ» بۆ خاڵی لوتکەی خۆی رێنماییدەکات).

کاتێک بوبەر لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ کارڵ رۆگەرس(87 – 1902، دەروونناس لە زانکۆی کۆڵۆمبیا (1931) خوێندویەتی و لەزانکۆی شیکاگۆ (57 – 1945) وانـەی وتـۆتـەوە) دەروونناس وتی (دژی تاک و هاوڕای کەسم)، ئـەو قسەیە دەمانخەڵەتێنێت کـە مرۆڤناسی فەلسەفی بوبەر ناوبنێین «رەسەنێتی کەس»، بێگومان پشتگیری لە روانگەی بوبەر «وەک کەسێکی تەنیا رێگایەکە، کە بەو رێگایە مرۆڤی راستەقینە شیاو دەبێت. سەرەڕای، شتێک زیاتر لە بوونی کۆمەڵێک لە تاکەکان هەیە، کە یەکتری

بەناوی کەس پشتگیری و پشتڕاست دەکەنەوە و ئەو ملدانە بۆ واقعیەتی دەسەڵاتی «نێوان» یان دەسەڵاتی «نێوان مرۆڤ»ە وەک دەسەڵاتێک کە مرۆڤەکان تێیدا بەشدارن. دەکرێت بە مانایەک بووترێت کە بوبەر لێرەدا تیۆرێکی تازەی راستەقینە دەرهەق باڵاڕۆیی دەخاتەڕوو. لە قۆناغێکدا تیۆری راستەقینە بوونی گیان و مانایەک دەخاتەڕوو، کە واقعیەتی رەسەن بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت و لە دەورێک هیچ جۆرە چەمکێکییان نییە، یان تەنیا سەرەتاییترین چەمکییان هەیە، کە روح ئەو واقیعیەتە رەسەنەی بۆ ژیانی مرۆڤ هەیەتی.

لە وتاری «رەهەند و نزیکایەتی» پرسیار لە «بنەمای ژیانی مرۆڤایەتی» دەکات، کە تاڕادەیەک لە بەرهەمە پێشکەوتوەکانی بوبەرە. بە مرۆڤ دەستپێدەکات کە «شێوازێکی تایبەتی بوون»ی هەیە و هەر لەو شێوازەی بوونە، دەتوانین دەستپێشخەری باسکردنی وتەزای تایبەتی بوون بکەین.

تایبەتمەندی ئەو شێوازەی بوونی «جوڵەیەکی دوو روویی»ە، کە بوبەر رووی یەکەمی

«لە مەودا دانان» و رووی دووەم ناودەنێت «چونە ناو پەیوەندییەوە». جوڵەی یەکەم پێشگریمانەی جوڵەی دووەمە و لەوجوڵەیە دوو رووەدا، جیهانی مرۆڤ دەردەکەوێت، چونکە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت لە نەیاریەکی سەربەخۆ بگات. تەنیا مرۆڤ دەتوانێت جیهانی هەبوو هاوکات بە باڵاڕۆیی بزانێت. تەنیا مرۆڤ دەتوانێت لەوجۆرە یەکبوونە بگات، کە خۆی لەخۆیدایە یان خەیاڵ بکاتەوە، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بچێتە ناو پەیوەندی جیهانێکەوە، کە بۆخۆی هێناویەتەدی. بە ئاڕاستەی هەمان چونە ژوورەوەی ناو پەیوەندییە، کە دەکرێت مرۆڤ وەک وتەزایەک وەسفبکەی کە هاتۆتە ناو واقیعیەتەوە. هەر لەو بارودۆخەدایە، کە مێژووی واقیعی دەستپێدەکات.

بوبەر لێرەدا هەوڵدەدات بەدەستگرۆیی زاراوەکان و لێکدانەوەی فەرمیتر، بنەمای بوونی مرۆڤی شیکاربکات و لەو ڕێگایەوە بارودۆخێک روونبکاتەوە کە ئێمە لەو بارودۆخەدا نەک تەنیا دەتوانین لە گیان بگەین، بەڵکو تەنانەت دەتوانین لە گیاندا بژین، کە بۆ سازانی گشتی زەحمەتە. بەمەش «ئەوی دی بوونی خودی ئەوی دی»

لە خاڵێکی بەرایی زیاترە و بریتییە لە نەفەسی پشتڕاستکردنەوەی جیهان، پشتڕاستکردنەوەی جیهانی مرۆڤ، بەمەش پشتڕاستکردنەوەی مرۆڤایەتی راستەقینە. لە پەیوەندی مرۆڤ بە ئەوانی دی ئێمە کارێکی زیاتر لە وتەزایەکمان هەیە: وتەزایەکمان هەیە کە مێژووە:

مرۆڤەکان پێویستییان پێیەتی و پێویستە لەسەریان کە لە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی پەتی، لە رووی بوونی تاک پشتگیری یەکدی بکەن، بەڵام نیازییانوایە لە حەقیقەتی ئەوانی دیکە بگەن، کە برایانن، راستە نەفس بۆ داواکردنی هەوڵدەدات، کە بە ڕێگای جیاواز ئاشکرا دەبێت و بەهەمان ڕێگا پشتگیری دەکرێت.

ئەو پشتگیرییەی ئەوی دی لەوەدا دەگاتە لوتکەی خۆی، کە بوبەر ناویدەنێت رووداوی ئامادەسازی. روودانی ئەو رووداوە زیاتر بە دەگمەن ئەنجامدەدرێت و تەواو بێ نرخە کە تێکڕای شیکاری وردو هزراوی بوبەر لە وتەزاو مێژووی «نێوان مرۆڤەکان»، نەک دەربارەی رووداوێکە، کە زۆرجار تەواو نایەتەدی، بەڵکو تەنانەت هەوڵ بۆ دەربڕینی شتێکە کە بۆخۆی ناشێت بە تەواوی دەرببڕدرێت. بەمەش ڕێکەوت

نییە کە بوبەر وتەزای «ئەوەی بۆ هەموومان هاوبەشە»، بۆ نامەی حەوتی ئەفلاتون دەگێڕێتەوە. لەوێ ئەو قسەیە دەبیستین کە دەربڕینی تیۆری «ئەو بابەتە» (بە رواڵەت مەبەستی ئەفلاتون لێی «ماهیەتی واقعیەتە و دەبێتە دیتنی عیرفانی.)» نەشیاوە. دەربڕینی خودی ئەفلاتون بەم چەشنەیە:

چونکە ئەو بابەتە بەپێچەوانەی هەموو بابەتەکان هەرگیز شایانی دەربڕین نییە، بەڵکو بەهۆی کارایی بەردەوامی و پەیوەندی پێیەوە، لە نەکاو لە نەفەسدا زیندودەبێتەوە، وەک رۆشناییەک کە روناکاییەکی تێپەڕ و نابەردەوام رووناک دەبێتەوە و لەوە بەدواوە خۆی تێردەکات.

ئەفلاتون لەجیاتی باسکردنی ماهیەتی ئەو بابەتە، باسی کێشەی دەربڕینی دەکات. پێموایە بە روونی ماهیەتی جیاناکاتەوە و ئەفلاتون بە تیشکێک وەسفیدەکات، کە رووناکاییەکی تێپەڕی نابەردەوام رووناکی کردۆتەوە، بەڵام دەسەڵاتی نێوان مرۆڤەکانی بوبەر، جیای دەکاتەوە. پێموایە لەو روانگەیەشەوە

دیاریکردنی ئەوکارە گرنگە کە - ماهیەتی دیتنی نەشیاوی دەربڕینی ئەفلاتون هەرچییەک بێت - مەبەستی تێکڕایی بوبەر ئەوەیە ئاماژە بە راستییەکی ژیانی مرۆڤایەتی بکات، کە مێژوویییە و بە رووی هەمواندا والآیە، بێ ئەوەی زایەڵەی عیرفانی هەبێت و لە راستیدا هەرگیز پێویست ناکات عیرفانی بێت.

دیارە خودی وشەی «عیرفانی» ناجێگیر، خلیسک و پێناسەی زۆر هەڵدەگرێت. لەم بارەیەوە، بە رەزامەندیەوە هەمان پێناسە قبوڵدەکەم کە لالاند لە فەرهەنگە فەلسەفییەکەیدا هێناویەتەوە: عیرفان بریتییە لە (باوەڕ بە توانای یەکگرتنی ئامادەیی و راستەوخۆی گیانی مرۆڤ لەگەڵ بنەمای رەسەنی بوون، کە هاوکات بریتییە لە شێوازێک لە بوون و لۆژیکی ئاسایی جیاواز و لەسەروترە). بەپێی ئەو پێناسەیە دەبێت بڵێین، کە بوبەر نە لەدوا بەرهەمی و نە لە یەکەم بەرهەمی خۆی، من و تۆ، هەرگیز باسی یەکگرتنی عیرفانی ناکات، هەروەها باسی بوون و لۆژیکێک ناکات، کە لەسەرووی ئاساییەوەیە، بەڵکو باسی واقیعیەتەکانی

مێژوویی و تواناکانی هەر مرۆڤێک دەکات. بەمەش پاوڵ تیلیش لە وتارە بەنرخەکەی دەربارەی بوبەر هەڵەیە، کە بەگوێرەی عیرفانی باسی تیۆرەکانی بوبەر دەکات. عیرفان بەوجۆرەی تیلیش پێناسەی دەکات، بە مانای «ئامادەیی راستەوخۆ لە بارەگای خوا و رێگای یەکگرتن لەگەڵی» ئەسڵێکە کە بە دڵنیاییەوە بوبەر لە رۆژەکانی هەوەڵین بە توندی شەیدای بوو، بەڵام کە دەستی بە نووسینی من و تۆ کرد، تەواو لە ماهیەتی تەفرەدانی تیۆرەکانی پەیوەند بە یەکگرتن، یان جەزمە و هەربەو ئاستە ئاگای لەو واقعیەتی بنچینەییە بوو، کە وشەی کلیلی پەیوەند و لێکدانەوەی ناسراوتری «نێوان مرۆڤەکان»، دال لەسەر ئەوەیە.

ئەوەی دەیەوێت پیشانیبدات دەسەڵاتی واقعیەتە کە تێیدا، دوو یان زیاتر لە دوو لایەنی بەشداربوو لە گفتوگۆ (بەهۆی بارودۆخی زیندوی هاوبەش قبوڵدەکرێن). بەکورتی ئەو بابەتە لەم قسەیەدا دەردەبڕێت کە «ئەوی دی لەگەڵ من، دەبێتە خود» بەو مانایە ئەو قسەیە وەردەگرم کە «خود» بوون، بابەتی پەیوەندی

بەرامبەرە: «خود» تەنیا لە پەیوەند بە ئەوانی دیکە دێتەدی. کە ئەزمونێکی ڕاستەوخۆی ژیانی ئاساییە. (مرۆڤەکان خواردنی خۆش و بەتامی ئاسمانی «خود بوون» بۆ یەکتری دەگوازنەوە).

جێگەی سەرنجە، بوبەر هەر لەو بەراییەوە ئەوەی دیاریکرد، کە سروشتی پەیوەندی بەرامبەر، هەلومەرجی بنچینەیی هەیە. ئەو هەلومەرجە لە پاشکۆیەکی گرنگ کورتدەکاتەوە کە ساڵی 1957 بۆ من و تۆی زیادکردووە. لەوێ بە ئاشکرا دەڵێت (مرۆڤەکان لەژیاندا پەیوەندی بەرامبەری بە یەکەوە تەواو نییە). «نابەسی» مرۆڤەکان یەکەم هۆی ئەو کارەیە، بەڵام پەیوەندی بەرامبەر چوارچێوەی دیکەی هەیە، کە خودی بارودۆخی مرۆڤە. بوبەر چەند نمونەیەک لەو چوارچێوەیە ئاڕاستە دەکات. بە گشتی گونجاو نییە پەیوەندی قوتابی - مامۆستا بەرامبەر بێت. بەدڵنیاییەوە قوتابی لەلایەن مامۆستاوە، بەشی ڕاستەقینەی تێکڕای بوونی مامۆستایە، بەڵام بۆ قوتابی گونجاو نییە پەیوەندی هەمەگیر بێت. بوبەر

له وتارێکی پێشتری خۆی لەبارەی پەروەردە و فێرکردنەوە وەک «هەمەگیری یەکلایەنە» باسی ئەو بارودۆخە دەکات. «دەست هەڵبڕین، روانینی پرسیارانە» ئاماژەی هەستپێکراوی یەکلایەنە بوونە. پەیوەندی نەخۆش - دکتۆریش بە هەمانشێوەیە. لێرەدا چەندین سنور هەیە. «بنەمایەک لە گونجاوی و سنور هەیە» کە ناکرێت بیان بەزێنی، چونکە لەوکاتەدا یان دەکەوێتە هونەر نواندنەوە، یان گەشت و سەیرانەوە، یان لەوە خراپتر دەکەوێتە ژێر دسەڵات و سودوەرگرتنی نەخۆشەوە، کەوایە هەم پەیوەندی قوتابی - مامۆستا و هەم پەیوەندی نەخۆش - دکتۆر خوازیاری جۆرێک پەروەردەی نەفسە لەلایەن لایەنی بەشداربووی گەورەترەوە. پەیوەندی پێشەوای مەعنەوی بە هەر ئەندامێک لە کۆمەڵی پەیڕەوانیشی بەهەمانشێوەیە.

تەنانەت سەرەڕای پەیوەندی لەمجۆرەی بەرتەسک، ئەوەی بوبەر ناویدەنێت «ئەزمونکردنی لایەنی دیکەی پەیوەندی» نەگۆڕە. گەمارۆدان، تەنانەت کاتێک کە وەک

پێویست یەکلایەنەیە، (بەدیهاتنی تەواوی کەسی گوێڕایەڵ، کەسی خوازراو، واتە کەسی بەشداربووە و ئەو بەدیهاتووە، نەک بەشێوەیەکی خەیاڵی، بەڵکو بە هۆی کاری بوونەوەیە).

**«تۆ»ی سەرمەدی**

تائێستا بە ڕێنماییە سەرەکیەکانی بوبەر، سەرنجمان لە بەرهەمە بنچینەییەکانی داوە. لەو لێکۆڵینەوەیەدا ناچاربووین چاوپۆشی لەتێبینی فرەجۆری زۆر بابەت بکەین، کە لە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلدا دەبێت سەرنجی لێبدەین. بە تایبەت مەبەستم ئەو بەرهەمانەیە کە پەیوەندی بە کتێبی پیرۆز، ڕوانگەی زایۆنیزمی و پەیوەندی بەدەروونناسییەوە دەبێت. هاوکات پێموایە تیۆرەکەی لەبارەی نێوان مرۆڤ، تەواوی ئەو هۆگریانەی لەخۆدەگرێت، چونکە دەسەڵاتی «لە نێوان بوون»، دۆخێک یان، لەوە کەمتر، سەرفی بۆچونێک نییە کە لە تێبینی مرۆڤ لە پەیوەند هەبوون، وەرگیرابێت، بەڵکو دەسەڵاتێکە کە لەوکارەدا، باڵادەستە و

بۆخۆی، سەرچاوە و چاوگی کارە، چونکە ئێمە سەرچاوەی جوڵانەکانی مێژوویی مرۆڤ بەرەو نوێبوونەوە، بڕیاری نوێ، بنەمای نوێ، کاری مرۆڤانەو هەر پاڵنەرێکی ئاکاری هەڵوەدای شێوە، لە کاری بەرامبەردا (دوولایەنە)، لەوەدا دەیدۆزینەوە کە بوبەر ناویدەنێت رووبەڕووبوونەوە. ئێمە ئەو دەسەڵاتە ناودەنێین ئاگرکەرەوە و رووناکایی تێپەڕی نابەردەوام نابێت ببێتە کۆسپی هەوڵدانمان، بە هاوکاری نیشانەکانی دیکە نیشانی بدەین. لێرەدا رۆح، واتە جەوهەری گشتگیر، هەمیشە ئامادە، نەمریی و هاوکات مێژووی بوونی مرۆڤە کە نیشاندەدرێت. ئەو گیانە هیچ کۆسپێک ناناسێت. ئەوە هێزێکی باڵاڕۆییە، کە بەبێ ئامادەبوونی، ژیانی مرۆڤ تەنیا ژیانێکی رواڵەتی، واتە تەنیا ئەزمونی رێکخراوی شتەکان دەبێت. ئەو هێزی باڵاڕۆییە ئەزمونێکە کە رەهەندی دیکە دەخاتە سەر ژیان و لەودیو رەهەندی ناساندن – لکاوی ناساندن (ناسکار – بەرناس)ە. بەگوێرەی هەمان باڵاڕۆیی زیندووە کە بوبەر هەم لەزۆر دەسەڵاتی دیکە رەخنە لەچالاکیەکانی مرۆڤ

دەگرێت و هەم توانای نوێ بە روویاندا دەکاتەوە.

باوەڕبوون بە رەسەنایەتی بنچینەیی ژیانەوە (هاتنەخوارەوە) کە پێشگریمانەی کۆمەڵگەکەمانە، باسکردنی لەسەرووتری کردۆتە کێشەیەکی گەورە. ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی بەئازار زۆردەبێت کە تادواخاڵ پەیڕەوی بوبەر بکەین و خاڵی سەرەتاش بوو، واتە ئەو خاڵە کە لە هەر رووداوێکی بوونی پەیوەندی رەسەن، «نەسیمێک لە «تۆ»ی سەرمەدی هەیە». لەو رووەوە لە باسکردنی خوا، خۆی دەدزێتەوە لەوەی خوا بەرناسێک لە جیهان وێنابکات، کە دەکرێت ئەوە، چ بە ناوی ئاین و چ بەناوی هەرسیستمێکی جەزمی دیکە، سود، یان کەڵکی لێوەربگرێت (بەوشێوەیەی کە جارێک لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەواڵنێری بی. بی. سی دا وتی(دەبێت دانیپێدابنێم، کە زۆر حەزم لە وشەی ئاین نییەو زۆر خۆشحاڵم کە وشەی ئاین لە کتێبی پیرۆزدا نییە). رەنگە ئێستا بکرێت بەم شێوەیە دوا هەڵوێستی بوبەر کورتبکەیتەوە: روح، کە لە دەسەڵاتی نێوان

مرۆڤ دا هەم وتەزاو هەم مێژووە، شێوازێکە بەوشێوەیە خوا هەیە، بەڵام راست نییە ئەو بابەتە لەگەڵ مرۆڤناسی ئاخاوتنەکانی فیورباخ بەیەک بزانین، کە بە راشکاوی دەڵێت» بوونی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، یەکگرتنی «من» و «تۆ»، خوایە. بوبەر بە راشکاوی ئەو قسەیەی فیورباخ رەتدەکاتەوە و ناویدەنێت «عیرفانێکی خراپ» و بۆی زیاددەکات، کە باشتربوو ئەو دەستەواژەیە ئاوەها دەربببڕدرێت، کە یەکگرتنی «من» و «تۆ» مرۆڤە. لەلایەکەی دیکەوە لە روانگەی بوبەرەوە لە نێو مرۆڤ بوون لە راستیدا بە «تۆ»ی سەرمەدی دەگات: (ئەو «تۆ»یی کە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ دەکرێتە وەرگر، هەمان «تۆ»یە خوا بۆمان دەنێرێتە خوارو ئێمە بۆ خوای دەنێرینەوە). پێموانییە ناڕاست بێت، کە ئەو قسەیە وا راڤە بکەین و مەسەلەی خوا لە روانگەی بوبەرەوە ناکرێت لە دەرەوەی ژیانی رۆژانەدا بیخەیەڕوو، ژیان کە مرۆڤەکان لە ناویدا بە وشەی خۆیان «دەست کوت دەست کوت یەکتری دەدۆزنەوە». لە هەمان دیالۆگی ژیانی مرۆڤ دا، ئەو جۆرەیە کە روح بەدیدێنێت،

کە توانای دوا رووبەڕووبوونەوە دەردەکەوێت.

بوبەر لە وتارێکدا کە هاوینی 1933 نوسیوویەتی، وەک «دیالۆگی نێوان خوایەتی و مرۆڤایەتی» باسی مێژوو دوکات. ئاوەها لەسەری بەردەوام دەبێت:

مانای مێژوو رواڵەتی نییە، کە بتوانم بێلایەن لە ژیانی کەسی فۆڕمی پێبدەم. تەنیا بە ژیانی کەسییە، کە دەکرێت لە مانای مێژوو بگەی، چونکە مانای مێژوو مانایەکی هاودەنگانەیە.

ئەوە فۆڕم پێدانێکی دیکەیە لە هەمان واقعیەتی نێوان مرۆڤەکان کە لەناویدا، رۆح لەبارودۆخی هاودەنگی، تەواو بە مێژوویی دەزانرێت. ئەگەر ئەمڕۆ وشەی هۆمانیزم ئەوەندە وەک کۆد، یان دروشمێکی کۆنینە لەگفتوگۆدا بەکارنەدەهێنرا، دەمانتوانی ئەو واقعیەتە ناوبنێین هۆمانیزم. هەرچۆنێک بێت بوبەر بۆخۆی بوێرانە هەوڵیداوە ناوەڕۆکێکی تەواو دەوڵەمەند بداتە وشەی هۆمانیزم. لە وتارێکی دیکەی بەناوی هۆمانیزمی عیبری، بەمجۆرە وەسفی کتێبی پیرۆز دەکات:

ژیانی مرۆیی لە ژێر رێنمایی خوادا یەکدەگرێت کە دروستی لە نادروستی

و راستی لە درۆ جیادەکاتەوە، بەهەمان ناوزەدکردن، کە قسەی خوا، روناکی لە تاریکی جیادەکاتەوە.... گرنگ ئەوەیە کە لە ساتەکانی بڕیاردان، ئاگامان لە بەرپرسیەتیمان بێت و ویژدانمان بانگهێشت بکەین تا بەشێوەیەکی ورد دیاری بکات کە بە چ رادەیەک پێویستە کۆمەڵگا بپارێزێت و رێک هەربەو رادەیەو نەزیاتر، هەڵە (لەبڕیاردان) دا قبوڵبکەین، گرنگ ئەوەیە کە پێویستی ئیرادە بەتوانا وەک پێویستی خودی ژیان راڤەنەکەین، دەسەڵاتێکی تایبەتی بخەینەلاوە، کە شایەتی فەرمانی خوا نییە.... کاتێک بڕیار لەژیانی گشتی دەدەین، بە پاساو ویژدانمان ئاسودە نەکەین یان رێنەدەین ئەوانی دیکە بە پاساو ویژدانمان ئاسوە بکەن، بەڵکو بە ترس و لەرزەوە لەگەڵ چارەنوس تێکهەڵچین، نەکا چارەنوس گەورەتر لەوەی ناچارین قبوڵی بکەین، بەسەرماندا بسەپێنێت. هەمان لەرزانی دەرزی موگناتیسی {قیبلەنوما} کە هاوکات ئاڕاستە پیشاندەدات. هومانیزمی کتێبی پیرۆزە.

**پەیوەندی بە مەسیحیەتەوە**

لەو کورتە لێکۆڵینەوە رامانییەی بوبەردا، هەوڵمداوە کلیلی تێگەیشتن لەم بابەتە ئاڵۆزەی کە دەیخوێنیتەوە، بڕەخسێنم. دیارە مەبەستم لە هەڵبژاردنی تیۆری بوبەر لە بابەتەکانی نێوان مرۆڤ - تیۆرێک بەگوێرەی دیالۆگ، روبەڕووبوونەوە و پەیوەندی، وتەزایەک ئامادە دەکات، کە بوونی مرۆڤ وەک کارێکی بە مێژوویی بوو نیشاندەدات - ئەوە نەبووە کە هەموو پەیوەندییەکانی رەتبکەینەوە، بە تایبەت ئەو پەیوەندییەی کە دەبەسترێنەوە بە تیۆری پەروەردە و فێربوون و تێبینیەکانی سۆسیۆلۆژیاوە.

بەشەکانی پەیوەندی نێوان چەمکی تەوەری بوبەر و سیستمە زانستییە بێلایەنەکان - لەگەڵ تێکڕای پەیوەندییە مرۆییەکانی لە جۆری تیۆری جوانناسی و تیۆری پێشبینییەکان لەبارەی ژیانەوە - ئاشکراو روونە و دەکرێت لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی بوبەر بە ئاسانی دەربخات، کە لە روانگەیەوە دەتوانین لەژێر رۆشنایی پەیوەندی نایابیان، لە تەواوی چالاکییە مرۆییەکانی نێوان مرۆڤ بگەین،

بۆیە لەپێناو دەرخستنی ئەو خاڵە، گشتگیرتر لە بەرهەمەکانی بوبەر بکۆڵینەوە، بەڵام بەدیهێنەرانی وتەی نوێ (مەبەستی نووسەر ئەو کۆمەڵە کتێبانەیە بەناوی خۆیەوە بڵاوبوونەوە، کە ئەوکتێبە یەکێکیانە – و. ف) پێویستە کەمێک راشکاوانەتر باسی پەیوەندی بوبەر بکەین، بە کریستیانیەتەوە، کە بابەتێکی قووڵ و ئاڵۆزە و لەو باوەڕەدام لە رامانی بوبەرەوە پەیوەندی سۆزداری و تراژیدی نێوان جولەکەو مەسیحی، رەهەندێک دەدۆزێتەوە، کە بۆ سەردەمی ئێمە نوێ و هیوابەخشە، بەڵام گومانم نییە، چ جولەکەو چ مەسیحی، لە سەنگەربەندی فەرمی خۆیان، بە ئاسانی بەدوای ئەوەوە بن کە ئەو ئومێدە ئاماژەیەک قبووڵ بکات.

## وتارخوێنان و فەیلەسوفەکان

دیارە باسی کاریگەری بوبەر بەسەر وتاربێژان و فەیلەسوفەکان ئاسانتر و کەمترە، بەڵام بە دوو هۆ ئەو میتۆدە هەڵنابژێرم. هۆی یەکەم، لیستی ئەو کاریگەرییە ئەوەندە، کە تارادەیەک لە تەواوی وتەکانی (خوایەتی)

نویَ دەکۆڵێتەوە، لەوانە هەندێک وتارخوێنانی کاسۆلیکی رۆمـی و کۆمەڵێک فەیلەسوفی وەک گابرێل مارسڵ و کـارڵ یاسپێرس، کە بەرهەمەکانیان کاریگـەری و رەنگدانـەوەی گرنگی لەسەر وتەکانی هەبووە.

هـۆی دووەم، بـە گشتی بـە کارهێنانی هزرەکانی بوبەرە لەلایەن وتاربێژانەوە، بە ئاشکرا دابەزین و گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی لەخۆگرتووە. بە کورتی دەکرێت بووترێت مەبەست لە وەرگرتنی چەمکی پەیوەندی من - تۆ، بەدیهێنانی میتۆدی راڤەیی، لانی زۆر وەک هۆکارێک بۆ دامەزراندنی ئەبستمۆلۆژییەکی نویَ بـووە. مەبەست لـەو، شێوە جیاجیاکانی رووە و فراوانکردنی تیۆری کەسی ژیان بووە.

کاتێک وادە بە رەسەنێتی کەسی ناودەنێین دابـەزیـن و گۆڕینی شـێوازی بیرکردنەوەی بوبەر، مەبەستم ئـەوە نییە چەمکی تـەوەری بیرکردنەوەی گرنگیی پـەیوەندی کەسی بە شتەکان و مرۆڤ و خواوە نییە. بە هەمانجۆر کە بوبەر بۆخۆی لە پاشکۆیەکی گرنگ بۆ چاپی دووەمی من و تۆ دا دەنووسێت:

وەسـفـکـردنـی خـوا وەک کـەسـێک بۆ هەمووکەسانێک کە، وەک من، کاتێک دەڵێن خوا مەبەستییان باوەڕێک نییە (گەرچی عیرفانییەکانی وەک ئەکهارت هەندێکات «بوون» لەگەڵ خوا بەیەک دەزانـن)، بۆ هەمووکەسانێک نەگۆڕە کە، وەک من، کاتێک دەڵێن خوا مەبەستییان نمونەیەک نییە (گـەرچـی فەیلەسوفانی وەک ئەفلاتون دەیانتوانی خوا بە نمونەیەک بزانن). بۆ هەمووکەسانێک کە وەک من مەبەستیان لـەخـوا کەسێکە هـەرچـی بیـەوێت ئـەوەبێت، مەسەلەکە ئەوەیە لە ڕێگای کاری خولْقاندن، ئیلهام کردن و نەجاتدان، ڕاستەوخۆ لەگەڵمان دەچێتە ناو پەیوەندی بوونـەوەری مرۆڤی و بەم شێوەیە ئەو کارەمان بۆ ئاسان دەکات، کە لەگەڵی بچینە ناو پەیوەندی ڕاستەوخۆوە. ئەو ماناو بنەمایەی بوونمان بـەردەوام پەیوەندی بەرامبەر بەدیدێنێت، لەوجۆرەی کە تەنیا لە نێوان کەسەکان دێتەدی. دیارە چەمکی بوونی کەسی بۆ وەسفی خودی خوا تـەواو دامـاوە، بەڵام ئەوە ڕێپێدراو و پێویستە کە بڵێین خوا کەسیشە.

له درێژەی ئەو بابەتەدا، لەبارەی (وەسفی ناباوی خوا بۆ کەسی رەها، واتە کەسێک کە ناتوانرێت سنورداربکرێت). پێموایە ئێمە بەوقسانە پەلکێش دەکرێینە جیهانێک لە هزر، کە ئالۆزتر لە کورتکردنەوەی ئاسایی واقعیەتە بۆ پەیوەندی کەسێک - لەگەڵ – کەسێکی تر، یان پەیوەندی ناسکار – لەگەڵ – ناسکارە. راستە کە بوبەر بەچەشنێک باسی پەیوەندی بەرامبەری ژیانی ئادەمیزاد دەکات، کە گوایە لە نێوان کەسەکاندا هەیە، بەڵام بەوچەشنەی کە دیتمان هەم لەم پاشکۆیە (پاشکۆی کتێبی من و تۆ) و هەم لە شوێنەکانی دیکە، ئەو دوولایەنە بوون لە وەسفی «یەک - لایەنە بوون» بە جۆرێک رونیدەکاتەوە، کە پێموایە باشترە تیۆرەکەی لە زاراوەی گشتگرتری «پەیوەندی» تێبگەین. ئەو تیۆرە بەهەمانجۆر کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە روانگەی بوبەرەوە پێویستی بەوتەزای رۆحە وەک واقعیەتێکی مێژوویی کە لە نێوان مرۆڤەکان دایە. بە دەربڕینێکی دیکە، بوبەر واقعیەتی ژیانی رۆح لەمێژوودا، بە دیاریکردنی توانای هەموو ئادەمیزادێک دەزانێت، بەڵام

بەهۆی کەسانێک لانیکەم بێهودە نایەتە بەرچاو، کە دەیانەوێت بەشێوەیەکی دوروو درێژتر بەدوای لێکۆڵینەوەی کاریگەری بوبەر بکەون و ناوی هەندێک لە وتارخوێنانی سەرەکی پەیوەست بێنین. فریدریک گوگارتن شیمانە دەکرێت یەکەم کەس بێت کە بەرهەمێکی رێک وتارخوێنی لە سەربنەمای هزرەکانی من و تۆ بێنێتەدی (دەبێت لێرەدا بووترێت، کە بەرهەمی فێردیناند ئیبنەر، یەشێوەیەکی جێگەی سەرنج پێشڕەوی هەندێک لە هزرە بنچینەییەکانی من و تۆیە. ئەو کتێبە بەگوێرەی پێوەرە ئاساییەکان، کتێبێکی نارێک و ناباو، بەڵام پڕ لە رامانی بنچینەیی و داهێنەرە، بە تایبەت لەبارەی ماهیەتی زمانەوە، بوبەر بۆخۆی دەڵێت دوای تەواو بوونی من و تۆ، ئەو کتێبەی خوێندۆتەوە.). ئەو کتێبە ناوی، باوەڕم بە خوای سێیانەیی (1926) هەبوو. لەوکاتە بەدواوە گوگارتن زۆر کتێبی نوسیووە و دەکرێت بەگشتی لەبارەیانەوە بڵێی: گەرچی زیاتر بەرەو گەڵاڵەی مامۆستایانەی چەمکی مەسیح تەوەر لە مێژوودا دەجوڵێن. بەرهەمە گەورەکەی کارڵ هایم {(1874 – 1959): وتارخوێنی

پرۆتستانتی ئەڵمانی، لە 20ی حوزەیرانی 1874 لە ئەڵمانیا لە دایکبوو، وەک مامۆستای خواوەندی لە هال (14 – 1907)، لە مۆنستەر (1914 – 1920) و لەتوبینگ (لە1920 تاکاتی مردنی لە 30ی ئابی 1959) خزمەتیکرد. رەگی رامانی بۆ گۆشەگیری لۆتەری دەگەڕێتەوە و لەکاتی خوێندنی، زیاتر هۆگری ژیانی کڵێسا بوو. لە بابەت فەلسەفە، وتە، ئەخلاق، زانست و مێژووی ئاین، بابەتی نوسیوە و زۆر لەژێر کاریگەری مارتن بوبەر دابووە – و. ف}، باوەڕ و رامان، ساڵی 1931 بەرگی یەکەمی بڵاوبۆوە، لە «شۆڕشی کۆپەرنیکی» باسی ئاخاوتن دەکات کە لەگەڵ «دەرکەوتنی تۆ» روویدا. کارڵ بارتیش (وتارخوێنی ئەڵمانی، لە 10ی ئایاری 1886 لە دایکبووە، لە زانکۆکانی برن، بەرلین، توبینگن و ماربۆرگ خوێندویەتی – و. ف) لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی، تیۆری خوڵقاندن (1998) ئامادەیە چەمکی «روبەڕووبوونەوە» وەک رەخسێنەری بوونی راستەقینە «من» وەرگرێت. بانگەشە دەکات لە شێوەبەندییەکی مەسیح ناسی، تائاستی شایستە

و پێویست بەدوای ئەو چەمکە کەوتووە: ئەوە مەسیحە کە (بۆ هاوجۆرانی خۆی، مرۆڤە و بەمەش شێوەی خوایە). لە یەکەم بەرهەمی دیتریچ بوون هۆفەر (وتارخوێنی ئەڵمانی، لە چواری شوباتی 1906 لە ئەڵمانیە لە دایکبووە و لە زانکۆی توبینگن و بەرلین خوێندویەتی. لە ساڵی 1927 بەکالۆریۆسی لە بەشی زانستی خواناسی وەرگرتووە و لە 1931 تا 1936 لە زانکۆی بەرلین وانەی وتەوە – و. ف)، کار و بون (1931) کەڵکی جێگەی تێبینی لە وتەزای من – تۆ دەکرێت کە بە زۆری لە سەربنەمای هزرەکانی گۆگارتنە. رودۆلف بولتمان (وتارخوێنی پڕۆتستانتی ئەڵمانی، لە 20ی ئابی 1884 لە ئەڵمانیا لەدایکبووە. لە زانکۆی توبینگن، بەرلین، ماربۆرگ خوێندویەتی و لە زانکۆی ماربۆرگ وانەی وتۆتەوە. بە توندی لەژێر کاریگەری هایدگەر دابووەو وەک وتارخوێنێکی ئەگزیستانسیالیست دەناسرێت – و. ف) لە سەرانسەری چالاکی وتارخوێنی داهێنەرو دوورودرێژی خۆی، بۆ پیشاندانی ماهیەتی پەیوەند بە خوا، سود لە تەمسیلی

ژیانی کەسی نێوان مرۆڤەکان وەردەگرێت. پێدەچێت میتۆدی وتەی بوڵتمان، لە میتۆدی تەواوی وتارخوێنانی نوێ لەڕوانگەی بوبەرەوە نزیکترە. ئەو خاڵە جێگەی سەرنجە، کە بوبەر لە پێشەکی دوو جۆر باوەڕ، بوڵتمان بە یەکەم کەس لە چوار وتارخوێن ناودەنێت، کە بە تایبەتی جێگەی ڕێز و ستایشنی (سێ وتارخوێنی دیکە بریتین لە ئەلبێرت شوایتزر، رۆدۆلف ئاتۆ و لیۆنارد رجز)..

قبوولکردنی شێوەیەک لە هزرەکانی بوبەر لەجیهانی ئینگلیزی زماندا، تارادەیەک کارێکی بەڵگە نەویستە. فەلسەفەی من – تۆ هاوشێوەی بەرەوهەوا چوون بووە کە هەناسەی تێدا دەدەین. بۆ نمونە لە هزرەکانی ج، ئێچ، ئۆڵدهام (بەتایبەت لە ژیان وادەیە، 1953)، لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئێچ، ئێچ فارمەر (گەرچی دەربارەی کاریگەری مامۆستاکەی جۆن ئۆمان، هاوسەنگی جێگەی سەرنجی پەیوەندی بە رامانی بوبەرەوە هەیە) و لە بەرهەمی جۆن بایلی (بە تایبەت لە تێگەیشتن و فاممان لە خوا، 1939) سودێکی زۆر لە هزرەکانی بوبەر وەرگیراوە.

جۆن مەک موورای، بە رواڵەت جیا لە بوبەر، تیۆری لەبارەی پەیوەندییە کەسیەکان داناوە و تارادەیەک دەربڕینی فەلسەفییە لە شێوازی بوبەر، کە زیاتر خوازەیی و شیعرییە. دووەم بەرگی لێدوانەکانی گیفۆردی، کەسەکان لە پەیوەندی (1961)، دەکرێت بە باشی بۆ خوێنەرانی بوبەر، روانگەی هاوبەشی هەردوکییان، سەبارەت بە ماهیەتی کۆمەڵی راستەقینە روونبکاتەوە، بەڵام تاکە گەڕانەوەی راشکاو لە بەرهەمی مەک موورای، کە بۆ بوبەر بووە، لە لێدوانی سوارت مۆری، گەڕانە بەدوای راستی لە ئایندا (1965). لەوێ دەنووسێت: (لەم بارەیەوە، خۆم لە روانگەی پێغەمبەرایەتی یەکێک لە گەورەترین بیرمەندانی نوێ، واتە، مارتن بوبەر زۆر نزیک دۆزییەوە).

سەرەڕای، دەبێت دەربارەی زۆرینەی وتارخوێنانێک بەگشتی بڵێین ئەوان ئەو هزرانەیان لە چەمکی سەرەکیدا چەواشە کردووە و لە بارەی زۆربەی ئەو هزرانە، بۆ بیناکردنی شارەزایانە بابەتگەلێکیان

بەکاربردووە، بوبەر بۆخۆی نەدەشیا قبووڵیيان بکات، کە بە شێوەیەکی راشکاو، یان ناوەوەیی هزرەکانی بوبەریان بەکارهێناوە.

**مەسیح**

باش لەبیرمە لەدەرفەتی چاوپێکەوتنم بە بوبەر، کە چەند کەسێکی تریشم لەوانە ج. ئێچ. ئۆڵدهام، مالڤێل چینینگ پیارس و تی. ئێس. ئەلیۆت (شاعیر، شانۆنامەنوس و رەخنەگری ئینگلیزی، لە 26ی ئەیلولی 1888 لە ئەمەریکا لە دایکبوە و ساڵی 1914 کۆچی کرد بۆ بەریتانیا)، بانگهێشت کردبوو، بەم قسەیە دەستم پێکرد: (ئێمە لێرە کۆبووینەوە شوێنکەوتەی، یان لانیکەم میراتگری نەریتی مەسیحین، لەکاتێکدا بوبەر شوێنکەوتەی نەریتی جولەکەیە. بەمەش پێموایە ئەو پرسیارەمان لێکراوە کە هزرەکانی دەربارەی عیسای مەسیح چییە؟).

کاتێک پرسیم، بە رواڵەت قورساییەکەی کاری لە ویژدانی هەموومان کردو مێژووی تراژیدی دەرکەوتنی ئاینی مەسیح لە جیهان، هاوڕا لەگەڵ سەرکەوتنی نائاسایی و کەمتەرخەمییە

ترسناکەکانی، بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشا. بوبەر دوای بێدەنگیەکی زۆر، وتی: (ئەوە پرسیارێکی ناواقعییە). ئەوکاتە روونیکردەوە کە: لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەتان، کتێبی (دوو جۆر باوەڕ) نوسراوە و نابێت چاوەڕێ بکەین ئەوەی لەو کتێبەدا هاتووە لە چەند رستەیەکدا دەری ببڕین. پاشان بەردەوام بوو: ئەگەر لێت بپرسم هزرەکانت لەبارەی برا گەورەکەت چییە، چ وەڵامێکم دەدەیەوە؟ پاشان لە درێژەیدا باسی واقعیەتی جولەکەبوونی عیسای کرد، کە عیسا توانای هەیە لە قووڵایی کەسایەتی و نەریتی خۆی، لە شوێنێک جولەکەیەک بدوێنێت کە کەسێک جولەکە نەبێت نایگاتێ و ناکرێت لەبارەی عیساوە هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی سێیەم کەس بەکار ببرێت: (تۆ ناتوانی واقعیەتی کەسێک بە تەواوەتی دەربڕی کە لە بناگوێتە).

لە من و تۆ هەودای ناسراوە کە ئەو گفتوگۆیە راڤەی ئەو هەودایەیە. بوبەر لەو هەودایەدا دەنووسێت:

«من» وتنی عیسا چەند بەتواناو مەدهۆشکەرە، چەند لەبارو تەنانەت بەڵگە

نەویستە، چونکە ئەو «من» پەیوەندی {«من - تۆ»ی} نامەرجە کە مرۆڤ تێیدا «تۆ»ی خۆی ناودەنێت باوک بە جۆرێک کە بۆخۆی کورە و جگە لە کوڕ هیچ شتێکی دیکە نییە. هەرجارێک دەڵێت «من»، مەبەستی تەنیا دەتوانێت «من» ئەو وشە پیرۆزە بنچینەییە بێت، کە بۆی بۆتە بوونەوەری نامەرج. تەنانەت ئەگەر توشی جیابوونەوە بێت، تەنیاییەکەی زیاترە و لە دەرەوەی ئەو تەنیاییە، ئەوانی دیکە دەدوێنێت. تۆ بێهودە بەدوای ئەوەوەی کە ئەو «من» تایبەت بکەی بەهێزێکی خۆی لەخۆیدا یان «تۆ» بەشتێک کە لە ئێمەدایە، یەکسەر ئەوە بە کارێکی واقعی، واتە پەیوەندی هەبوو نا واقعیەت بکەی. «من» و «تۆ» دەمێنێتەوە، دەکرێت هەر مرۆڤێک «تۆ» بڵێت و ئەوکاتە ئەو کوڕە، واقعیەتی کار لەجێی خۆی جێگیرە.

کاتێک بوبەر دەقە ئەڵمانیەکەی، دوو جۆر باوەڕی تەواو کردبوو، لەو چاوپێکەوتنەدا ناویهێنا، لە نامەیەکدا بۆم نووسی لەو کتێبەدا دەستی بۆ ئەوکارە ترسناکە بردووە کە بەتەنیشت عیساو روبەڕووی پۆڵس بوەستێت.

لە ڕاستیدا ئەو کتێبە بە قووڵی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان مەسیحی ئینجیلی هاوڕای (مەبەست سێ ئینجیلی هاوشێوە، واتە ئینجیلی مەتی، لوقاو مەرقەسە - و. ف) لەلایەک و ڕێنماییەکانی پۆلس و تەواوی نووسەرانی سەردەمی نوێ لە لایەکەی دیکەوە دەکۆڵێتەوە. ئەو بەرەنگاربوونەوەیە، ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان باوەڕ بە مانای «متمانە» و باوەڕ بە واتای «بڕواهێنان» یان باوەڕ بە ڕاستی شتێکە.

ئەوە خاڵێکی وردە. ئایا دەکرێت جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرە باوەڕە بە جیاوازی بنەڕەتی و نێوان دوو کار بزانی، کە لە بنەڕەتەوە ناتەبان؟ پێموایە ناشێت. پێموانییە باوەڕبوون بە ڕاستی شتێک، نکۆڵی توانای پەیوەندی متمانە - پەیوەندی گەڕانەوە بۆ خوا لە دەقی بانگهێشتکردنێکی کەسی بێت، کە سەرچاوە لە بارودۆخی مێژوویی ئێمە دەگرێت -. ئەو دوو باوەڕە پێکەوەن. گونجاو نییە باوەڕم بە ڕاستی شتێک بێت لە بارەی مەسیحەوە مەگەر هەمان دۆخی ڕێگای، واتە متمانەم بە کەسێک بێت، کە ئەو ڕێگایە نیشاندەدات.

بوبەر لە خۆرگیرانی خوا، کە ساڵی 1952 دوای خۆی بڵاوکرایەوە، ئەو رستە ئاڵۆزی ورووژێنەرە دەنووسێت» بۆئەوەی باوەڕمان بە خوا بێت، پێویست ناکات هیچی لەبارەوە بزانین). پێویستە لەم قسانەدا بەهەمانجۆر سەرنج لە لایەنی بزوێنەری بدەین، سەرنج لە راگرتنیشی بدەین. بە دڵنیاییەوە ئەوە راستییەکی قووڵە و لە پەیوەندی بە خوا، بەشێکی نەگۆڕی «نەناسیاو بوونی» هەیە، کە خەڵکانێکی زۆر بە مەیدانی ئاینی جیاواز تێیدا بەشدارن. دەبێت تەواوی کەسانێک ئاگایان لە پێویستی وریایی و بێدەنگی بێت، کە زات ناکەن ناوی خوا بێننە سەر زمان. لە بەرامبەردا، زەحمەتە وێنای ئەوکارە، کە هەر بابەتێکی متمانەی دۆگمایی راشکاو، پاشان ئارەزو بۆ بانگهێشتکردن بۆ ئاینی خۆی، بتوانێت هاوکات ئەو وریایی و بێدەنگییە پێویستە بپارێزێت.

سەرەڕای، دەبێت بوترێت هەرچەند متمانە، لە دڵی هەر رادەیەکی باوەڕ بەخوا دایە، چونکە متمانە بەردەوام پێویستی کاری ترسناکی ئەودیو یەقینییەکانە، کە رەنگە ئێمە «لەبارەی»

خـوا بیـزانـین، بـەڵام خـودی ئـەو متمانەیە قەڵەمبازێک نییە لەتاریکیدا، بەڵکو متمانە بەکەسێک (خوا)یە، بە مانایەکی ئاڵۆز و هاوکات نەک نەرێنی، بە شایانی متمانە دەزانرێت. ئەو شایانی متمانەبوون بە پێی توانای مێژوویی دەیناسین، کە بە رووماندا کراوەتـەوە. ئەوە، چ بۆ جولەکە و چ بۆ مەسیحی، لە بنچینەی سەرهەڵدانە مێژووییەکان مـانـادەدات، کە لە مێژووی ئیسرائیل دا، بۆ ئێمە لە دۆخی کۆمۆن دایە.

**مێژوو**

کەوایە بە قووڵکردنەوەی چەمکی مێژوو وەک دیالۆگی قووڵ و بەردەوامی نێوان خوا و مرۆڤە، کە لەوانەیە تێگەیشتنمان لە باوەڕدا قووڵبێتەوە (دەتـوانـم خوێنەر بۆ کتێبەکەم «مەسیحیەتی سیکولار» «کولنیس 1966» بگێڕمەوە، کە لـەبـارەی پـەیـوەنـدی بـاوەڕ و مێژوو زیاتر لەمان هۆگری هێماکانە). پێدەچێت لەم بارەیەوە هەرچەند نەریتەکانی جولەکە و مەسیحی، بە بەڵگەی دانپێدانانی تایبەتییەوە کە

لەبارەی هەندێک کارەساتی مێژوویی هەیانە، بە تایبەت کارەساتی عیسا وەک مەسیح، لە راستیدا لێکجیادەبنەوە، بەڵام بەهۆی ئەو کارەساتەوە پەیوەندییان پێکەوە کردووە. لێکۆڵیاری کاسۆلیکی رۆمی هانس یۆرس ڤۆن بالتاسار («88 - 1905»، وتارخوێنی کاسۆلیک، لەسویسرا لە دایکبووە و نزیکەی 60 بەرگی کتێبی لەبارەی وتە، فەلسەفە و کاروباری مەعنەوی نوسیووە. بەرهەمی سەرەکی گەورەیی خوایە و ساڵی 1961 بڵاوکراوەتەوە - و. ف) بە شێوەیەکی زەق بەمچەشنە شرۆڤەیدەکات:

رەنگە جولەکە و کاسۆلیک بە درێژایی زیاتر لەهەزار ساڵ تەنیا چەند وشەیەکیان پێکەوە ئاڵوگۆڕ کردبێت، پتشییان کردبێتە یەکتری، رەنگە گوێیان نەدابێتە یەکتری و تەنانەت دووژمن بن، بەڵام هاوکات وەها پێکەوە نوساون و لەسەرتاسەری سەردەمەکان بۆ هێنانەئاراوەی جۆرێک تیری قامچی، یان جۆرێک ئامێری ئەشکەنجەدان لەپشت یەکترییەوە بوون، چونکە «نەتەوەی خوا» کۆن و نوێ، هەر دوو پێکەوە

گرفتاری سەرپێچییەکی ئاینی جیانەبووەوەن.

وابـاشـتـرە خـــوازەی بــەشــداربــوون لـە سەرپێچییەکی ئاینی جیـانـەبووەوە وەک لانی زۆری شتێک کە دەکرێت بوترێت قبوولکراوە، بەڵام غیرەتم وەبەرخۆم نایەوە و کەمێک لەوە زیاتر دەڵێم و هاوکات ئومێدەوارم نەبێتە هۆی سەرپێچییەکی ئاینی درۆین و لەخشتەبەری دیکەی نێوان جولەکەو مەسیحیەت. بەدڵنیاییەوە ئەوە حەقیقەتی قووڵی مێژووی ئیسرائیلە، هەم ئیسرائیلی کۆن و هەم نوێ، کە ئێمەی جولەکە و مەسیحی بە هاوبەشی خوازیاری ململانێ و بانگهێشتی ئەو مێژووەین. بەم شێوەیە بوبەر دەنووسێت:

مانای مێژوو وێنایی نییە، بکرێت بەبێلایەن لە ژیانی کەسی خۆتدا شێوەبەندی بکەی، دەکرێت بە ژیانی کەسیی دەستت بە مانای مێژوو بگات، چونکە مێژوو مانایەکی دیالۆگیانەی هەیە.

رەنگە تەواو هاوڕای ئەو قسانە بین، بەڵام هاوکات هەست بە ئەرک دەکەین و بڵێین ئەو رووداوە مێژووییە بە بەشێک لە مەسیح، وەک کامڵبوونی مانای دیالۆگیانە راڤەیدەکەین. پێشتر بیرمان هێنایەوە، کە بوبەر چۆن ئەو قسانە لە

مەیدانی شیکردنەوە «هۆمانیزمی عیبری»، لەمەڕ مانای دیالۆگیانەی مێژوو بەکاردەهێنا. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، ئێمە دەتوانین لە مەسیح، ئامادەیی تەواوی هەمان هۆمانیزم بە گوێرەی هەمان مانای دیالۆگی، لە کامڵترین کۆمەڵی شیاوی وشەی خوا لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، پشتڕاست بکەینەوە،بەڵام بوبەر ئەوەندە درێژەی پێ نادات. لە وتارێکی راشکاوانە کە لەبەردەم کۆمەڵێک لەبارەی «پەیامی ئەڵمانی بۆ جولەکەکان» لە ساڵی 1930 نووسی، باسی «رزگار نەبوونی جیهان» دەکات. (جولەکە ناتوانێت پشتڕاستی بکاتەوە رزگاریان بووە، دەزانن رزگاریان نەبووە) تێگەیشتن لە تیۆری مەسیحی رزگاری ئەوەیە، کە ئەو تیۆرە لە سەربنەمای «ژیانەوەناسی ئاخر زەمانی»یە، بۆیە دەنووسێت:

جولەکە بە هاوکاری هێزێکەوە کە لوتفی یەکەمی پێدراوە و هیچییەک لە تاقیکردنەوە مێژووییەکان هەرگیز لێیوەرنەگرتۆتەوە، لە بەرامبەردا بەرگری لە دابەشکردنی بنەمای نەفس و جیهان دەکات و بنچینەی ئەو چەمکە

پێکدەهێنێت، بەگژ چەمکی شەقبردنی خوایی دا دەچێتەوە، بەوپەڕی شڵەژاوی بەرگریتۆقێنەری ئەشکەنجەدانی ئەبەدی هەموانی (قیامەت) دەکات.... باوەڕی پێغەمبەر بە ڕۆژی قیامەت، گەرچی زۆر بنچینەییە، بەڵام خۆماڵییە، ئەو باوەڕە بە رۆژی قیامەت، بە هەموو پێداویستییە زەروریەکانی، لە دوانەخوازی ئێرانییەوە دروستکراوە، هەر لەسەر ئەو بنچینەییە، باوەڕی پێغەمبەر وادەی کۆتایی هاتنی ئەفراندن دەدات، بەڵام لە وادە بە رۆژی قیامەت، ئەفراندن بەهۆی جیهانێکی دیکە، کە تەواو لە رووی زاتەوە لێی جیاوازە، لەناودەچێت و دەپوکێتەوە، باوەڕی پێغەمبەرایەتی باوەڕیوایە زەوی پیرۆز دەبێت، باوەڕ بە رۆژی قیامەت بێهیوایانە بڕیار بە چارەنوسێکی شومی دەزانێت....

دەبێت لەم بارەیەوە بڵێین، کە ناکرێت بەم چەشنە ئاسانییە وەسفی مەسیحیەت بکەی. بۆخۆم زیاتر ئارەزودەکەم تێکڕای هەوڵەکانی مەسیحیەت لە ماوەی نەوەکان بە پێی خۆدزینەوە لە راڤەی دوانەخوازانەی جیهان شیکاربکەین. مەسیحیەت بەشێوەیەکی لەبار خۆی لەوە دەدزێتەوە، کە

مێژوو بەگوێرەی زاراوەی مەرکیۆنی (مەرکیون لە بەناوبانگەکانی مەسیحی سەدەکانی یەکەم و دووەمی زایینیەو سەربە غنوسیەیە و بە رواڵەت بە دوو خوای خێر و شەڕ رازی بوون. کڵێسای مەرکیۆنی رکابەری کڵێسای کاسۆلیک بوو، لەوێدا بە گوێرەی رێنماییەکانی پۆلس لەسەر رزگاری بەهۆی باوەڕەوە جەختی لێدەکرێتەوە - و. ف) یان هەر جۆرە دوانەخوازی بنەمایی راڤە بکات. ئەو مەسەلەیە لە سەردەمی ئێمەدا، بە وردی و شێوازی نوێوە، واتە باسی ناسراو بە «ئەفسانە سڕینەوە» خراوەتەڕوو. ئێرە جێگەی ئەوە نییە لەم بارەیەوە بە دوورودرێژی باسی بکەین، بەڵام دەتوانین بە کورتی بڵێین ئێمە بە راڤەکردنی شێوەکانی هزری ئەفسانەیی، لەوانە هەڵسانەوەناسی لە سەربنەمای رۆژی قیامەتە کە دەتوانین لە قووڵایی ئەو دیالێکتیکە بگەین، دیالێکتێکی نێوان باوەڕ بەوەی کە «تەواو بووە»، مەسیح هاتووە، رزگاری بووە (نەک ئەوجۆرەی بوبەر دەریدەبڕێت کە «حاڵەتێک لە رزگاری هەیە») باوەڕ بەوەی کە هێشتا کاتی نەهاتووە، هێشتا «کۆتایی» نەبووە.

پێموایە ئەو دیالێکتیکە زۆر بە بەرهەمە، لە بنچینەوە هاوشێوەی هەمان دیالێکتیکی باوەڕی جولەکەیە. ئێمە لەو ڕێگایە داییین و لە هەمان ئاقار رادەمێنین. مەسیحیەت تەنیا لە مەسیحیەت دایە کە نهێنی دیالۆگی لەگەڵ خوا، لە خاڵی سەرنجی بە ئازاردایە کە کۆتاییەکەی دیاری دەکات و دانی پێدادەنێت. هاوکات هیچ جۆرە ئارەزویەکم نییە وەک خاوەندارییەکی مفتی یەکلاییکەرەوەی هەموو شتێک نیشانیبدەم، بەشێوەی کۆمەڵێک لە مەسەلەکان کە مەسیحیەک ئۆباڵی بۆدەکێشێت، یان تەنانەت بەشێوەی روانگەی راستی و تەواو نوێ دەرهەق زاتی خوا، کە مەسیحی بە مەسیح وەفادار دەمێنێتەوە. باوەڕمان بە دەرکەوتنی مێژوویی خوای مەسیح، لێکدژییەکی مەرکیۆنی، یان دژایەتییەکی ئێرانی (مەبەستی نووسەر لە «دژایەتی ئێرانی»، هزری دوانەییە کە دەدرێتە پاڵ ڕێنماییەکانی زەردەشت – و. ف) دەربارەی واقعیەتی گفتوگۆی مێژوویی خوا لەگەڵ ئیسرائیل نییە، بەڵکو لوتکەی ئەو گفتوگۆیەیە.

**«خۆشویستنی هەموو مرۆڤەکان»**

لە سەردەمی ئێمەدا بۆ کەسێکی مەسیحی شیاو، تەنانەت پێویستە کە فێربێت دانپێدانانی مەسیحیەکەی، شێلگیرترو خەمبارتر لە سەدەکانی دیکە، ئەرکی پێدەسپێرێت مانایەک بێنێتەدی، کە وشەی گرنگی «خۆشەویستنی هەموو مرۆڤەکان»، بۆ ژیانی هەیەتی. بەمەش ئەو ئەرکە، تەنانەت نابێت ئامادەبێت بڵێت لەو روانگەیەوە لە هەموو مرۆڤەکان جیاوازە، کە مەسیحییە و ئەوانی دیکە مەسیحی نین. ئەوە روانگەی سەردەمی ئێمەیە مەسیحیەکی دانپێدانەر زیاتر ئامادەیە، بە لێکدانەوەی دیتریچ بۆن هۆفەر، دانی پێدابنێت کە مەسیحی بوون، بە مانای خاوەن دیانەتێکی تایبەتی بوون، یان پەیڕەوی لە شێوەیەکی تایبەتی چلەکێشی (وەک تاوانبارێک، تۆبەکارێک، قەشەیەک) نییە، بەڵکو مرۆڤ بوونە. نەک ئەنجامدانی کارێکی ئاینی تایبەتی، بەڵکو بەشدارکردنە لە ئازاری خوا لە ژیانی ئەو جیهانە کە مەسیحی مەسیحێک دروست دەکات.

دەبێت راشکاوانە دانی پێدابنێین زۆربەی رەخنەکانی بوبەر لەبارەی خستنەڕووی

مەسیحیەت بەدرێژایی سەدەکان، بەهای ڕاستەقینەی هەیە. بە تایبەت دوانەییەک کە بەردەوام ئارەزوی غەنوسی و مەکیۆنی بە بێکەڵک و بێبایەخ دانانی ئەم دنیاو دانانی ناوەندی گرنگی باوەڕە لە دەسەڵاتی ئەودیو سروشت و ئارەزوی ڕەتکردنەوەی ڕوانگەی بنچینەیی عیبرییە لەبارەی یەکگرتنی جیهانی مێژوویی و پیرۆزکردنی ژیانی ڕۆژانەیە، دەبێت وەک ڕەوتێکی کورتی دیالۆگی نێوان خوا و جیهان ڕەتبکرێتەوە. نە جولەکە و نە مەسیحی هیچکامیان ناتوانن لێکجیاکردنەوەیەکی لەم چەشنەی نێوان ڕۆح و لەش، نێوان ئەم جیهان و «جیهانەکەی دیکە» ئەوجۆرە قبووڵبکەن، کە لەودیو سروشتەوە، داواکاری دوایی دەردەبڕدرێت. هەرلێرەدا، لە هەمان جیهانی تاقانەیە بانگهێشت دەکرێین تا ئۆباڵی بۆ بکێشین کە هەرچۆنێک بێت مانایەک هەیە، بەڵام مانای ئەو قسەیە ئەوە نییە، کە دەکرێت لەم دنیایەدا، سەرکەوتن بە گرەنتی حەقیقەتی بزانین. پێموایە بوبەر لە کۆتایی تەمەنیدا را بوو، دەکرێت دامەزراندنی سەرکەوتوانەی کێڵگەی

سۆسیالیستی لە ئیسرائیل، بە سەلماندنێک بۆ راستی بابەتەکانی خۆی وەربگرێت. رەخنەکەی باڵتارس لێرەدا گرنگیی زۆری هەیە:

رای بوبەر دەرهەق چەمکی جولەکەی نەبووت، ئەو توخمە باڵاڕۆییەی تێدا نییە کە کامڵبوون پێویستی پێیەتی، ئەو تێگەیشتنە لە نەبەوەت هەرگیز گوزەر بە دەورووبەری خۆیدا ناکات و لە گەڵاڵەی هزری خۆی، بە حەپسکراوی دەمێنێتەوە، سەرئەنجام بە قەولی پێچەوانەی نەریت... بە ئایدیالگەرایی کۆمەڵایەتی دەشکێتەوە.

سەرەڕای گرنگی پەیامی بوبەر، یان تەنانەت دەربارەی پەیوەندی بە مەسیحیەتەوە، دواقسە نییە و مەسیحیەت هەرچۆنێک بێت واقعیەتێکی چەند رەهەندییەو ناکرێت تێکڕای ئەو چیرۆکە بە ئاسانی کورت بکەیتەوە، بەڵام دەتوانین بە ئەنجامێکی کرداری بگەین، کە بۆ تەکنیکی دەستەبەربوونی رێککەوتن زۆر گرنگە. جولەکە ناتوانێت و مەسیحی نابێت ئاینی خۆی بگۆڕێت، هیچ جۆرە «یان ئەم یان ئەو»ێکی ئاسایی لە نێوان جولەکەیی و

مەسیحیەتدا نییە، هەردووکیان بەشێکن لە تاکە رزگارییەک کە بەڵێن بە هەموو خەڵک دراوە. بە دەستەواژەیەکی دیکە و وەک ئەنجامێکی ئاخاوتەیی، دەبێت سەرنج لەو راستییە بدەین کە جولەکە و مەسیحی لە پەیڕەویکردنی یەکتری دا کۆکن. ئەو راستییە بەخششێکی پیرۆزە. بەگوێرەی بنەما گشتییەکان کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێمە، دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ قسەکردن لەسەر واقعیەتی خوا کە بکرێت جێی باوەڕی هەموان بێت، رۆژانە سەخت بووە. جیهانی «ئەو» گەشە و فراوان دەبێت تا وەک کابوسێک سێبەر بەسەر تەواوی ئەوەی هەین و ئەنجامیدەدەین دا بکات. تاکە ئومێدێکی هاوبەش کە بۆ هەموومان دەمێنێتەوە ئەوەیە بەگژ تەحدادا بچینەوە. بە لێکدانەوەی بوبەر: «مرۆڤ» بە بێ «ئەو» ناتوانێت بژیت، بەڵام کەسێک مرۆڤ نییە کە تەنیا لەگەڵ «ئەو»دا دەژیت.

**هزرەکانی بوبەر**

1. فەلسەفەی جولەکە بوون: بوبەر ئیلهامی جەختکردنەوەی لە جولانەوەی حەسیدی، بۆ

پیرۆزکردنی چالاکییە مادی و دنیاییەکان بووە، ڕێنماییەکانی سەرهەڵدانی تەرکە دنیایانەی سەدەی هەژدەی جولەکەی لەچوارچێوەی ڕەبیانی، یان حاخامییان جیاکردەوەو ڕاڤەیەکی وجودی دەربارەی سەرلەنوێ بیرکردنەوەی نووسی. بە ڕەتکردنەوەی ڕاست ئاینی (orthodoxy) لەدینداریدا داهێنەر، تاک، خۆڕسک لە بەرامبەر ئاین وەستایەوە و داکۆکی لە جێگرتوو کرد. کارێک کە ڕووبەڕووی دژایەتی توندی پیاوانی ئاینی جولەکە بووە. بوبەر لە جەختکردنەوەی لە ئەفسانەو هەقایەت و عیرفان، زۆر لە نەریتی لێکۆڵینەوەی مێژوویی جولەکە و خواوەندیەتی عەقڵگەرا دوورکەوتەوە.

بوبەر لە بەرهەمە ڕاڤەییەکانی خۆی لەمەڕکتێبی پیرۆز، لەوانە باڵادەستی خوا (1932)، موسا (1946)، باوەڕی پێغەمبەرانە (1949)، لە بابەت کتێبی پیرۆز (1968)، ئاگایی وجودی و میتۆدی لێکۆڵەرانەی متوربە کرد و بەم شێوەیە هەوڵیدا سەرلەنوێ ئەو کاتانە ئاشکرا بکات، کە دەقی کتێبی پیرۆزیان

لێوە هاتووە. لەو باوەڕەدابوو دەقەکانی پیرۆز سەرچاوەیان لە گێڕانەوەی دەماودەم گرتووە. لەسەر ئەو بنەمایە تەوراتی عیبری وەرگێڕا، کە جەختی لە هێزی شاعیرانە و سۆزی زمانی دەکردەوە و نیشانەی روانگەی بوبەر بوو بۆ کتێبی پیرۆز، وەک راپۆرتێکی دیالۆگی بەنی ئیسرائیل لەگەڵ خوا. سەرەتا بە هاوکاری فرانتس رۆسن زویک ئەو گەلاڵەیەی گرتە ئەستۆ و لە ساڵی 1962 کۆتاییهات.

2. فەلسەفەی پەیوەندی و دیالۆگ: بوبەر لەژێر کاریگەری عیرفانیی وەک بومە و ئۆکهارت، ئەگزیستانسیالیستەکانی هاوشێوەی کیرگەگۆر و نیچە و تیۆرسێنانی کۆمەڵایەتی ئەڵمانی تونیس، زمیل و ڤێبر لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە هزر و ژیانی مۆدێرن، مرۆڤ لە خودێتی رەسەن و راستەقینەی، لە کەسانی دیکە، لە سروشت و لەخوا بێگانە و دووردەخاتەوە. گەرچی بوبەر دوای جەنگی جیهانی یەکەم رای لە فەلسەفەیەکی تاکخوازانەوە بۆ فەلسەفەیەک گۆڕی، کە ریشەی لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی

دابـــوو، وشـــەی(Lithe (intermundane des Zwischenmensch بۆ وەسفکردنی ئەستێرەی شاز و تاقانە، پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان (کەسەکان) بنیاتنا. چەمکی بنچینەیی فەلسەفەی پەیوەندی و دیالۆگی خۆی لە کتێبی (من و تۆ) Ich Und Du (چاپی 1923 کە لە ئینگلیزیدا بە I and Thou وەرگێڕدراوە) هێناوەتەوە.

بـــوبـــەر لـــە فـــەلـــســـەفـــەی شـــێـــوازمـــەنـــد (سیسـتـمـاتـیـک)، خـۆی بـــەدوور دەگــرت و وەک کیرگەگۆر و نیچە، هەوڵیدەدا شێوازی تێگەیشتن و وەرگرتنی خەڵک لەپەیوەندییان بـەتـێـکـڕای مـرۆڤـەکـانـەوە، جـیـهـان و خـوا بگۆڕێت. فەلسەفەکەی بە دەوری تـەوەری دوو شـێـوازی پەیوەندی (مـن – تـۆ) و (من – ئەو)دا دەخولێتەوە. پەیوەندی من – ئەو، لێڕوانینێکە بە ئاڕاستەی ئامانج و ئامێرییەو بەگوێرەی کەڵک وەرگرتن و بە کاربردنیان بە ئەوانی دیکە دەمانبەستێتەوە. هەرچەند لێڕوانینی ئامێری لە مەیدانی تەکنەلۆژیا و چالاکی کـرداری گـونجاوە، بـەڵام سەپاندنی

بەسەر دەسەڵاتی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان نەخافڵی و نامۆبوونی زۆری لێدەکەوێتەوە. لەمجۆرە پەیوەندیەدا، لەجیاتی ئەوەی ئێمە وەک بوونەوەری شازو خۆی لەخۆیدا بەهامەند رەفتار لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا بکەین، بۆ ئاستی شتەکان یان ئامرازەکان دایان دەبەزێنین و بۆ پێویستی و ئامانجەکانمان سودییان لێوەردەگرین، لەبەرامبەر ئەو لێڕوانینەدا، لێڕوانینی لە سەربنەمای پەیوەندی من - تۆیە. لە ڕێگەی پەیوەندی راستەوخۆ و بەدەر لە ئامانج تەوەری، تاک وەک ئامانجێک (تۆ، You) بە ئەوی دیکە دەبەستێتەوە نەک وەک هۆکارێک (ئەو، It) و پشتگیری پێگە تاقانەکەی دەکات و باریدەهێنێت. ئاگادارکردنەوەی پەیوەندی (من - تۆ)، هەستێکی بەهێز و پڕ لە ماناو ئامانجمەندمان پێدەبەخشێت و نا ئامادەیی تاقیکردنەوەیەکی لەم چەشنە، کاریگەری نا مرۆڤایەتی و داماڵراو لە مرۆڤایەتی هەیە.

لە کاتێکدا بەردەوام دەبن، کە پەیوەندی (من - ئەو)، بنەماو رێساو یاسایان هەیە، پەیوەندی

(من – تۆ) گوزەراو ناجێگیرو ئاقیبەت لە ڕەوتی ڕوو لە دابەزین بۆ پەیوەندی من – ئەو دەگەڕێنەوە. بوبەر هەرلەوبارەیەوە لە کتێبی من و تۆ دا دەنووسێت: (هەر پەشیمانییەک لە جیهان لە سەربنەمای سروشتی خۆی، ئەو بڕیارەی بەسەردا دراوە کە ببێتە شتێک، یان لاینکەم چەندان و چەندینجار بچێتە دەسەڵاتی شتبوون و چۆنیەتەوە.) بەهۆی پەیوەندی (من – تۆ)، مرۆڤایەتی خۆمان بەدیدەهێنین. بوبەر لەکتێبی مەعریفەی مرۆڤ دا دەنووسێت: (هەرکەسێک بەردەوام لەلایەن پەیوەندی دەروونی لەگەڵ ئەوانی دی فۆرمۆلە دەبێت و داخوازییەکی دوانەی هەیە: کە ئەوجۆرەی هەیە، تەنانەت ئەوجۆرەی دەکرێت ببێت، ئەوانی دیکە پشتیوانی لێ بکەن و توانای دەروونی هەبێت و هەربەوجۆرەی ئەوانی دیکە پشتگیری لە خۆی بکات.) ئێمە لە دیالۆگ و گفتوگۆی ڕەسەن و واقیعی پشتگیری لە کەسێکی دیکە دەکەین، کە هەیە و دەکرێت ببێت. فەلسەفەی پەیوەندی و دیالۆگی مارتن بوبەر، کە لە بەرهەمەکانی وەک نێوان مرۆڤ

و مرۆڤ (1961) و مەعریفەتی مرۆڤ (1945) بە تێروتەسەلی شیکراوەتەوە و بنەمایەکی بۆ تیۆری کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسی فەلسەفییەکەی رەخساند.

باوەڕی ئاینی و تۆی ئەبەدی: بوبەر تێڕوانینی لە سەربنەمای پەیوەندی ئاین خستەڕوو، لە بەرهەمەکانی وەک دوو جۆر باوەڕ (1951)، خۆرگیرانی خوا (1952) و خێر و شەڕ (1953) گرنگی و درێژەی پێدا. هەرچەند پشتگیری توانای رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی مرۆڤایەتی – خوایی دەکرد، پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی بە پێگەی ژیانی ئاینی رەسەن و راستەقینە دادەنا. بە لێکدانەوەی، پەیوەندی (من – تۆ)ی نێوان کەسەکان کاتێک گەشەبکات، بە تۆی ئەبەدی (Eternal You) دەگات. ئێمە بە رێزدانان بۆ ژیانی مرۆڤەکان و بوونەوەری زیندوی دیکە، ئاین دەکەینە ژیان. بە پشتگیریکردنی تایبەتمەندی و توانای شازییان، شەبەنگی رووناکایی خوا لە هەریەکێکییاندا باردەهێنین و بەوهۆیەوە لەجیهاندا زیاتر هەست بە

ئامادەیی خوا دەکەین. بوبەر لەکتێبی من و تۆ، لەشیکردنەوەی ئەو بابەتەدا بەم شێوەیە نمونە دەهێنێتەوە: کاتێک پیاوێک ئاوەها ژنێکی خۆشدەویت کە ناسنامەی ژنەکەی بیرنایەتەوە، (تۆ)ی چاوەکانی ئەو ژنە رێ بەو پیاوەدەدات تا بە تیشکی «تۆ»ی ئەبەدی رابمێنێت، بەلاّم ئەگەر پیاوێک هەولّبدات پەیکەری ژنان بەردەستبکات، ئایا دەکرێت جیلوەیەک لە ناسنامەی ئەبەدی رووبەڕووی شەهوانیەتی ئەو ببینێت؟

بوبەر بە لێکدانەوەی «تۆ»ی ئەبەدی باسی بوونی خوا دەکات و بەهۆیەوە ئەو رایە دێنێتەپێش، کە پەیوەندی بە خواوە بەگوێرەی پەیوەندی (من - ئەو) نەشیاوە. راستەوخۆ لەئیلهامماندا رووبەڕووی ئامادەیی کاری خوایی دەبینەوە . ساتەکانی رووبەڕووبوەنەوەی خوایی - مرۆڤ وەک هەموو ساتە گرنگەکانی پەیوەندی، لە تەنگوچەڵەمەی وتاری چەمکی رادەکەن. کەچی بەهۆی شیعر و حیکایەتەوە، زۆر باش دەگوازرێنەوە. پەیوەندی راستەقینە، کە هەم

ئاگاداری کۆمەڵی ڕەسەنە و هەم گەشە و دەوڵەمەندی زیاددەکات، لەپەیوەندی ڕەسەن و ڕاستەقینەی نێوان ئەندامانی ئەو کۆمەڵە و پەیوەندی نێوان ئەندامان و ڕابەر دا هەیە.

2. خۆرگیرانی خوا: یەکێک لە تەوەرەکانی هزری بوبەر ئەوەیە، کە خوا سەربە زاتی مرۆڤ نییە، حەقیقەتی ڕەهایە، سەرچاوەی نامرۆڤی هەیە، هەر بەو پێیە ڕەخنە لە ڕوانگەکانی سارتەر، هایدگەر، بە تایبەت یۆنگ دەربارەی خوا و ئاین دەگرێت. بوبەر لە ڕەخنەگرتن لە بۆچوونی سارتەردا دەنووسێت (سارتەر بێ ئەوەی لەخۆی بپرسێت کە گوێگر نەبووین لە بێدەنگی خوا چ ڕۆڵێک بینراوە، بە مەسەلەی بێدەنگی خوا دەستی بە کارەکەی کردووە.) بوبەر ڕوانگەکانی هایدگەر بە قووڵتر و ئەرێنیتر لە سارتەر دەزانێت، بەڵام ڕەخنەشی لێدەگرێت و ڕای هایدگەریش لەو ڕایانە دەزانێت کە بە بوونی ڕەها، سەقامگیر و جەوهەری خوا نیین، هەروەها بوبەر ڕای یۆنگی بە بابەتێک لە لاوازی وەرگرتنی ڕەها دەزانی، کە بەجیا لە مرۆڤ دا هەیە. دەنووسێت:

نەک تەنیا زانستی دەروونناسی، بەڵکو هیچ زانستێکی (ئەزموونی) دیکە دەسەڵاتی نییە لە حەقیقەتی باوەڕ بە خوا بکۆڵێتەوە. بوبەر لەوباوەڕەدایە باڵادەستی پەیوەندی من – ئەو لە کۆمەڵگەی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و زهنیەتخوازی بنەمایی هزرەکانی مۆدێرن، نابینایی مەعنەوی لەمەڕ ئامادەیی راستەوخۆی خوای لێدەکەوێتەوە کە دەستڕاگەیشتن بە توخمی ئەودیوی ئەزموون مەحاڵ دەکات. لە راستیدا خودی لێکدانەوەی خۆرگیرانی خوا چ جای جێگرەوەیەک بێت، کە بوبەر بۆ وتەی بەناوبانگی نیچە دەربارەی ئاوابوونی بەهاکانی خوایی بووە. بەم جیاوازییەی کە لە لێکدانەوەی خۆرگیرانی خوادا، ئومێد بە خۆدەرخستنەوەی پەروەردگار و بەهرەمەندی لە تیشکی خواییدا پەنهانە. بوبەر رایدەگەیەنێت تەنیا بە پەنابردنە بەر واقعیەتی ئەزموونکراوی خوای جەوهەر و نە بەهیچ رێگایەکی دیکەیە دەتوانین لە گێژاوی بێمانای سەردەمی مۆدێرن خۆمان بە سەلامەتی رزگار بکەین و روو بەرەو خوا کردنیش لە هەموو حاڵەتێکدا شیاوە.

# ئایا بەگژداچونەوەی خوا مەحاڵە؟

ویلیام ئەی. کۆفمان

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

**ئاماژە**

مارتن بوبەر (1878 – 1965)، بیرمەندێکی گرنگی یەهودی سەدەی بیستە. بوبەر زۆر لەبارەی جولەکە و تایبەت بە جوڵانەوەی سەدەی هەژدەی حەسدیزم نوسیووە. کتێبە بە ناوبانگەکەی، من و تۆ (1923)، لە راستیدا سەرە قەڵەمی تێڕوانینەکانیەتی. لەم کتێبەدا پەرەی بە تیۆرە تایبەتیەکەی داوە و باسی لێکجیاکردنەوەی پەیوەندی من – ئەو و پەیوەندی من – تۆ دەکات. خۆرگیرانی خوا (1952) کتێبێکی دیکەی بە ناوبانگی بوبەرە. تیۆری بوبەرە کە لە سۆنگەی رووبەڕووبوونەوەدا دەتوانین خوا بناسین. ئەم دەقە لە رەوتی تێفکرینی بوبەر بە تایبەت لە پرۆسەی پێکهاتنی روانگە تایبەتیەکانی کتێبی من و تۆدا، لە هۆکارە کاریگەرەکانی بەسەر کەسایەتی فکریەکەی دەکۆڵێتەوە و لە درێژەیدا، چەمکی خۆرگیرانی خوا و پەیوەندی بە مەسەلەی هۆلۆکۆستەوە تاوتوێ دەکات. نوسەر سەرەڕای ستایشکردنی گونجانی هزری مارتن بوبەر و بەهرەمەندی لە دەزگایەکی هزری شێوازمەند، لە کۆتاییدا رەخنە لە هەندێک لە راکانی بە تایبەت خۆرگیرانی ئەندێشەی خۆرگیرانی خوا دەگرێت.

**پێشەکی**

گرووپەکانی رووبەڕووبوونەوە لە ئەمڕۆدا، باوترین شێوازی چارەسەری دەروون شیکارییە. ئەو گرووپانە لەو کەسانە پێکهاتوون، کە لە دەوری یەک کۆدەبنەوە تا بە رێنمایی چارەسەرێکی دەروون شیکاری، هەستەکانیان دەربڕن. بە هۆی راستگۆیی دوولایەنە، خۆئاشکراکردن و هەڵدانەوەی حەقیقەتی بوون، هەوڵدەدای چارەسەریانن. ئەو کەسانە بە تێگەیشتن لەو خاڵە گرووپیان پێکهێناوە، کە خۆیان چارەسەریان پێنادۆزرێتەوە. پێویستییان بە یەکترە. هەوڵدەدەن لە سۆنگەی رووبەڕووبوونەوەو پەیوەندی راستەوخۆ، راستگۆیانە و کەسی چارەسەر بدۆزنەوە.

بۆیە ئێستا رووبەڕووبوونەوەو بەگژداچوونەوە (لەم مانایەدا) باویەتی، بەڵام زاراوەی (رووبەڕووبوونەوە) تەنیا پەیوەندی بە دەروونناسییەوە نییە، بەڵکو لە ئیلاهیاتیشدا گرنگە. چاوگی ئەو گرنگییە تائاستێکی زۆر فەلسەفەی مارتن بوبەرە. ئەندێشەی پەیوەندی من – تۆ، پاڵنەرێکی گرنگی لە خوداناسی جولەکە و کریستیانیەت، هەردوک، هێنایەئاراوە

و ناوی (ئیلاهیاتی رووبەڕووبوونەوە)یە، کە مارتن بوبەر خستییەڕوو.

دەکرێت بەگوێرەی ئیلاهیاتی رووبەڕووبوونەوە قسە لەگەڵ خوا بکەی، بەڵام ناتوانی پەیپێببەیت. دەکرێت بەهۆی پەیوەندی ئامادەیی، خوا بناسیت، بەڵام ناتوانی لە سۆنگەی عەقڵ و بەڵگاندن بیناسیت. ئەگەر بمانەوێت بە سود وەرگرتن لەوشەی دیاری بوبەر ئەو بابەتە دەرببڕین، دەبێت بڵێین دەکرێت خوا بکەیتە بەردانگ، بەڵام ناتوانی دەری ببڕی.

ئەو ئیلاهیاتە پێشگریمانەیەکی بنچینەیی هەیەو پەیوەندی بە خوا وەک پەیوەندییە بە مرۆڤێکی دیکەوە. بە باوەڕی بوبەر، دوو رێگا بۆ ناسینی کەسی تر هەیە: بوبەر لە رێی یەکەمەوە بە لێکدانەوەی پەیوەندی (من – ئەو) باسیدەکات. بابەت زۆرە کە رەنگە لەبارەی کەسێکەوە بیزانم، وەک بەژنوباڵای، کێش و پیشەی. ئەو ناسینە، ناسینە لە سۆنگەی وەسف و ناسینی تاکەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوەی لە بارەی ئەو تاکەوە دەی زانم، نای ناسم. بە وتەی بوبەر، نای ناسم، چونکە (بە هەموو

بوونی خۆی) نەچومەتە ئەو پەیوەندییەوە. وادەگەیەنێت بەشێک لە من، کە ناویدەنێین عەقڵ، بەدرێژایی ئەو ماوەیە، لەهەڵسەنگاندندا، شرۆڤەی کەسێکی دیکەیە. تەواو متمانەم پێی نییە. گوایە لە کۆتوبەند دا هێڵراومەتەوە. لایەنەکەی دیکەش کۆنترۆڵ و جڵەوکراوە. ئەویش بە تێگەیشتن لە سنورداریەکەم، ئارەزو ناکات بۆخۆی بەڕە لەسەر راستییەکانی خۆی هەڵداتەوە. لە ئەنجامدا، زۆرشت لەبارەی یەکدی دەزانین، بەڵام یەکتری ناناسین.

بوبەر لە رێگەی دووەمـــــەوە باسی لێکدانەوەی (من – تۆ) دەکات. لە پەیوەندیەکی لەم چەشنەدا، بەوچەشنە نییە کە راستی نوێ لە بارەی کەسێکەوە بزانم، بەڵکو لە رێگای قووڵ و تەواو، پەیوەندی کەسی و نزیک، لەو رێیەوە کە بوبەر ناویدەنێت (گفتوگۆ) دەیناسم. بوبەر وەهای نوسیووە کە ماهیەت و کنەی گفتوگۆ، ئەوە راستییە (هەریەک لە بەشداربووانی گفتوگۆ تاک، یان تاکی دیکە، بوونی ئێستاو تایبەتییان لە زەیندایە و بە مەبەستی پەیوەندی دوولایەنەی زیندوی نێوان خۆی و ئەوان روویان تێدەکەن.)

مەبەستی بوبەر لە پەیوەندی من - تۆ هەمان پەیوەندی دوولایەنەی زیندووە کە لە ئەنجامدا گفتوگۆ بەرهەمدێت.

ناسینی دەرئەنجامی بانگەشەی بوبەر، لە پەیوەندیەکی من - تۆ، ناسینێکی دەرئەنجامی ئاشنایی راستەوخۆیە، دیتنی بوونی راستی ئەوی دی، پەیوەندی ئامادەیی راستەقینەی نێوان تاکەکان و لەوشەیەکدا رووبەڕووبوونەوە. ترسم لەم بەشە، لێکۆڵینەوە نییە لەومەسەلەیە کە ئایا بەکردەوە رووبەڕووبوونەوەی لەم چەشنەی نێوان خەڵک روودەدات یان نا. پێموایە دەکرێت زۆربەی خەڵک بۆ ئەزمونێکی لەوجۆرە بگەڕێنەوە. سەرنج و ترسم، پێداویستی ئیلاهیاتێکە کە بوبەر لەم چەشنە ئەزمونانە ئەنجامگیری دەکات. دیارە بوبەر وشەی (ئیلاهیات) بە کارناهێنێت، چونکە ئەو راڤەیە، بە زۆری بۆنی بەڵگاندن و ئەقڵی شێوازمەندی خوا دەدات. لە راستیدا، دژی لێکدانەوەی (خوا)شە. ئەگەر خوا (بە مانای دروستی وشە، دەکرێت بیکەیتە بەردانگ و ناکرێت پەی پێببەی)، لەو ئاستەنین هەوڵبدەین پەی بەخوا ببەین. تیۆری

بوبەر، ئێمە لە سۆنگەی رووبەڕووبوونەوە دەتوانین خوا بناسین. مەبەستم لەم بەشەش لێکۆڵینەوەیە لە هەمان تیۆر، واتە رووبەڕووبوونەوەی خوا شیاوە؟ لێکۆڵینەوە لە تەواوی رەهەندەکانی هزری بوبەر لە دەرەوەی ئەم بابەتەیە. سەرنجمان تایبەت بە میتۆدی بەگژداچونەوەی هزری بوبەرە. پێویستە سەرەتا شوێن ئەو قۆناغانە هەڵگرین کە بوبەر بەهۆیانەوە ئەو روانگەیەی گرتەبەر.

## سەرەتای پێکهاتنی فەلسەفەی بوبەر

تائاستێکی زۆر ئەمڕۆ فەلسەفە بۆتە گەمەیەکی هزری. کۆمەڵە فەلسەفییەکان باشترین شایەتی ئەو بابەتەن. چەندین وتاری مەسەلەی رووتەڵی دەخرێنەڕوو، کە پەیوەندییان بە مەسەلەو کێشەی خەڵکەوە کەمە و لە ژیانی رۆژانەدا رووبەڕوویان دەبنەوە، یان هەر پەیوەندییان نییە. زیاتر فەلسەفەی هاوچەرخی سەدەکانی ناوەڕاست رەخنە لە باس و بەڵگاندنی ژمارەی فریشتەکان دەگرن، کە دەتوانن سەما لەسەر نوکی دەرزییەک بکەن، بەڵام هەمان فەلسەفە

بـەردەوام باسی ئـەوەدەکـەن، کە ئایا زمانی تایبەتی هەیە، یان نییە. کەسێک ناپەیوەست بە دنیای ژیانی رۆژانەی خۆی دەیبینێت و لە ئەنجامدا دوورنییە گوێ بەو باسە نەدات، کە لە دەرەوە گوێی لێیدەگرێت.

مارتن بوبەر تەواو دژی ئەمجۆرە فەلسەفەیە بـوو. لـە روانـگـەیـەوە، فەلـسـەفـە بـە مـانـای راستەقینەی وشـە، مەسـەلەی مـردن و ژیانە، وەک نمونە، کاتێک بوبەر نوقمی مەسەلەی بێدەنگی سەرمەدی شوێنی نەبڕاوە و کۆتایی نەهاتوی کاتی نەبڕاوە بوو، چواردە ساڵ زیاتر نەبوو. بەم شێوەیە وەسفی ئەو سەرلێشێواوییە دەکات:

پێویستیەک پەلکێشی بۆ ئێرە و ئەوێم دەکـــات، کـە تێـینـەدەگـەیشـتم. نـاچـاربـووم چەندینجار هەوڵبدەم تا لێواری شوێن، یان بێ لێوار بـوونـی، زەمـەنـی خـاوەن سـەرەتاو کۆتـایـی، یـان زەمـەنـی بێ سـەرەتـاو کۆتایی وێنابکەم. هەردووکییان بە رادەیـەک مەحاڵ و ناچاربوون. بەم حاڵە پێدەچێت هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو بژاردانە کارێکی پووچ و بێهودە

بێت. لە کاتێکدا کەوتبوومە ژێرگوشاری بەرگە نەگرەوە، لەیەکیان بۆ ئەوی دیکە دەخولامەوە و هەندێکجار مەترسی شێتی وەها پەنجەی لێڕادەوەشاندم، بەجدی دەکەوتمە ئەوخەیاڵەوە کە بەخۆ کووشتن نەجاتم بێت لێی.

بۆیە دوو مەسەلەی شوێن و کات، لە روانگەی بوبەرەوە، مەسەلەی ئەقڵی زڕ نەبوون. ئەومەسەلانە، توند پێوەی لکابوون. پرسیارەکان ئازاریان دەدا، چونکە بە ژێرخان دانانیان (حەقیقەتی جیهانی و لە مەترسی دابوو، کە مرۆڤ ناچاربوو تێیدا بژی، جیهانێک کە رووخساری کارێکی بێهودە و نامۆی بەخۆوە گرتبوو.) بوبەر نەیدەتوانی لەگەڵ پووچی بژیت، دەبوو سەری لە جیهان وەدەردەنا.

لە روانگەی زۆربەی خەڵکەوە ئەو بۆچوونە زەحمەتە، کە کتێبێک تاکێک لە قەیرانێکی کەسی رزگاردەکات، بەڵام بۆ زەینێکی فەلسەفی دەکرێت ئەندێشەی نوێی کتێبێک نیگەرانییە کەوتووەکان بەهۆی خستنەڕووی پرسیاری بنەمایی لەمجۆرە دابمرکێنێتەوە، کە بەرگری لێکراوە و هەڵوەدای دوا حەقیقەتە. رێک ئەوە

هەمانشتە لە بوبەر روویدا. بۆیە دەنوسێت: کتێکبێک بووە فریادڕەسی کوڕێکی پازدە ساڵ. کتێبی «پێشەکییەک بۆ گشت میتافیزکیاکانی داهاتوو» (Prolegomena to all Future Metaphysics) کانت بوو... . ئەو کتێبە پیشانیدام کات و شوێن ئەو شێوازانەن، کە روانگەی مرۆڤانەمی لەمەڕ بوون وەک پێویست خۆی لە ناویاندا ئاشکرا دەکات، بە دیوێکی دیکەدا بە ماهیەتی تێگەیشتنمەوە لکاون نەک بە ماهیەتی ناوەوەیی جیهان.

روانگەی کانت لە سەربنەمای کات و شوێن بنەمای زەینن، سێبوری بە بوبەر بەخشی و کاریگەری ئارامبوونەوەی لە سەر هەبوو، چونکە ئێستا دەیتوانی بە روانگەی جیاواز، لە بوونی خۆی رابمێنێت. بەم جۆرەی نوسیووە: (کات بڕیارێک نییە زۆرم بۆبێنێت، کاتماڵی خۆمە، چونکە ماڵی ئێمەیە.)

بوبەر هێور ببووەوە. ئیدی خۆی بەوپرسیارە بنەماییە تایبەتییە ئازار نەدەدا، بەڵام ئەو رەزامەندی فکرییە ئەوەندەی نەخایاند، ئەگینا جموجۆڵە فەلسەفیەکەی دەوەستێت. لە راستیدا

کانت لە مەسەلەیەک رزگاری کرد، بەڵام زادەی پرسیارێکی دیکە بوو: ئەگەر کات و شوێن وێناکانی تێگەیشتنی مرۆڤن، کەواتە ماهیەتی دواهەقیقەت چییە؟ ئەگەر بوون، یان دواهەقیقەت لە روانگەی وێنایی لە چەمکەکانی وەک کۆتایی و ناکۆتایی نەگات، کەوایە چۆنچۆنی دەتوانێت تێی بگات؟

بوبەر بەمجۆرە، پرسیارەکانی پەیوەست بە ماهیەتی پەیوەندی مرۆڤ بە دواهەقیقەتەوەی خستەڕوو: (بەڵام ئەگەر کات شێوازێکە لە ناویدا دەرک دەکەین، کەوایە لە کوێین؟ ئایا لە کاتی کۆتایی هاتودا نین؟ ئایا لە ئەبەدیەتدا نین؟)

ئاشکرایە مژولی زەینی بوبەر زیاتر ئاڕاستەی مەسەلەی کات بوو، تا مەسەلەی شوێن. لەوکاتەوە کە ئۆگۆستین پرسی (کەوایە کات چییە؟) فەیلەسوفەکان بۆ مەسەلەی کات لە بابەتێک گەیشتوون، کە هەم گوماناویە و هەم سەرنجڕاکێش. فەیلەسوفەکان بەهۆی دیتنەوە زانیوویانە مەتەڵی کات کلیلی راستییە. کاتێک مەتەڵی کات دەخرێتەڕوو، مرۆڤ تێدەگات

لە عورفی باودا بە سەعات دیاریدەکرێت گرێبەستێکی مرۆڤایەتییە و هەوڵدەدات وەک راستییەکی پۆست مرۆڤایەتی لە کات بگات.

دەبێت سەرنجمان هەبێت پرسیارەکەی بوبەر پەیوەندی بە فیزیکەوە نەبوو، بە گریمانەی شوێن - کاتی ئەنیشتاین لێیدەکۆڵیەوە. لە راستیدا، بوبەر دەکۆشا مەتەڵی کات بە سەرووتر رۆیشتن لە زەمەن چارەسەر بکات و ئامرازەکەی بۆ ئەو سەرووتر رۆیشتنە، هەوڵیدەدا لە کاری سەرمەدی (the eternal) و کاری بێ زەمەن (the timeless) بگات.

بوبەر بە درێژایی دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ چەمکی ئەبەدیەت، بە قووڵی کەوتە ژێرکاریگەری کتێبی (وەهای وت زەردەشت) ی نیچە (Thus Spoke Zarathustra). نەک شێوازو میتۆدی نیچە، بەڵکو هزرەکەی، بە تایبەت چەمکی گەڕانەوەی ئەبەدیش بوبەری خستە ژێرکاریگەرییەوە.

لە تاریفی بیروڕای گەڕانەوەی ئەبەدیدا وتراوە، کە بەگوێرەی ئەو تیۆرە (هەرچییەکی هەیە دووبارە دەگەڕێتەوە و هەر چییەکی هەیە

گەڕانەوەی خۆیەتی، واتە پێشتر هەمووشتێک روویـداوەو دووبـارەش رێک کتومت پێشوو روودەدات و ئەوە کارێکی هەمیشەییە). چەمکی گـەڕانـەوەی ئـەبـەدی چوونیەکی باوەڕێکی یۆنانییە، کە ئەبەدیەت بە هاوشێوەی خەڕەکێک دەزانێت. بەپێی ئەو روانگەیە، مرۆڤ بەهۆی خەڕەکێکی کۆتایی نەهاتووی دووبارە بووەوە، پێ لە زەمەن تێدەپەڕێنێت.

هەوڵی ئـەو روانگەیە بـەرەو ئەبەدیەت و سەرووتر لە کات، بوبەری شێتی خۆی کرد. ئەوکارە وایکرد زیاتر لە ئەبەدیەت رابمێنێت. ئەو روانگەیە رۆڵی بزوێنەرێکی بۆ هزرەکانی بینی، بـەڵام نەیتوانی ئەو چەمکە قبووڵبکات، چونکە باوەڕ وەهابوو، ئەو چەمکە (بێ هاوتایی هەموو رووداوەکان) پێشێلدەکات.

بۆیە، هەوڵیدەدا پەرە بە چەمکی ئەبەدیەت بدات و بتوانێت پەیوەندی پێوە بکات و رووداوە بێهاوتا و دووبـارە نەبووەکانیش لەبەرچاو بگرێت. بە مـەش، بوبـەر نووسـی ئەبەدیەت لە روانگەیەوە بە مانای (شتێک کە لە خۆیدا تێنەگەیەنراو و لەودیوی کاتە و پەیوەندیمان

بە کاتەوە بۆ دروستدەکات و ناویدەنێین بوون. ئیدی حەقیقەتی جیهان رووخسارێکی پووچ و نامۆی نییە بۆ کەسێک کە لەوکارە بگات، چونکە ئەبەدیەت هەیە.)

پێناسەی بوبەر بۆ ئەبەدیەت، لایەنێکی ئاشکرا لە خۆدەگرێت و گومان هەڵنەگری کانتییە. ئەو پێناسە وەک شتێک لە خۆیدا (Ding an Sigh) کانت، خۆی لەخۆیدا چاوەڕوان نەکراو و تێنەگەیەنراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێناسەی ناوبراو کاریگەرە. لێرەدایە کە چەمکی سەرەکی بوبەر دەخرێتەڕوو.

ئەبەدیەت بە زەمەنەوە دەمان بەستێتەوە. بە دەربڕینێکی وردتر، ئەبەدیەت حەقیقەتی پۆست مرۆڤایەتییە و بناغەی هەمیشەیی پەیوەندی کاتمانە. هەرئەو بناغە هەمیشەییەیە بە گرێدانی مرۆڤ بە جیهانەوە، حەقیقەت دەبەخشێت و پووچییەکەی لە ناوبرد.

دەکرێت ئێستا نەخشەی رەوتی هزری بوبەر بکێشیت. کانت فێریکردبوو کات (ئەو دەرەوە) نییە، بەڵکو شێوەیەکە لە تێگەیشتنمان، واتە شێوازی روانینمان بۆ جیهان، بەڵام دەپرسرێت

ئەو رۆڵە چییە؟ پەیوەندیمان بە حەقیقەتی پۆست مرۆڤایەتییەوە چییە؟ بوبەر لەم خاڵەدا هاوڕای کانتە کە دواحەقیقەت، خۆی لەخۆیدا، تێنەگەیەنراو و وێنا نەکراوە. تەنیا دەتوانین لە کاریگەرییەکەی بگەین بەسەر خۆمانەوە. ئەندێشەی نوێی بوبەرە، کە ئەبەدیەت بە کاتمانەوە دەبەستێتەوە. ئەبەدیەت دەتوانێت بە کاتمانەوە ببەستێتەوە، هەرچەند لە ماهیەتی خودی خۆی ناگەین. دەتوانین بەهۆی ئەو بەستنەوەیە، لەم جیهانەدا هەست بە ئاسودەیی بکەین. ئەوە جەختکردنەوەیەکە لە پەیوەندییەک کە بیر و ناوەڕۆکی سەرەکی بەرهەمێکی هونەری لە هزری بوبەر دەگۆڕێت.

پێش ئەوەی لە ریشەدۆزی گەشەی بیرو ناوەڕۆکی سەرەکیی بەرهەمێکی هونەری هزری بوبەر بکۆڵینەوە، گرنگە پەلە نەکەین و ئەو چەمکە لە ئەبەدیەتدا هەڵبسەنگێنین. سەرەتا سەرنج لە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی ئەو وشەیە دەدەین. زۆرجار ئەو وشەیە لە پەیوەند بە مردنەوە بە کاردەبرێت. زۆرجار دوا وشەگەلێک کە لە رێوڕەسمی بە خاکسپاردندا

دەوترێت ئەوەیە: (هیوایە کە لە ئەبەدیەت، لە ئارامیدا بمێنێتەوە). تاکی کۆستکەوتوو هەقی خۆیەتی بپرسێت: (ئەبەدیەت چییە؟). بە راستی ئەو کۆستکەوتووە باسی چ دەکات؟ لە راستیدا کەسی کۆستکەوتوو دەپرسێت: ئایا ژیان جگە لە پرۆسەی لەدایکبوون، نەشونما، گەورەبوون، ئاوابوون و مردن پرۆسەیەکی دیکەش هەیە؟ ئایا شتێک بۆ مردووەکان هەیە کە ئەبەدی، نەمری و جاویدانییە؟ کەوایە، زۆرجار وشەی ئەبەدیەت پەیوەندی بە چەمکەکانی وەک (نەمری) و (گیان)ەوە هەیە.

نمونەیەکی دیکە دێنمەوە، پیاوێک تازە تووشی خەم و مەینەتی مردنی کچەکەی بووە دەڵێت (ئەبەدیەت)، تەنیا هاومانای (کاتی زۆر دووروودرێژ)ە. پێویستی ئەو وشەیە ئەوەیە دەبێت قەدری ژیان بزانین، چونکە کەمە و تەواوی ئەو شتەیە کە هەمانە. چەمکی ئەبەدیەت لە روانگەی ئەو پیاوەوە، پووچی کەم ناکاتەوە، بەڵکو زۆری دەکات.

ئەو نمونەیە پیشانیدەدات ماناو گرنگی چەمکی ئەبەدیەت پەیوەندی بە پێکهاتەیەکەوە

هەیە، کە سودی لێوەرگیراوە و هەلومەرجی ژیانی کەسی قسەکەرە. بە مەش، دەکرێت چەمکی ئەبەدیەت لە روانگەی بوبەرەوە هەستی پووچی کەم بکاتەوە یان نا، پەیوەندی بە لایەنگری هەر تاکێکەوە هەیە. لە روانگەی منەوە، ئەبەدیەت هەم چەمکێکی جوانناسییە و هەم چەمکێکی ئەودیو سرووشت و دەکرێت مرۆڤ بە ئاسانی، ئەبەدیەت لە جوانی سروشت و ئەفرێنراوە هونەرییەکان ئەزموون بکات، کە تایبەتمەندیان (هەمیشەیی)یە. کاتێک ژیانی مرۆڤایەتی وەک بەرهەمێکی هونەری لە بەرچاو دەگرین، تایبەتمەندی ئەبەدیەت بەخۆوە دەگرێت، بەڵام ئەو چەمکانەی جوانناسی بنەمایەکی ئەودیو سروشتییان هەیە: بنەمای چەمکەکان ئەو باوەڕەیە، کە ستراکتۆری بەهایی بەردەوام و نەمری هەیە و خودی ئەو جیهانەیە.

ئێستا بۆ شیکردنەوەی هزری فەلسەفی بوبەر دەگەڕێینەوە. بوبەر دوای گەیشتنی بەوخاڵە کە دەکرێت مرۆڤ بە پشتڕاستکردنەوەی جۆرێک پەیوەندی بە ئەبەدیەتەوە لە پووچی رزگاری بێت، هەوڵیداوە خۆی لە بارەی ئەو

پەیوەندییە و پەیوەندی بەگشتی شیبکاتەوە. دەبێت لەبارەیەوە باسی ئەو فەیلەسوفە بکەین، کە راکانی کاریگەرییان بەسەر بوبەر، هەروەها کارڵ مارکسەوە هەبووە. لۆدویگ فیورباخ ئەو هزرڤانەیە.

بە وتەی بوبەر، لە لاویدا، فیورباخ (پاڵنەری چارەنووسسازی)ی داوەتی، بە تایبەت بەو باوەڕەی کە بوونی مرۆڤ (تەنیا لەناو کۆمەڵگەدایە، لە یەکگرتنی تاک لەگەڵ تاکێکی دی، بەڵام یەکگرتنێک کە لەسەر جیاوازی من و تۆ وەستاوەتەوە). ئەو وتەیەی فیورباخ پووختەیەکە لە رەوتی هزری بوبەر، واتە ئەو ئەندێشەیەی پێویستە لە پەیوەندیدا حەقیقەت بدۆزینەوە. کە بنەمای ناونیشانی کتێبی فەلسەفی، سەرەکی، بوبەر، واتە من و تۆ پێشتر لەو وتەیەی فیورباخ دا دەربڕدراوە.

بۆیە، پێویستە سەرنجمان لەسەر ئەو خاڵە گرنگەش بێت، کە دواکەوت تا پاڵنەرە خولقاوەکانی فیورباخ، لە هزرەکانی بوبەردا برەویان ستاند و کامڵبوون. ئەندێشەی فیورباخ چرۆیەک بوو، وردە وردە بە کاردانەوەی

بوبەر لەبەرامبەر ئەزمونێکی چارەنووسساز لە ژیاندا بارهێنرا، بەڵام سەرەڕای ئاشکرابوونی کاریگەری فیورباخ، شێوازی بەکاربردنی بوبەر لە چەمکی من – تۆ، لە زۆرلایەنی گرنگەوە، جیاوازە. فیورباخ، پەیوەندی من – تۆی تایبەتکرد بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. فیورباخ باوەڕی وەهابوو خوا لەخۆدوورخستنەوەی پێویستیەکانی مرۆڤە، بەڵام لە روانگەی بوبەرەوە، خوا بەوپەڕی جەختکردنەوە، دەبێتە (تۆ)ی ئەبەدی، کە لە زەینی مرۆڤ جیایە. لەڕاستیدا، بوبەر راشکاوانە ئەو ئەندێشەیە لەهەر روانگەیەکی ترەوە رەتدەکاتەوە، کە خوا لە خۆدوورخستنەوەی زەینی مرۆڤایەتییە.

شیکردنەوە و هەڵمانسەنگاندمان بۆ مژولی زەینی بوبەر لەبارەی ئەبەدیەتەوە کرد و پەیوەندی و سەرنجی بوبەرمان بۆ ئەندێشەی من و تۆی فیورباخ، بیرهێنایەوە. ئێستا لەو بابەتە دەکۆڵینەوە کە چۆن دوو چەمکی (ئەبەدیەت) و (تۆ)، لە هزری بوبەردا ئاوێتە بوون و لە ئەندێشەکەیدا لەمەڕ خوا، وەکو تۆی ئەبەدی خراونەتەڕوو.

**له عیرفانەوە تا ئەگزیستالیانیزم:**

**بوبەر و تۆی ئەبەدی**

(عیرفان) زاراوەیەکی تاک مانابییە. ئەو زاراوەیە، لە روانگەی کەسانی جیاجیاوە، مانای جۆراوجۆری هەبووە. دەکرێت لە فراوانترین مانایدا بڵێین عارف (کەسێکە راستەوخۆ و لە روانگەی خۆیەوە، خوای ئەزموونکردووە، یان لانیکەم کەسێکە هەوڵدەدات بە ئەزموونێکی وەها بگات). ئەوە بانگەشەی تایبەتمەندی جیاکردنەوەی عارفە، کە خوای راستەوخۆو بێ ناوبژیوانی ئەقڵی ئەزموونکردووە، یان خوازیاری ئەزمونکردنێکی وەهایە. لە روانگەی عارفەوە، دەکرێت خوا ئەزموون بکەی، بەڵام ناتوانی هەڵیگۆزی. ئەگەر عیرفان لەم مانا فراوانەدا لەبەرچاوبگرین، بوبەر بە درێژایی ژیانی خۆی عارفێک بووە، بەڵام عیرفان لە مانای پسپۆڕیتری خۆیەوە، پێویستی بە بەشداری رۆحە لەگەڵ خوا، تەنانەت لەهەندێک شێوەکانی خۆیدا، پێویستی بە داوای یەکگرتنی رۆحە لەگەڵ خوا. گەرشوم شولم (Gresham Schooled) بیرماندەهێنێتەوە، نزیکترین عیرفانی جولەکەیی ئەندێشەی دەڤکوت

(Dovecot)، واتە پەیوەست بوون بە خوا و پێویست بوونە پێی. بە وتەی شولم، زۆرجار ئەو پەیوەستییە، یان دەڤکوت (لە ڕێگەی لێکدژەوە نەفس و بەهاکانی ئەو جیهانە ڕەتدەکرێتەوە).

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە عیرفان لە مانای پسپۆڕیتری پێشتر وتــراودا، پێویستی بە ڕەتکردنەوەی جیهانە بەهۆی ئەزموونی نێوان خەو و بێدارییەوە، واتە ناو دۆخی جەزم بوون، زەین لەسەر رامان لە خوا چڕبۆتەوە. عیرفان لەو مانای دواییدا، قۆناغێکی برەودانە بە هزری بوبەر کە تێیپەڕاند.

بوبەر لە نوسینە سەرەتاییەکانی لەمەڕ هیندۆییزم، جەختی لە ئەزموونی نێوان خەو و بێداری کردۆتەوە، نامیلکە بەراییەکانی بە ناوی ژیانی حەسیدیم (The Life of Hasidim) ەوە، ساڵی 1908 نوسراون. ناونیشانی یەکەم نامیلکەی لە نێوان خەو و بێدارییە (Hitlahavut: ecstasy). بوبەر لەم نامیلکەیەدا، بەم شێوەیە وەسفی عارفی حەسیدی دەکات لە دۆخی نێوان خەو و بێداریدا: (سەرووتر لە سرووشت و کات و هزر، بۆیە بە کەسێک دەزانرێت لە نێوان خەو

و بێداری دایە... مرۆڤی خاوەن خەو و بێدارییە و بەسەر ژیاندا باڵادەستە و هیچ ڕووداوێکی دەرەکی ناتوانێت ئیلهامی بشێوێنێت کە دەچێتە ناو دنیاکەیەوە.)

هیچ ڕووداوێکی دەرەکیی ناتوانێت ئیلهامەکەی بشێوێنێت! لەو دۆخەی ڕەتکردنەوەی لە سەدا سەدی جیهاندا، هیچ ڕووداوێکی تایبەت ناتوانێت شەوق و جەزمی عارف بشێوێنێت. لەو قۆناغە بەراییەی هزری بوبەردا، «ئاین»ی بە هاوتای «عیرفانی» دەزانی، واتە جۆرێک ئەزموون کە وەک دەڵێن دەیکردە تاقیگای دنیایی خوا. پێیوابوو، ئەم دۆخە «ئاینی» ریزپەڕێکی ژیانی ڕۆژانەیە. ترسی بوبەر لەم بەشەی ژیان و دانراوەکانیدا، زیاتر ئەبەدیەت بوو تا کاروباری دنیایی، زیاتر جەزم بوون بوو تا ئەزموونی ڕۆژانە، زیاتر کاروباری ئەودیوی ئەم جیهانە بوو تا خودی ئەو جیهانە، بەڵام ڕووداوێکی چارەنووسساز لە ژیانی بوبەر ڕوویدا، ڕووداوێکی دەرەوەیی کە هزر و ئیلهامەکەی شێواند و ئەو ڕووداوە بۆ بوبەر زۆر چارەنووسساز بوو، لەجێی خۆیدایە باسەکە لە زمانی خۆیەوە ببیستین:

تاکە شتێک کە روویدا ئەوەبوو پێش نیوەڕۆیەک دوای بەیانیەکی پڕاوپڕ لە شورو جەزم بوونی ئاینی، پیاوێکی نەناسیاو هاتەلام، لە کاتێکدا کە بە رۆح لەو شوێنە نەبووم. بێ دودڵی رێم پێدا دانیشتنێکی هاوڕێیانە سازبدرێت. بێ ئاگایی لە رەفتارم لەگەڵیدا وەک رەفتاری هاوتەمەنانی بوو، کە خویان پێوەگرتبوو، بەو کاتانەی رۆژ بەدوامدا بگەڕێن، وەک غەیب بێژێک ئامادەی بیستنی بەڵگەیە. بەوپەڕی دیقەت و راشکاوانە لەگەڵی دوام، بەڵام کە هیچی نەپرسی، پێشبینیم نەکرد. پاش کەمێک، لە هاوڕێیەکی - بۆخۆی مردبوو - لە ناوەڕۆک و پێکهاتەی بنچینەیی ئەو پرسیارانە گەیشتم. تێگەیشتم کە بە رێکەوت نەهاتبووە لام، بەڵکو چارەنوس هێنابووی، بەڵام نەک بۆ گفتوگۆ، بەڵکو بۆ بڕیارێک.

هاتبووە لام، لەو کاتەدا هاتبوو. کاتێک کە نائومێدین، بەڵام دەچینە لای کەسێک، چاوەڕێی چ دەکەین؟ بەدڵنیاییەوە چاوەڕوانی ئامادەبوونێکین بەهۆیەوە پێمانبوترێت لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانە، مانایەک هەیە. لەوکاتە

بە دواوە، وازم لە کاری ئاینی هێنا، یان ئەو وازی لێهێنام کە شتێک نییە جگە لە ریزپەڕ، گێڕانەوە، شادی و جەزم بوون. خاوەنی هیچ شتێک نیم جگە لەو رۆژانـەی، کە هەرگیز لە دەرەوەیـان نیم... . شتێک لـەوە زیاتر نازانم. ئەگەر ئەوە ئاینە، کەوایە هەموو شتێکە کە ژیان لە توانای گفتوگۆی تێدەپەڕێنرێت.

بێگومان، ئەوە رووداوی چارەنوسسازی خالّی سۆزداری بووە لە ژیان و هزری بوبەردا. پێشتر، بـەدەر لـە ژیـانـی رۆژانــە، بە دوای ئەبەدیەتدا گەڕاوە. پاش ئەو رووداوە، لە ژیانی رۆژانە و رەوتی مادیدا بۆ ئەبەدیەت گەڕاوە.

پێدەچێت بـوبـەر لـەبـارەی خـودی ئـەو رووداوەوە وەڵامی پرسیارە ئاشکراکانی پیاوە گەنجەکەی داوەتـەوە، بەڵام وەڵامی پرسیاری شـــاردراوە و قووڵـتری نـەدایـەوە، کـە ئەو پیاوە نەی پرسی. بوبەر سەرزەنشتی خۆی کرد، چونکە پرسیاری پیاوە گەنجەکە دزەی نەکردبووە هەستی زاڵی ئەودیویان. بە رواڵەت ئـەوەی لـەو سـەردانکردنـەدا نـەبوو، هاودڵی بوو، واتە هەستی تاکیی لەگەڵ کەسێکی دی.

تێگەیشتنی هەمان بابەت بوو داخی نا بە زەینی بوبەرەوە، دیارە کاتێک کە زانی ئەو لاوە خۆی کوشتووە.

پێدەچێت لە روانگەی پزیشکییەوە، گەمژانەبێت بوبەر خۆی بە بەرپرسی کارەساتی کەسی ئەولاوە بزانێت. زۆر فاکتەر، چ مەلموس و چ نامەلموس، لەکەسێکدا کۆدەبنەوەو یەکدەگرن، تا کاری کۆتایی خۆکوشتن ئەنجام بدرێت. هۆکاری سروشتی و جەوهەری، هۆکاری ژینگە و پاڵنەری هەستی هەموویان رۆڵییان هەیە. بە مەش، گەرچی لەوانەیە هۆکاری رووداني خۆکوژی سەرکێشی لە عیشق، شکست لە کار، یان کاری لەمجۆرە بێت، بەڵام لە راستیدا کاریگەری کەڵەکە بوونی تەواوی هۆکارە زاڵەکانی پێشووی تاکە کە بە جۆرێک لە بڕیاری خۆ کوشتنیدا بەرجەستە بووە.

بەسەرنجدان بەوە، پێویستە چۆن هەنگاوی بوبەر لە لۆمەکردنی خۆی روونبکەیتەوە؟ بۆ بەرگرتن لەو کارەساتە، چی پێدەکرا؟ پێموایە کاردانەوەی بوبەر، کاردانەوەیەکی

دەروونناسانە نەبوو، بەڵكو كاردانەوەی هونەرمەندێك بوو. بوبەر بەدوای بەڵگەی پزیشكییەوە نەبوو، بەڵكو بەدوای مانای شاراوەی ئەو رووداوەدا دەگەڕا، تا بە هونەر ماهیەتەكەی بگۆڕێت و شێوە بداتە ئەو گۆڕانە، بۆیە بەراوردكردنی ئەو كارەساتە بە رەوتی هاوشێوە پەندێكە، كە لە ژیانی هونەرمەندێكی دیكەدا رویداوە، بەڵام لە رەوتی پەیوەندی بەو هونەرمەندەوە، كەسەكە خۆی نەكوشت و بەڵگەكەی ئەو خاڵە بوو كە ماناكەی بۆ تێگەیشتن ئاسان بوو.

سۆسكی ناتسومە (Soseki Natsume)، رۆماننووسی ژاپۆنی، لە كتێبی: لەناو دەرگا شووشەییەكانم (Within My Glass Doors) وەسفی ئەو رووداوەی خوارەوە دەكات، كە بێگومان لە كارەساتێكی راستەقینەی ژیانی وەرگیراوە. ژنێك لەخۆ كوشتندا، سەردانی رۆمان نووسێكی بە ناوبانگ دەكات. رۆمان نووس دوای باسوخواس لەگەڵی، بڕیاردەدات تاماڵەوە لەگەڵی بچێتەوە. ژنە، بە حەپەساویەوە دەڵێت: (زۆر جێگەی شانازیە كە تا ماڵەوە

یاوەریم دەکەی)، رۆمان نوسەکە وەڵامدەداتەوە: (پێتوایە ئەوە شانازییە؟)، وەڵامی ژنەکە ئەرێنییە. ئەوکاتە رۆماننووس دەڵێت» ئەگەر وەهایە، کەوایە باشترە بە زیندوویی بمێنیتەوە نەک بمری.)

ئەو چیرۆکە خاڵەکەی بوبەر روونەکاتەوە، کە پێیوایە یارمەتی ئەو لاوەی نەداوەتەوە و رۆمان نووسەکە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو ژنە دەبەستێت. خاڵەکە ئەوەیە رۆمان نووسەکە بە کردەی خۆی، نیشانی ئەو ژنەیدا کە مانایەک هەیە. بە دەربڕینێکی وردتر، نیشانیدا هێشتاش بەڵگەیەک بۆ بەهادار زانینی ژیان و ژین هەیە، چونکە ئەو ژنە کردەی رۆمان نوسەکەی بە مانادار لە قەڵەمدابوو. ئەوە هەمانشوێنە کە بوبەر هەستیکرد وازی لەو لاوە هێناوە و یارمەتی نەدابوو.

لە روانگەی هونەرمەندەوە، تەواوی ئەزمونەکانی ژیان بە کەڵکن. بەمەش، ئێش و ئازاری ئەو رووداوە لە هزری بوبەردا، لێهاتوانە لە بەرەی هزرەکانیدا دەتەنرێت. بەقسەی خۆی، ئەو رووداوە بوو بەشێوازێکی

یەکلاکەرەوە هزری گۆڕی. ئەو گۆڕانە بریتی بوو لە گواستنەوە لە مژولی جەزم بوونی عیرفانی بوون، بۆ جەختکردنەوە لە ژیانێک کە (تێیدا، توانای گفتوگۆی هەیە).

هەرچەند بوبەر خۆی لە هەرجۆرە وتاربەندییەک بەدوورگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بوترێت، راڤەی بوبەر بۆ ئەو رووداوە چارەنووسسازە، نیشانەی گۆڕانییەتی لە عیرفانییەوە بۆ ئەگزیستانسیالیزم بوو. ئەگەر مەبەستمان لە ئەگزیستانسیالیزم روانگەیەک بێت بۆ ژیان کە بەوپێیە، بوونی مرۆڤ لە دنیای مادیدا لە پێشەوەی «ماهیەت»، یان تیۆرسێنی رووتەڵیی بوون بێت، ئەوکاتە تەواو ئاشکرایە کە روانگەکانی بوبەر گەشەیان کردووە و گۆڕاوە بۆ لایەنگرییەکی ئەگزیستانسیالیزمی ژیان. لەو رووەوە، بوبەر سەرەڕای دەربڕینی ئەزمونی خۆی بۆ ئەو لاوە دەنووسێت: (من هیچ پڕبوونێک ناناسم مەگەر پڕبوونی هەر سەعاتێکی فانی، لە بانگەشە و بەرپرسیەت). دوای ئەوخاڵە بوو کە بوبەر تەواوی باسوخواسەکانی پەیوەست بە ماهیەت و

هەموو هەوڵەکانی تووێژبەندی و وتاربەندی ماهیەتی خستەلاوە. مەبەستی بوبەر لە بوون، بوونی تایبەتی خۆی لە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵک بوو، هەرئەو بوونەبوو کە بۆ خاڵی بسەرەتایی هزرەکانی بوبەر گۆڕا. لەوە گرنگتر، بوبەر بەو باوەڕە گەیشتبوو، کە هەرجۆرە هەوڵێک بۆ سەرووتر رۆیشتن لە کات و شوێنی ئێستا دا بێمتمانەیە. ناکرێت ئەبەدیەت لە جیهانێکی دیکە و لە رەهەندێکی دیکەدا بدۆزییەوە. ئەبەدیەت هەرئێستایە.

بۆیە بوبەر وازی لە گەڕان بەدوای ئەبەدیەتدا نەهێنا، بەڵکو لە ساتێکدا، لە (پڕ لە بانگەشە و بەرپرسیەت بوونی هەر سەعاتێکی فانی)دا بۆی گەڕا. هەر رووبەڕووبوونەوەیەکی دروست و متمانەپێکراو بە تاکێکی دیکە، بە شتێکی سرووشتی، یان بەرهەمێکی هونەری وەک پەنجەرەیەک بە رووی ئەبەدیەتدا لەبەرچاوگرت.

ئێستا دەپرسرێت، رووبەڕووبوونەوەی دروست لە روانگەی بوبەرەوە چییە؟ هزری بوبەر لە کتێبە کلاسیکیەکەی من و تۆدا، بە

تەواوی دامرکایەوە و ئاشکرابوو. بوبەر لەو کتێبەدا، لەژێرناونیشانی پەیوەندی من و تۆدا، تاریفی رووبەڕووبوونەوەی دروستدەکات.

من و تۆ، بەرهەمێکی شاعیرانەیە - دیارە زمانی شیعر وێنەیەکی هەڵە لە کات و رۆونی هزردا {لەم بەرهەمەدا خراوەتەڕوو}، ئاڕاستە دەکات. بوبەر بە قەڵەمی ماهیرانەی خۆی و بە رۆونییەکی کاریگەر ورووژێنەر، وێنای پەیوەندی من – تۆ، دەکات.

تایبەتمەندییەکانی خوارەوە، ئەو پەیوەندییە لە پەیوەندییەکانی دیکە جیادەکاتەوە:-

1. پەیوەندی من - تۆ، هەموو بوونی مرۆڤ گرفتار دەکات. وەک نمونە، لە رووبەڕووبوونەوەیەکی من - تۆ، بەمجۆرە نییە کە لەکاتی قسەکردن لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە. هەموو بوونم نوقمی پەیوەندییە. من و تۆ، نیشانەی روانگەی تێکڕای مرۆڤە و زەینی دابەش بوو رەتدەکاتەوە.

2. پەیوەندی من - تۆ، پاوانکارییە. بوبەر لە تەمسیلە بە ناوبانگەکەی (دار) دا دەنوسێت: (دار ئەوە نییە. هێزی تایبەتی بوون، گەمارۆی

داوم). هێزی پاوانخوازی بوون، ئابلۆقەی داوم). بوبەر مەبەستی ئەوەیە، کە رووبەڕووی دار دەبمەوە، لە پەیوەندیم لەگەڵ خودی داردا، بە تەواوی جەزم دەبم. دار لە بەردەمم دەوەستێت. گوایە لەو ساتەدا هیچ شتێکی دیکە نییە رووبەڕووبوونەوەم نەبێت بەو دارە. رووبەڕووبوونەوە گەمارۆی داوم، یان لە چنگی گرتووم. ئەوە، پەیوەندییەکی پاوانکارییە.

3. پەیوەندی من - تۆی راستەوخۆ، راستگۆیانە و بێ فریودانە. لە پەیوەندیەکی من - تۆ لەگەڵ کەسێکی دیکە، هەوڵ نادەم کاریگەریم بەسەریەوە هەبێت و (شتێکی پێ لە قاڵب بدەم). ئەوە کە بە راستی خۆمم، کەسێکی دی ئەو توانایەی بۆ دەڕەخسێت کە بە راستی خۆی بێت: (هەرکە من، دەبمە من، من دەڵێم تۆ). بۆیە، پەیوەندی من – تۆ، سەردانێکی بە رەهایی رووبەڕووە، تەواو هەڵقووڵاوو خۆڕسکە. من ئەوی دی ناخەمە ژێر وتەزایەکەوە. سەردانی دەکەم.

4. پەیوەندی من - تۆ، سووک و ئاسانە و بێ زەحمەت. ئەو پەیوەندییە کارێکی ئیرادی

نییە. نالێم: (ئێستا دەمەوێت پەیوەندییەکی من – تۆم هەبێت). هەر لەبەرئەوە، بوبەر دەنووسێت: (سەردانی من و تۆ بە خۆشەویستی ئەنجام دەدرێت، نەک بە هەوڵ و گەڕان). ئەوە کە من وەڵامی جیاکاری و گۆڕانی راستەقینەی کەسێکی دی دەدەمەوە. بەشێوەیەکی راشکاوانە، پەیوەندی من – تۆ، ئەفرێنراوی زەینی نییە.

5. پەیوەندی من – تۆ، لە ئێستادا دەبێت. چەمکەکانی «ئامادە» و «ئامادەبوون»، لای بوبەر زۆرگرنگن، بێگومان ئەندێشەی رزگاری و نەجات لەداهاتوشدا، لەهزری بوبەر رۆڵی بەرچاو دەبینێت، بەڵام مارتین بوبەر بە پێچەوانەی مارتن هایدگەر، بیرمەندی ئەگزیستانسیالیزم، کە لەوباوەڕەدابوو بوونی مرۆڤ بەردەوام ئاراستەی داهاتووە، داهاتوو بەخستنەژێر کاریگەری ئێستا نازانێت، بۆیە هاوڕای ئەو فەیلەسوفانە نەبوو کە باوەڕیان بە روانگەی (کاتی ئێستای بە رواڵەت تەفرە) هەیە، کە بەوگوێرەیە، کاتی ئێستا وەهمە. بوبەر لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ بەو فەیلەسوفانە، کاتی ئێستا بە راستەقینە و گرنگ دەزانێت.

6. بوبەر بە برەودان بە روانگەی کاتی ئێستا، جەخت لەوخاڵە دەکاتەوە کە پەیوەندی من – تۆ، لە نێوان خەڵکدا روودەدات. بوبەر هەوڵدەدات بە پەسندکردنی راستی لە روانگەی بوون ناسی پێشووەوە (لە نێوان)، واتە راستی خودی سەردان، لە دابەشکردنی دوانەی بابەت و بکەری زاناو ئاگا سەربکەوێت. بۆ نمونە، دووکەس لە گفتوگۆیەکی واقیعی لەبەرچاودەگرین. بە باوەڕی بوبەر، نەک بۆ ئەو دووکەسە بەشداربووە لە گفتوگۆدا، بەڵکو لە نێوانیشیاندا خەریکە رووداوێک رووبدات. ئەوە پڕۆسەیەکی ئۆرگانیکە کە بەهۆیەوە، «تێکڕا»، واتە کردە بەسەریەکەوە و هاوهەوڵی دروستبوو لەو راگوزەرە، لە کۆمەڵی بەشەکانی زیاترە.

7. دوا تایبەتمەندی، کە گرنگترین تایبەتمەندییە و پەیوەندی من – تۆی بەرامبەرە، یان دوولایەنەیە. بوبەر دەنووسێت: (پەیوەندی، دوولایەنەیە، تۆی من کاریگەری بەسەرمەوە دەبێت، هەروەک من کاریگەریم بەسەریەوە دەبێت). تەواو بەڵگە نەویستە کە لە پەیوەندی

مـرۆڤ بـە مـرۆڤـەوە دەبـێـت بـارودۆخـەکـە بەهەمانشێوە بێت. ئەگەر پەیوەندی دوولایەنە نەبێت و هـەردوولا نەکەونە ژێرکاریگەری یەکترییەوە، بێ مانایە کە ئەو پەیوەندییە بە پەیوەندیەکی من – تۆ، دابنێین. لەگەڵ ئەوەشدا، کێشەی سەرەکی هزری بوبەر، پەیوەندی بە توخمی دوولایەنەوە بوونە لە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت و پەیوەندیەتی بە خواوە.

سـەرەتـا سـەرنـج لـە پـەیـوەنـدی مـرۆڤ بە سرووشتەوە دەدەیـن. بە وەسفکردنی بوبەر بۆ رووبەڕووبوونەوە بە دارێک دەگەڕێینەوە. چۆن دەکرێت بوترێت کە رووبەڕووبوونەوە بە دار، دوولایەنەیە؟ ئایا دار دەچێتە جۆرێک پەیوەندییەوە؟ ئەگەر بەو وەهایە، ئایا بوبەر، کەسێکی حەقیقەتی هەموو گریمانەکانە؟ ئایا بـوبـەر نـیـازیـوایـە کـە بـەشـەکـانـی سـرووشـت زانیارییان هەیە؟ بوبەر بەو کورتە رستانەی خوارەوە رێ لەو پرسیارانە دادەخات:

نابێت رێـگـە بـە هیچ هـەوڵـێـک بـدرێـت بۆ کـەمـکـردنـەوەی هـێـزی مـانـای پـەیـوەنـدی. پەیوەندی دوولایەنە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە

ئایا زانیاری دار هاوشێوەی زانیاریەکانمانە؟ ئەوەم تاقینەکردۆتەوە، بەڵام ئایا تۆ دەتەوێت بە وادەرخستن بە سەرکەوتن لەودا، دووبارە شتێک وردووهاڕ بکەیت، کە ناکرێت وردووهاڕ بکرێت؟ رووبەڕووی رۆح، یان فریشتەی دارستانی دار نابمەوە، بەڵکو رووبەڕووی خودی دار دەبمەوە.

گومان لەوەدایە کە ئامانج لە وتنەکانی هاوشێوەی، جیاکردنەوەی توانای فەیلەسوفە پیشەییەکانەو بە رواڵەت ئەوکارانە ئەنقەستانە ئەنجامدەدرێت. زۆرجار بوبەر بەگژ وتاربەندی و تووێژبەندیدا دەچێتەوە. تا ئەوشوێنە پێشناکەوێت، کە بڵێت دار ئاگایی هەیە، چونکە ئەگەر وەها بڵێت، فەیلەسوفەکان لەزگەی رۆحی لێدەدەن و دەیخەنەلاوە و باسی نیازیان دەکرێت بۆ وتاربەندی. بوبەر دەڵێت رووبەڕووبوونەوە رووداوێکی بێهاوتایە. ئەو روداوە شیناکرێتەوە، چونکە شیکردنەوەی شتێک بە مانای دابەشکردنی بۆ بەشی پێکهێنەری و لە ئەنجامدا وردوهاڕ کردنیانە.

بە مەش جەخت لە بێهاوتابوونی

ڕووبەڕووبوونەوە دەکاتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەر کەسێک بچێتە پەیوەندی بوونی خۆی لەگەڵ هەرشتێکدا، پەیوەندی بەرامبەر ئەنجامدراوە، بەڵام ناتوانرێت پێشتر ناوەڕۆکی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە دەربڕی. دەبێت تاقیبکاتەوە. بوبەر بەشێوازێکی هاندەرانە، دەربارەی ئەوخاڵە، شێلگیرو چەقیووە. سەرنجڕاکێشە بزانین کاتێک کە فەیلەسوفەکانی دیکە لێی دەپرسن، چۆن خۆی بۆ دەگرێت و پێگەکەی دەپارێزێت.

چەقبەستنی بوبەر لە ئاسۆی ڕووبەڕووبوونەوەدا، ڕاشکاوانەیە.هەمان ڕاشکاوی و خۆڕاگری، بە گۆڕانکارییەکانی، گیان وەبەر باسەکەی بوبەردا دەکاتەوە لەمەڕ خوا. پەیوەندی بە خوا کە تۆی ئەبەدیە، لوتکەی پەیوەندییەکانی من - تۆی تایبەتی مرۆڤ لەگەڵ کەسانی ترو سروشتە. بە دەستەواژەیەکی وردتر، پەیوەندییەکانی من - تۆی ئەو تایبەتییە، نیشانەی کارێکی باڵاڕۆیی زاڵن، کە ئەو پەیوەندییانە تەواو و کامڵ دەکات و دەی وەستێنێتەوە. بوبەر بەم شێوەیە ئەو هزرە دەردەبڕێت:

هێڵی درێژبووەوەی پەیوەندیەکان، لە تۆی ئەبەدیدا پێکدەگەن. هەر تۆی تایبەتی، تیلەی چاوێکە بۆ تۆی ئەبەدی، بە هۆی تۆی تایبەتی، وشەی بەرایی، تۆی ئەبەدی دەکاتە بەردانگ... تۆی سروشتی لـە تــەواوی پەیوەندییەکاندا دیاریدەکرێت، بەڵام لە هیچیاندا تەواو نابێت. تۆی سروشتی، لە پەیوەندی راستەوخۆ بە تۆیەکەوە تـەواو دەبێت، کە بۆخۆی ناتوانێت ببێتە ئەو.

بوبەر پێیوایە هەر رووبەڕووبوونەوەیەک لە ئاستی مرۆڤایەتی دا، فانی و تێپەڕە (هەر تۆیەک لەم جیهانەدا دەبێت ببێتە یەک). هەر (تۆ)یەک لەم جیهانەدا، کاتییە، چونکە سروشتی زەینی مرۆڤ ئەوەیە، کە ئەزموونەکان بۆ بابەتی ناساندن و رامان بگۆڕێت. مرۆڤ ناتوانێت هەتاهەتایە لە رەهەندی ئەزموونی راستەوخۆ و بێهۆدا بژیت. توانای مرۆڤ ئەوەیە بەردەوام بێهۆیی بۆ رامان بگۆڕێت. بوبەر لە هەمان خاڵدا دەڵێت، مرۆڤ مانایەکی بەسەردا دراوە کە چاودێری بۆ رامان بگۆڕێت: (مرۆڤ ناتوانێت بە بێ ئەو بژی، بەڵام کەسێک مرۆڤ نییە، کە تەنیا لەگەڵیدا دەژی).

مرۆڤ بێ ئەو ناژیت و هۆیەکەی، پێویستی تێرنەبووی مرۆڤە بە رکێف، بەڵام کەسێک مرۆڤ نییە، کە ناتوانێت رووبەڕووی پەتی، راستەوخۆ و بێهۆی ئەوی دیکە بێتەوە.

بوبەر دوای ئەوەی پێگەیەکی بەرز دەداتە پەیوەندی من - تۆ، بە پێویستی دەزانێت رووبەڕووبوونەوەکانی مرۆڤایەتی لە پەیوەندی بە تۆی ئەبەدی تۆکمە بکات، کە بێگومان ناتوانێت ببێتە ئەوە.

هـزری بوبەر، بە سیستمێک دانانرێت. بوبەر بۆخۆی بە جدی، هەرجۆرە روانگەیەکی شێوازمەندی رەتکردۆتەوە. فەلسەفەکەی وەک سیستمێک، ئاڵۆزو زەحمەتە، چونکە ئاشکرایە بەهای باڵاترین بەها بۆ بوبەر (واتە رووبەڕووبوونەوەی من - تۆ) دەبێت، بە جۆرێک لە سەرووی بەها کاتییەکان و گوزەرابێت. دەبێت بەجۆرێک لە ئەبەدیەتدا پشتڕاست بکرێتەوە. بە مەش پێویستی وێنای خوا وەک تۆی ئەبەدی، بە جدی، سەربە ئامانجەکانی بوبەرە، رێک بە هەمانشێوە کە روانگەی سپینۆزا بۆ گەوهەر، سەربە ئامانجەکانی بوو.

ئێستا دەپرسرێت کە ئاماژە بە خوا وەک تۆی ئەبەدی مانای چییە؟ وەک وتم، وێنای بوبەر بۆ خوا بەوپەڕی لایەنگرییەوە تەبای ژیانە. وێنای بوبەر بۆ خوا، بە کورتی لە دەستەواژەی خوارەوەدا دەربڕدراوە:

ناتوانیت لە هیچ شتێکدا خوا هەڵگۆزنی: بۆ نمونە لە سروشتدا وەک خوڵقێنەری، یان لە مێژوودا وەکو خاوەنی، یان لە ناسکاردا وەک خودێک لەودایە کە گومان دەکرێت. ناتوانی هیچیتر بخەیتەڕوو، کە لەودا خوا هەڵبگۆزرێت، خوا بوونەوەرێکە راستەوخۆ و بە زۆرترین نزیکی و بەردەوامی لە بەرامبەرمانە و تەنیا دەتوانێت بیکاتە بەردانگ، بەڵام ناتوانێت بەیانی بکات. هەرئێرە چەقی ناوەندی پەیامی ئاینی بوبەرە. لە بنچینەدا دەتوانین خوا هەڵبگۆزین، بەڵام ناتوانین باسیبکەین. تەنیا دەتوانین رووبەڕووی ببینەوە، بەڵام ناتوانین هەڵیبگۆزنین.

بێگومان دیارە بوبەر، قسەی بۆ وتن لەمەڕ خوا هەیە. لە راستیدا وەکو کەسێکی رەهاو بوون باسی خوا دەکات، کە بە شێوازێکی

لێکدژ، یەکێتی پاوانکاری و گەمارۆدانی رەهایەو بریتییە لە خۆی و جیهان، کەچی هاوسنوور و شیوو نییە، بەڵام هەڵەیە بەشێوەیەکی نائاسایی گرنگی خواوەند لەو وتانەدا هەڵبێنجین بە هەمانشێوە کە تۆمەتبارکردنی بوبەر بە شێواوی و نەگونجان لەم خاڵەشدا هەڵەیە.

بوبەر قبووڵی کردووە کە لە دنیای مرۆڤایەتیماندا، دەبێت هەر تۆیەک ببێتە یەکییان. ئەوخاڵە بۆ وێنامان لە خوا لەوانە وێنای بوبەر بۆخۆشی راستە، بەڵام لە روانگەی بوبەرەوە، ئەو وێناو ئەندێشانەی خوا، بە خود و گەوهەری مەسەلەکە ناگان. گەوهەری مەسەلەی تیۆری بوبەر، رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆیە بە خوا.

لە رووبەڕووبوونەوەیەکی وەهادا، مرۆڤ هەستدەکات کە خوا کردوویەتییە بەردانگ. بەپێی دەربڕینی بوبەر، هێمایەکی پێدەدرێت. ئەو هێمایە بە مرۆڤ ناڵێت چ بکات و چ بڕیارێک بدات. ناوەڕۆک و پەیامێک لەگۆڕێ نییە. هێمای ناوبراو ئەو خاڵە دەسەلمێنێت، کە ماناو چەمکێک هەیە یان بە دەربڕینێکی دیکە، لە

هەلومەرجێکی تایبەتی پشتگیری ماناو ئامانجی مرۆڤ، دەکرێت.

بەمەش، پێوەرگەلێکی زەینی هەیە: رەنگە تاک هەستی توونـدبوونی زانـیاری کارێکی خوایی یان تەنانەت جۆرێک گۆڕانی ناوەوەیی سەبارەت بە بوونی خۆی هەست پێ بکات. لە ئەنجامدا، بەگوێرەی شێوازی تایبەتی هزری بوبەر، هیچ پێوەرێکی واتایی بۆ دیاریکردنی کە ئایا تاک کراوەتە بەردانگ یان بوونی نییە.

تیۆری بوبـەرە کە (بـە راستی مـرۆڤ بۆ دیتنی جیهان دەردەکەوێت، بە مەبەستی خواش دەچێتەدەر). دەکرێت بۆ کەسێکی ئەوتۆ هەموو شتێک بەردانگێکی خوایی بێت و دنیا بە تەواوی بـوونـی خـۆی دەبینێت، بـوبـەر بـەم شێوەیە دەنوسێت: (پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ، هاوشێوەی راستەقینەی پەیوەندییە بە خـوا، بـەم مانایە کە بەردانگی راستەقینە، وەڵامـی راستەقینە وەردەگرێتەوە، بێجگە لەمە لە وەڵامی خوادا، هەمووشتێک، واتە تێکڕای جیهان، بەشێوەی زمـان، ئاشـکرایە و رەنـگـدەداتـەوە). بوبەر مەبەستی ئەوەیە خوا بۆکەسێک قسە دەکات کە

گوێی بیستنی هەیە. بەردانگی ڕاستەقینە وەڵامی ڕاستەقینە وەردەگرێتەوە، بەڵام دەبێت لەبارەی کەسانێک بڵێین چی کە بەدوای خوادا گەڕان، بەڵام نەیان دۆزییەوە؟ دەربارەی کەسانێک بە چ شێوەیەک، کە خوایان کردە بەردانگ، بەڵام وەڵامیکییان لێ نەبیست؟ یان بە دیوێکی دیکەدا، ئەرکی کەسانێک چ دەبێت کە هەرگیز پێیانوانەبووە خوا کردوونییە بەردانگ؟ بوبەر چۆن ئەو دیاردەیە ڕووندەکاتەوە؟

سەرەڕای ئەوە، جولەکە بەردەوام پرسیارێکی لەسەر زمانە: چۆن دەکرێت کۆمەڵکوژی هۆلۆکۆست ڕوونبکەیتەوە؟

ئایا وەڵامێک هەبووە مرۆڤ نەیبیستبێت، یان دەرگاکانی ئاسمان داخرابوون؟ بوبەر چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردەیە دەکات؟

بوبەر لە ژیانی جولەکەدا، دوای ئاشۆیتز و پێش لێکۆڵینەوە لە ڕوانگەی بوبەرەوە، دەربارەی ژیانی جولەکە دوای ئاشۆیتز، کەمپێکە لە پۆڵەندا پەیوەندی بە ڕووداوی هۆلۆکۆستەوە هەیە، دەبێت ڕوانگەی بۆ جولەکە بخەینە ژێر سەرنجەوە.

نووسینەکانی بوبەر دەربارەی جولەکە و نەوەی جولەکە، لایەنگیری تێکڕاییەکەی لەبارەی ژیانەوە رەنگدەدەنەوە، بۆیە بوبەر بەم چەشنە نووسی کە (جدیترین مرۆڤایەتی رۆحمان و جدیترین جولەکەییەکەی، هەردوو، مانایان یەکە و خوازیاری شتێکن). بەوگوێرەیە، لە روانگەی بوبەرەوە، جولەکە بەراییە و ئەوەی بە قووڵترین شێواز، مرۆڤایەتییە، مانایان یەکە. لەو رووەوە، ناتوانرێت تیۆری بوبەر دەربارەی بوونی جولەکە لە تیۆرەکەی دەربارەی بوونی مرۆڤ جیابکەیتەوە. ئەوەی تائێستا دەربارەی بوبەر زانیمان، لە روانگەی خۆیەوە، هەر بەو توونددییەی کە جولەکەیە، مرۆڤایەتیشە. کاتێک بیرمەندێک نووسی کە جولەکە بوون ئاسانترین، رێگای مرۆڤ بوونە، بەڵام بوبەر بە شیمانەییانە دەڵێت کە بۆخۆی جەخت لەوە دەکاتەوە تائاستێک سەرچاوەی لە خوێندنەوەی قووڵی بۆ جولەکە، بە تایبەت حەسیدیزم گرتووە و بە پێچەوانەوە ئەوەی بوبەر لەبارەی جولەکەوە نوسیوویەتی، بەشێوەیەکی جیانەکراوە ئاوێتەی نوسینی فەلسەفە بێ هاوتاکەی بووە. لە

قسەیەکدا، فەلسەفەی بوبەر، بە پێچەوانەی فەلسەفەی زۆر کەسانی دیکە، یەک لە تێکڕای ئۆرگانیک و شێوازمەندە. روونکردنەوەی ئەوەی کە: ئێمە سەرقاڵییەکانی بوبەر سەبارەت بە تێکڕای مرۆڤ و یەکێتی بوونی مرۆڤمان بیرهێناوەتەوە، بۆیە رێکەوت نییە کە ئەو لە شێوازی مامەڵە و ئاکاری خۆیدا لەگەڵ جولەکە، جەخت لە تامەزرۆیی جولەکە بۆ یەکگرتن - یەکگرتنی خواو گەڕانی مرۆڤ بۆ یەکێتی بەخشینی تەواوی بوونی خۆی لە لاساییکردنەوەی خوا - بکاتەوە. سەرەڕای بوبەر بە هەمانشێوە کە لە لایەنگری تێکڕایی خۆی جەختی لە هەلومەرجی بابەتی و مەلموس دەکردەوە، لە مامەڵەکردنیش لەگەڵ جولەکە گرنگی بە کار و رەفتار دەدا. سەرئەنجام بە هەمانشێوە کە لە لایەنگری تێکڕایی خۆی بەردەوامی جەختی لە توانای رزگاری تاک دەکردەوە لە داهاتودا، لە جولەکەشدا جەختی لە ئایدیالی رزگارخوازی (messianic) دەکردەوە. بەو گوێرەیە، بوبەر دەنوسێت: پرۆسەی بابەتی جولەکە لە مێژوودا، خۆی بە

شێوەی هەوڵ بۆ هێنانەدی چەندی زیاتر و تەواوتری سێ ئەندێشەی تێکەوەتەنراو و ئاشکرادەکات: ئەندێشەی یەکگرتن، کار و رەفتار، ئەندێشەی داهاتوو. بوبەر لەو باوەڕەدایە رووی جیاکەرەوەی نەتەوەی جولەکە، رێک ئەوەیە کە بە شێوازێکی بێهاوتا، نەتەوە و مەعنەویەت ئاوێتە دەکات. بەوپێیە، بوبەر نەتەوەی جولەکە خۆی لەخۆیدا وەک پڕۆسەیەکی مەعنەوی لەبەرچاو دەگرێت و جەخت لەو بابەتە دەکاتەوە کە هیچ نەتەوەیەکی دیکە نییە (پڕۆسەی مەعنەویەتی نەتەوەیی، هاوشێوەی نەتەوەی جولەکە ئاشکراو جیاوازبێت) لە ناویدا. بەمەش، بانگەشەی بوبەرە کە جولەکەبوون و نەتەوەی جولەکە، لێکجیانەکراوەن، هەردووکییان، ئەو پڕۆسە مەعنەوییە بێهاوتایە دەخەنە مێشکەوە. بەم حاڵە، بیرهێنانەوەی ئەو خاڵە گرنگە کە بوبەر، بەشێوازی یەکچەشن و یەکپارچە تەماشای پڕۆسەی مەعنەوی جولەکە دەکات. ئەو پڕۆسە مەعنەویە، بەرزی، نزمییەکان، لوتکە و پووکانەوەی تایبەتی خۆی هەیە. باڵاترین

بەهادان بە ئەزموونی ئاینی بەرایی و سەرەتایی، پاڵنەری بوبەرە، بۆیە لە بەشەکانی چیرۆکی کتێبی پیرۆزدا، راپۆرتێکی متمانە پێکراو لە رووبەڕووبوونەوە و گفتوگۆی راستەقینەی نێوان ئیسرائیل و خواکەی دەدۆزێتەوە، بەڵام برەودان و بڵاوکردنەوەی شەریعەتی جولەکە بەهۆی دۆگمایی، بە زەحمەت و بێهەستبوونی ئەو ئەزموونەی بەرایی دەزانێت. لەو رووەوە، بە لێکدانەوە (تەلمودی کێشەخوڵقێن)دا، ئاماژە بە رێنماییەکانی حاخامەکان دەکات و هلاخا بە رێگایەک بۆ نزیکبوونەوە لە خوا نازانێت و رەتیدەکاتەوە. بوبەر لە بەرامبەر هلاخا، یان شەریعەتی جولەکە، (راستەوخۆ داکۆکی لە کار، رەفتار و مرۆڤ لە بەرامبەر خوا وەفادار دەکات). مەبەستی بوبەر لە (کار و رەفتاری راستەوخۆ)، هەوڵێکە (لەبەرئەوەی ئازادی و پیرۆزییەک بۆ رەفتار بگەڕێتەوە و رەفتار لە بەرتەسکی ئەوکارنامانە رزگاربکات، کە باڵادەستی وشک و پێداگرانەی شەریعەتی ئاینیەکەی لاواز، رەش و تاریک کردووە، کە ماناو بەهایان نییە تا بۆ پیرۆزیەتی پەیوەندیەکی

کارا لەگەڵ خوا و دینداربوون لە ڕەفتاردا ئازادبێت.) ڕوانگەی بوبەر سەبارەت بە شەریعەتی جولەکەش، سیستماتیکیانە، سەرچاوە لە فەلسەفە تێکڕاییەکەی دەگرێت دەربارەی ژیان. بوبەر جەخت لە ڕووبەڕووبوونەوە و هەلومەرجی بابەتی ژیانی تاک، دەکاتەوە. لە ڕوانگەی بوبەرەوە، هیچ بڕیار یان کارنامەیەک نییە بتوانێت تاک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بابەتییەکان ئامادە بکات. بوبەر هیچ بڕیارێک بۆ ژیان پێشنیاز ناکات و پێشتر هیچ وەڵامێک ناداتەوە. بە مەش لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ جولەکەش، جەخت لە ڕووبەڕووبوونەوەی بابەتی و ڕاستەوخۆی نەتەوە و خوای خۆی دەکاتەوە. ئەگەر ڕوانگەی بوبەر بۆ جولەکە وەکو پرۆسەیەکی مەعنەوی لە بەرچاوبگرین، ئێستا ئەو پرسیارە لەجێی خۆیدایە، کە قۆناغی ئێستای ئەو پڕۆسە مەعنەویەی لە پەیوەند بە جولەکەی مۆدێرن چییە؟ دەکرێت ئەو پرسیارە بەشێوەیەکی تایبەتیتر بەم شێوەیە بکەی، کە وێنای بوبەر لە ژیانی جولەکە دوای ئاشۆیتس چییە؟ ئایا

هـــەروەک گفتوگۆ مـەحـاڵـە؟ شـێـوازێـک ئـەو واقعیەتە نیشاندەدات کـە جولەکە یەکسان دەگرێت بە مرۆڤایەتی کە بوبەر ئەو پرسیارە دەکـات: لـە کاتێکدا تێیدادەژیین، چەندین و چەندینجار ئەو پرسیارە دەکرێت: چۆن دوای ئاشۆیتس، هەروەک ژیانی جولەکەیی شیاوە؟ ئەو پرسیارە بەشێوازێکی دروستتر دەکەم: لە کاتێکدا ئاشۆیتسی لە ناودایە، چۆن ژیان لەگەڵ خوادا شیاوە؟ رۆچۆتە ناو دوری و نامۆیی زۆر بێویژدانانەو نـادیـارەوە. رەنگە هێشتا کەسێک باوەڕی بە خوایەک بێت کە رێدەدات ئـەو کارەساتە رووبـدات، بـەڵام ئایا دەکرێت کەسێک قسە لەگەڵ خـوادا بکات؟ هـەروەک کەسێک دەتوانێت قسەکانی ببیستێت؟ کەسێک دەتوانێت وەک تاکێک، یان نەتەوەیەک، لە رێی گفتوگۆوە پەیوەندی بە خواوە بکات؟ لە شێوازی پرسـیـارکـردنـەکـەی بـوبـەر دەردەکـەوێـت کە هــۆلــۆکــۆســت، تــێــکــڕای فــەلــســەفــەی رووبەڕووبوونەوەی نێوان خواو مرۆڤ دەباتە ژێر پرسیارەوە. لە راستیدا، مەسەلەی شەڕ، بە گشتی، شوێنی تاقیکردنەوەی فەلسەفەیەکی

ئاینیە. هۆلۆکۆست - ئەو شەڕە وەسف هەڵنەگرە - ئەو مەسەلە دەگەیەنێتە لوتکەی خۆی و هاواری گوێکەڕکەری رەفتاری زاڵمانەی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، پەردەی گوێمان دەدڕێنێت. پێشتر شێوازی پرسیارکردنەکەی بوبەر کەشی وەڵامەکە دیاریدەکات. یەک: کاتێک دەڵێت (ئایا دەکرێت باوەڕمان بە خوایەک بێت، کە رێ بە رووداني ئەو کارەساتە دەدات؟) زۆر نائاسایی خۆی دەنوێنێت. سەرفی ئەو راستییە هێڵی راست و چەپ بەسەر ئەو وتەیەدا دەهێنێت، کە زۆربەی خەڵک ناتوانن ئەو باوەڕیان هەبێت. دوو: بوبەر بە ئاماژە بە ئەندێشەیەک پێشتر بەتوندی وەڵامەکەی خۆی تایبەتکردووە بە کەمکردنەوەی رەهەندی ئاکاری خوا، کە خوا (رێی داوە) ئەو کارەساتانە رووبدەن. سێ: کاتێک باسی بێویژدانانەی دوری، نامۆیی و قووڵبوونەوەی نادیاری دەکات، بەکردەوە وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە. وەڵامی بوبەر بۆ هۆلۆکۆست لە چەمکی خۆرگیرانی خواکەی رەنگیداوەتەوە کە بڵاوکردنەوەی چەمکی خوای پەنهانکەری کتێبی پیرۆزە. چەمکی (رۆژگیران)

ی بوبەر لە شاراوەیی بەدەر نییە. یەک، دەنوسێت: زاراوەی (خۆرگیران) ئاماژە بە روداوێک دەکات، کە لە نێوان مرۆڤ و خودادا روودەدات. دەکرێت ئەوە وەک رەتکردنەوەی چەمکی بوونناسی ئەرێنییەکەی بێت لەبارەی رەهەندی (نێوان) خۆر و چاوەکانمان روودەدات، نەک لەخودی خۆر. هەربەو شێوازە، خۆرگیرانی خوا نیشانەیەک لە بژاردەی (کاتێکی مێژووییە کە جیهانی پێدا تێدەپەڕێت)، بەڵام پاشان دەنووسێت لە سەردەمی ئێمەدا، پەیوەندی من – ئەو، جێگەی پەیوەندی من – تۆ دەگرێتەوە. لەو روانگەیەوە، (من بەتوانای رەها)یە کە (لەو ناوەدا دەستێوەردەدات و رووناکایی ئاسمانمان لێدەگرێت). بەمەش بە رواڵەت دیار نییە ئایا خۆرگیرانی خودا لە روانگەی بوبەرەوە واقعیەتێکی نازەینییە، یان واقعیەتێکی دەروونی مرۆڤایەتییە. بە سەرنجدان لێی، مرۆڤ بە درێژایی ئەو قۆناغەی خۆرگیرانە دەبێت چ بکات؟ دەبێت مرۆڤ چاوەڕێی دەرکەوتنی خوای پەنهان بکات. بوبەر بەردەوام دەبێت کە کاتێک دووبارە دێتەوە (هەرچەند دەرکەوتنی

داهاتووی لە هیچکام لە دەرکەوتنەکانی پێشتر ناچێت، بەڵام ئێمە جارێکی دیکە پەروەردگاری زاڵم و میهرەبانی خۆمان دەناسین). لەم دەستەواژەیەدا دەردەکەوێت خۆرگیرانی خودا، واقعیەتێکی نازەینییە. بێگومان شەڕی مرۆڤایەتی و لاساری و سەرکێشیەکەی، تا ئەندازەیەک بەرپرسی ئەو کۆسپەیە، بەڵام خودا، بە لێکدانەوەیەک، وەڵامی قوربانیانی شەڕ ناداتەوە. ئەنجامی ئەو قسەیە کە بوبەریش دژی هەڵگۆزینی نییە ئەوەیە، خوا ڕێ بەخۆی دەدات توشی خۆرگیران بێت. ئاکامی ئەو قسەیەش بە نۆرەی خۆی، هەروەک بوبەر راشکاوانە دەنوسێت، ئەوەیە خوایەک پەروەردگاری زاڵم و میهرەبانە کە چاوەڕێیین. بە راستی ملدان بۆ ئەو ئەنجامە زەحمەتە. بەم حاڵە، گەرچی لەوانەیە بەگوێرەی بنەمای ئاکاری هاوڕای نەبین، بەڵام بیرهێنانەوەی ئەو خاڵە گرنگە، کە بوبەر لە هەڵگۆزینی ئەو ئەنجامە، گونجاو کاری کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتە، ئێستا کاتیەتی بە چاوێکی رەخنەگرانە باسی هەڵسەنگاندنەکانی هزری بوبەر بکەین. رەخنەی

بوبەر رووی جیاکەرەوەی فەلسەفەی بوبەر، گونجانییەتی، کە لە باسەکەماندا لەبارەی ئەندێشەی بوبەرەوە، رووبەڕووی بووینەتەوە. کاتێک بوبەر بۆ یەکەمجار دەستی بە باوەڕی رووبەڕووبوونەوە گەیشت، بەردەوام و بە گونجان، بڕوای بەو باوەڕەبوو، تەنیا دەکرێت رووبەڕووی خوا ببیتەوە و ناتوانی پەیپێببەیت. تاکە خاڵی نەگونجان لە هزری بوبەردا، پەنهانییە لە چەمکی خۆرگیرانی خوادا، ئەگینا فەلسەفە کامڵ و فۆرمۆلەبووەکەی یەک لە تێکڕای ئۆرگانیک و شێوازمەندە و لە جەختکردنەوە لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی مرۆڤ بە تۆی ئەبەدی پێکدێت، بەڵام کاتێک هزری بوبەر لە روانگەی بەڵگەی ئەزموونییەوە شرۆڤە دەکەین، لە مەیدانی زەحمەتتر دەپەڕینەوە. زەحمەتی ئەوەیە هەرچەند بوبەر تەواو بە پێی ئەزمونی کەسی خۆی دەنووسێت، بەڵام هەرگیز ئەو خاڵە بەڵگەنەویست نییە، ئەزمونێک لە بەردەست هەمووان دابێت، کە زۆر هەوڵدەدات بیگوازێتەوە و دەری ببڕێت. ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین پەیوەندی من - تۆی نێوان

مرۆڤ و خودایە، نەک پەیوەندی من - تۆی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ. دەکرێت لە هزری بوبەردا بەو ئەنجامە بگەیین، کە مرۆڤی بێ باوەڕ، دڵڕەق، کەڕ یان نابینا و هەرگیز هێماکان نابینێت. بەوپێیە بوبەر، بەمجۆرە رەخنە لە ژان پۆل سارتەر دەگرێت، کە بێدەنگی بوونەوەری باڵاڕۆیی کردۆتە خاڵی دەسپێکی خۆی بێ ئەوەی لەخۆی بپرسێت، چەند نەبیستنمان لەو بێدەنگییە دەوری هەبووە. دەکرێت بە ئاسانی ئەو رەخنەیە لە بوبەر بگری، کە بۆچی لە کارایی و کاریگەربوونی باڵاڕۆیی دەستی پێکردووە، بێ ئەوەی لەخۆی بپرسێت نەبیستنمان چەند لەو دەنگەدا رۆڵی هەبووە و لە راستیدا ئایا بوبەر بیریدەکردەوە، کە ئەو دەنگەی بیستووە یان نا؟ پێویستە بانگەشەی بوبەر لەسەر ئەو بنەمایە بە جدی لەبەرچاوبگیردرێت، کە کەسێک بە هەموو بوونی خۆی دەجوڵێت تا دنیا ببینێت، سەردانی خودا دەکات. ئەوکارە لە بارەی بوبەرەوە راستە، بەڵام ئاشکرایە ئەوە ئەزموونێکی مرۆڤایەتی هەموان نییە. لەڕاستیدا ئەوەی لە

ئەزموونی مرۆڤەکان بڵاوترە، لاوازکردنی ئارامیمان یەکلاکەرەوەی باوەڕە، خەمساردی لەبارەی دنیایەکە کە زۆربەی خەڵک بە شورو شەوقەوە وەک بوبەر رووبەڕووی بوونەتەوە. پێموایە بوبەر وەک پێویست گرنگی بە ئەزمونێک نەداوە، کە لە کتێبی دەربارەی ژیانی مرۆڤ (Of Human Bondage)ی بەرهەمی سۆمەرست مۆم وەسفیکراوە. ئەو ئەزموونە، ئەزموونی لاوێکە بەناوی فیلیپ کاری بە لاقی گۆجیەوە دڵسۆزانە و بەوپەڕی بوونی ئاکاری شازی خودا، داوای شیفای نەخۆشیەکەی دەکات. بە دۆخێکی ئاخنراو بەداماوی نەفس، لە تەنیشت تەختە خەوەکەی چۆکدادەدات، جلەکانی دادەکەنێت و لە کاتێکدا دەپاڕێتەوە چاک ببێتەوە، رووتوقووتە. بە چاوەڕوانیکردنی فریادڕەس، دەچێتە ناو جێگەکەیەوە تابنوێت. بە دڵخۆشییەوە خەبەری دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دووبارە رووبەڕووی واقعیەتی لاقی گۆجی دەبێتەوە، دڵخۆشییەکەی لێدەبێتە ژەهری مار. لە پێشەکی کتێبی لەبارەی کۆیلەیی مرۆڤ دا، هاتووە: (دۆخی بەزەییانەی فیلیپ بۆ چاکبوونەوە،

راستەوخۆ لە ئەزموونی نوسەرە، کاتێک لالّی زمانی دایک، سەرەڕای ئەوپەڕی باوەڕی بەتینی، لەناونەچوو، توشی یەکەم سەریەشەی ئاینی خۆی بوو) ، بێگومان وەلاّمی بوبەر بۆ ئەو بابەتە ئەوەدەبێت، کە ئەو بانگەشەیە لە راستیدا پەیوەندییەکی من - تۆ نەبووە، چونکە فیلیپ (و دایک)، هیواو چاوەڕوانی شتێکن لە خودا، بەلاّم ئەو پرسیارە بەم شێوازە بۆ خودی بوبەر دەگەڕێتەوە، ئەگەر تاک هەست بە هیچ جۆرە پشتگیرییەکی مانایی نەکات بێجگە لەمە، هێمای وەلاّمی خوا چ دەبێت؟ بە هۆی ئەو پرسیارەوە، رەنگە سەرئەنجام بە باوەڕی خۆرگیرانی خودای بوبەر کۆتاییمان بێت. پێموایە، خۆرگیرانی خوا لاوازترین خالّی هزری بوبەرە. ئێمە ئەوە بە گوێرەی سێیەم پێوەرمان، واتە بەهای زانستی هەلّدەسەنگێنین. وتنی کاتی ئێمە، کاتی خۆرگیرانی خودایە، چ دەرئەنجام و ئاکامێکی هەیە؟ بوبەر پێیوایە، دەرئەنجامی ئەو قسەیە، کاتی ئێمە، کاتی چاوەڕوانی خودایە. یەکسەر ئەوبابەتە شانۆنامەی لە چاوەڕوانی گۆدۆی سامۆییل بیکێت دا، بیر مرۆڤ

دەهێنێتەوە. کێشەکە ئەوەیە گۆدۆ هیچ کاتێک دەرناکەوێت. سەرەڕای ستایش ورووژێنەرانە بوونی بەشی زۆری هزری بوبەر، باوەڕی خوای پەنهان و چاوەڕوانی دەرکەوتنی لەلایەن مرۆڤەوە، یاری چاوشارکێنەی مندالآن بیر مرۆڤ دێنێتەوە، بێگومان هەقی خۆمانە لەم خاڵەدا، چاوەڕێ بین مرۆڤێکی زۆر بەناوبانگی وەک بوبەر، وێنەی بەرزتری خوا بخاتەڕوو. چەمکی خۆرگیرانی خودای بوبەرە، نەک لەڕوانگەی ئاکارییەوە ناتەواوە، بەڵکو لە روانگەی جوانناسیشەوە ناخۆشە. بەوشێوەیەی پێشتر بیرمانهێنایەوە، بوبەر هونەرمەندێکی گەورەیە. لە سۆنگەی هونەری و جوانناسییەوە، بێدەنگی خوا بۆ (سەعاتە مێژووییەکەی)، زۆر گونجاوترە کە بوبەر وەسفیدەکات. پێش چەند ساڵێک، ئینگمار بێرگمانی گەورە هونەرمەند، فیلمی بێدەنگی بەرهەمهێنا، کە وێناکردنی هەمان بابەتە. دەکرێت ئەو فیلمە وەڵامێکی جوانناسی تربێت. راستییەکەی ئەوەیە سەعاتە مێژووییەکەمان پێویستی بە چەمکێک لە خودایە و لە چەمکە ئاماژە پێکراوەکەی بوبەر جیاوازە.

لەو خاڵەدا هاوڕای بوبەرم، کە خواوەند لانیکەم دەبێت مرۆڤ ئاسابێت، بەڵام (مرۆڤئاسا)، پێویستە بە شێوازێکی جیاواز پێناسە بکرێت، بە جۆرێک بکرێت سەرەڕای دواندنی خودا، دەریشی ببڕێ. ئەوەی وترا بە مانای رەتککردنەوەی توانای هزرەکانی بوبەر، گەورەیی دانانی شێوازمەندی، باسی سەرنجڕاکێشی پەیوەندی من - تۆی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ نییە. گونجانێک کە بوبەر لە روانگەی روبەڕووبوونەوە دەیپارێزێت، نمونەیەکی شایانی هاندانی پیاوێکە کە سورە لەسەر قسەی خۆی و یەکتۆز ناچێتەدواوە، بەڵام سەرئەنجام، هەرگیز جەختکردنەوەی بوبەر بۆ کەسانێک وەک پێویست نییە کە هۆگری رەهەندی زارەکیین. رووبەڕووبوونەوە خاڵێکی سەرەتای دروست دادەنێت، بەڵام لە هەوڵەکانی مرۆڤە بۆ بیرکردنەوە لە خودا، بەشێوەیەکی دروست بەدیدێت و لە دایکدەبێت، بێگومان خودا خوایەکە کە شایانی پەرستنە و بکرێت دەربارەی بە روونی و بە دیقەتی ئەقڵی و وردەکاری جوان ناسیش باسیبکەی.

**پەراوێزەکان:**

1 Herman Cohen ،1842 - 1918) دامەزرێنەری قوتابخانەی نیوکانتی ماربۆرگ بوو کاریگەری زۆری بەسەر رامانی جولەکەی سەدەی بیستەوە هەبوو.

2. گیۆرگ سیمێڵ (George Simile ، 1858 - 1918) لە بەرلین لەدایکبوو، لە 1881 دکتۆراکەی لە زانکۆی بەرلین وەرگرت. فەیلەسوفی دامەزرێنەری سۆسیۆلۆجییە وەک سیستەمێکی زانستی جیاواز.

3. ویلهێلم دیلتای (Wilhelm Dilthy، 1833 - 1911) فەیلەسوفی ئەڵمانی، کە لە زانکۆی بەرلین خوێندی و وەک مامۆستای فەلسەفە لەوێ مژولی وانە وتنەوە بوو. هزرەکانی کاریگەریەکی زۆریان بەسەر هایدگەرەوە هەبوو. وەک فەیلەسوفێکی نیوکانتی، شیکاری کانتی بۆ مێژووش گشتاند و زانستە مرۆییەکانی لە زانستە سروشتییەکان جیاکردەوە.

4. نیکۆلاسی خەڵکی کوسا (Nicolas Of Cusa ،1401 - 1464) عارفی ئەڵمانی، کە فکرەکان لەژێر کاریگەری ئەلبێرتی گەورە، ئەکیوناس، بوتاونتۆرا واکهارت بوو.

5 Jacob Boehm ،1575 -ر 1624) حەکیم و عارفی ئەڵمانی و کاریگەریەکی زۆری لەسەر رامانی ئاینی دوای خۆی دانا.

6. Hasidism: حەسیدیزم وشەیەکە بۆ سەرهەڵدانێک لەسێ قۆناغی لێکجیا بەکاردەهێترێت، کە فریان بەسەر یەکەوە نییە. یەکەم گرووپیان ناودەنێن سیدیان، یان حەسیدیان کە تاقمێکی جولەک و کۆنینە بوون لە ماوەی ساڵەکانی 300 پ. ز. تا 175پ. ز. گەشەیان کرد. سەرسەختترین داکۆکیکارانی جولەکە بوون بوون لە بەرامبەر ئەو جولەکانەی کە لە سەرەتادا، لەژێر کاریگەری هێلینزم دابون. ئەو گروپە بۆ بەگژداچونەوەی هێلینیستەکان پێیان لەسەر ئینتاکیەکانی سوریا دادەگرت. دووەم گروپ بەدرێژایی سەدەکانی دوازدە و سێزدە لە ئەڵمانیا سەریانهەڵدا لەژێر کاریگەری سەعدیا بن یوسف و خەڵکانی عیرفانی و مەسیحایی بوون. ئەو سەرهەڵدانە لەسەر کۆمەڵە گرووپێک لە رابەرانی خانەدانی کلۆنیمۆس چڕببووەوە. بناخەی رێنماییەکانی ئەو جوڵانەوەیە لەسەر سێ هۆکار بونیاتنرابوو: چلەکێشی، خاکەڕایی، ئەخلاقی. سێیەم گروپ، سەرهەڵدانی حەسیدیزم سەربە بەعل شەم توو یان حەسیدیزمی دواکەوتووە و کاتێک کە باسی سەرهەڵدانی حەسیدیزم دەکرێت، ناوی ئەو گروپە دەزێتە زەینەوە. ئەو سەرهەڵدانە لەناو جولەکەکانی پۆڵۆنیاو هەلومەرجی قەیراناوی ئەو کۆمەڵگایە لەسەدەی هەژدە سەروەدەردەنێت. ئەو سەرهەڵدانە پێگەی باوەڕی راستەقینە و تەرکە دنیای تەوراتە و بە سروشتی

تەواوو جیاواز لە جولەکە بوونی خاخامی دەستپێکرد، کە لەسەر تەوەری فێرکردنی تەورات قوولبووەوە. لەم سەرهەڵدانەدا، جۆرێک تەرکە دنیاو تەقوای زەحمەت رادەسپێردرێت، هەروەها حەسیدیزم لە وشەی عیبری Hasid بە مانای تەرکە دنیا وەرگیراوە. حەسیدیزم جوڵانەوەیەکی عیرفانی جولەکەییە، کە لە سەدەی هەژدە لە هۆڵندا دەرکەوت و لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە گەیشتە لوتکەی خۆی. ئەو قوتابخانەیە فۆرم و شێوەی بە میوزیک، ئەدەب و فەلسەفەی کۆمەڵگای جولەکە بەخشی. ئەو قوتابخانەیە جەخت لە توانای پەیوەندی بەردەوام بە خوا دەکاتەوە.

7. I and Tho: والتەر کافمانی وەرگێڕی من و تۆ رەخنە لە جۆرج سمیتی وەرگێڕی تری ئەو کتێبە دەگرێت، کە بۆچی دەستەواژەی Ich und Duای واتە ناونیشانی کتێبەکەی بە I and To ای وەرگێڕاوە و لەوباوەڕەدایە کە دەبێت بە I and you وەربگێڕدرێت. دەڵێت وشەی Du لە ئەڵمانیدا وشەیەکە لەنێوان عاشقان ئاڵوگۆڕ دەکرێت، لە کاتێکدا کە لە ئینگلیزیدا وشەی Tho بەم چەشنە بەکارناهێنرێت، هەروەها وشەی Tho یەکسەر خوا بیردەهێنێتەوە، لە کاتێکدا کە وشەی Du بەم چەشنە نییە. سەرباری خوایەک کە وشەی Tho ئەوە دەگێڕێتەوە خوای ئامۆژگاری ئاینی و خوای کتێبی پیرۆزە نەک خواییەک مرۆڤ لە نائومێدی و

هیوابڕاوی سکاڵای لێدەکات یان بۆی دەگری. کاتێک تاکەکان ڕاستەوخۆ و بەبێ هەرجۆرە ناوبژیوانێک لەگەڵ خوا قسە دەکات و لەجیاتی دووبارەکردنەوەی داوای نوسراو و باو، ئەوجۆرەی کە دڵییان بڕیاردەدات قسەدەکەن. وشەی بەکار Tho ناهێنن. بەمەش باشترە لە وەرگێڕانی Du، you دابنێین، گەرچی youش وەرگێڕانێکی گونجاو نییە، چونکە you دەلالەتی بەسەر کەسی تاک و کۆدا هەیە، لە کاتێکدا کە Du تەنیا بەسەر دووەم کەسی تاک دەلالەت دەکات و لە بابەتی نافەرمی و نێوان خۆشیدا کەڵکی لێوەردەگیردرێت، بەڵام ئەو ڕەخنانەی کە واڵتەر کافمان لەوشەی Thoی دەگرێت، لەبارەی وشەی (تۆ)ی فارسی ڕاست نییە، چونکە وشەی (تۆ)ی فارسیش وەک وشەی Duی ئەڵمانی دەلالەت لە دووەم کەسی تاک دەکات و لە نێوان هاوڕێیانی دڵسۆز و عاشقەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، هەروەها کاتێک تاکەکان بیانەوێت گەرموگوڕانە قسە لەگەڵ خوا بکەن وشەی (تۆ) بەکاردەهێنن، بەمەش ئێمە لە وەرگێڕانی Ich und Du، دەستەواژەی (من و تۆ)مان داناوە.

8. geistige wescnhcitcn: ڕۆبێرت ود لە بوونناسی مارتن بوبەر ئەم دەتەواژەیە بە forms of the spirit و مۆریس فریدمان لە ژیانی دیالۆگی بە intelligible essences و زاڵتەر کافمان لە وەرگێڕانی من و تۆ بە spiritual beings وەرییان

گێڕاوه. ڕۆبێرت وود بانگەشه دەكات بوبەر نامەیەكی بە مێژووی ساڵی 1957 نوسیووه كه ئەو دەستەواژەیه بە مانای spirit in phenomenal forms ە. سەرەڕای ڕەخنەگرتن لە وەرگێڕانەكانی دیكەی ئەو دەستەواژەیه، ئەنجامگیری دەكات كە وەرگێڕانەكەی، واتە وەرگێڕانی گونجاوە لای. هەربۆیە ئێمە بە (دەركەوتنی ڕۆح) وەرمانگێڕا.

**سەرچاوە:**

- مجموعه تفكری دینی در دوره معاصر، نوشته: رونالد گیرگوراسمیت، ترجمه: دكتر سید مسعود سیف

# مارتین بۆپەر مەزنە فەیلەسوفی ئیسرائیلی و مەچەکی بەهێزی فەلسەفەی دیالۆگ

**بەهێزترین فەیلەسوفی مرۆڤگەرای سەدەی بیستەم سۆفییەکی جوو، شرۆڤەکارێکی تەورات و**

**تەگەرەیەکی بەردەم حاخامەکان**

**ماجید خەلیل**

مارتین پۆبەر( Martin Buber) کە بە زمانی عبری دەبێتە مۆردخای، ناوبراو یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسوفە وجودی و مرۆڤگەراو رۆحییەکانی جوو لە سەدەی بیستەمدا. لە ساڵی 1878 لە ڤییەننا ی پایتەختی نەمسادا دا لە دایکبووەو لە 13ی حوزەیرانی 1965 و لە تەمەنی 87 ساڵیدا و لە شاری ئۆرشەلیم (قودس) ی ئیسرائیلدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. مارتین پۆپەر لە خانەوادەیەکی جووی نەریتخواز هاتە دونیاوە. زۆرینەی تەمەنی منداڵی لەلای باپیری بووە، باپیری لە شاری لڤۆڤی ئۆکرانیادا ژیانی کردووەو لەوێشدا بیروباوەڕی نەریتخوازی جوو و هاوکات ئەدەبیاتی رەوگەی کۆنخوازی یەهودییەکان خزێنراوەتە مەژگییەوە. دواتر لەساڵی 1892 دا بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە ماڵە بابی خۆی لەشاری لیمپەری ئەڵمانی. ناوبراو لەو کاتەی تەمەنیدا لە ئەڵمانیا وردە وردە دڵی لە بیروباوەڕی نەریتخوازی یەهودییەکان هەڵدەکەنرێت و بایەخی خۆی لەسەر فەلسەفەو خوێندنی بەرهەمە فەلسەفییەکانی ئەوێ دەم چڕدەکاتەوە، بەتایبەتی دەستدەکات بە

خوێندنەوەی بەرهەمەکانی عەمانوئێل کانت و کیرکەگۆرد و فردریک نیتچە. هەموو ئەمانە کە کاریگەریی قووڵ لەسەر ئەو نەوجەوانە جێدەهێڵنو وایلێدەکەن کە رووبکاتە ڤییەناو لەوێ دەستبکات بە خوێندنی فەلسەفەو فیلۆلۆجیا( زانستی زمان) و مێژووی هونەرو ئەدەب. هەر لە ساڵی 1898 دا پابەند دەبێت بە جوڵانەوەی سەهیۆنییەوە، ئەوێ دەم تیۆرەکەی تیۆدۆر هرتزل، وەک تیۆرێکی نەتەوەیی داکۆکی لە بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەکرد بۆ جووەکان لە فەڵەستیندا، بەڵام ئەو لەو پێودانگەدا زۆر دڵپەسەند نەبوو، بەڵکو پێیوابوو ئاراستەیەکی رۆحی و کۆمەڵایەتی بۆ جووەکان، دەبێت لەدەستپێکی کارەکانی بێت. لە ساڵی 1899 دا پۆپەر هاوسەرگیریی لەتەک پاولا فینکلر دا دەکات. پۆپەر متمانەی تەواوی بزووتنەوەی سەهیۆنی بەدەستدەهێنێت و هەڵسوڕاوێکی بەهێزی وەشانکردنی ئەو ئەدەبیاتە بوو، کە سەهیۆنییەکان لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا بە چالاکی کاریان لەسەر دەکرد. ئەو لە ساڵی 1902 دا بووە سەرنوسەری سەرەکی

هەفتەنامەی جیهان Die Welt کە ئۆرگانی فەرمی بزووتنەوەی زایۆنی بوو، ئەو هەفتەنامە لەو قۆناغەدا وەکو مەچەکێکی بە هێزی ئایدیاو ئایدیۆلۆژیای زایۆنییەکان وەها بوو، بەڵام پاش ساڵێک و لە 1903 دا لەو جوڵانەوەیە تەوەسیاوەو روویکردە بزووتنەوەیەک بەنێوی بزووتنەوەی خۆپارێزو پاکژەکان، کە زیاتر لە سیاسەت دوورکەوتەوەو روویکردە فەلسەفەی تەسەوف و فەلسەفەی خۆگرتنەوە لە مادییەت و سیاسەت. لەساڵی 1904 تاوەکو 1908 توانی زنجیرە بەرهەمێک بەچاپ بگەیەنێت، کە زیاتر رووەو پاکژبوونەوە بوون و هاوکات بەشێکیان لە شێوەی چیرۆک و کۆمەڵە چیرۆکدا دەیدەڕشتن. لە ساڵانی 1910 بۆ 1914 دەستیدایە خوێندن و نوسین لە بواری ئەفسانەداو لە و میانەیشدا شوێن دەستی لە چەندین تێکستی ناوازەدا دیارە. لە ساڵی 1916 دا لە بەرلینەوە چووە هیپنهایم و لەوێ بووە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی نەتەوەیی جووەکان و گۆڤاری یەهودی بەنێوی Der Jude دەرچوواند و بۆخۆیشی سەر نوسەری

بوو. لەساڵی 1924 دا لەتەک فرانتز روزنتسڤایغ دا توانیان کتێبخانەی نێوەندی بۆ فێرکردنی یەهودییەکان دابمەزرێنن. ناوبراو ساڵی 1923 دا یەکێک لە بەنێوبانگترین نوسینەکانی لە چوارچێوەی پەرتوکێکدا بڵاوکردەوە بەنێوی من و تۆ Ich und Du ، هاوکات بەهاوکاری روزنتسڤایغ دەستیان دایە وەرگێڕانی تەورات لە زمانی عیبرییەوە بۆ سەر زمانی ئەڵمانی. هاوکات لە ساڵی 1926 دا بەشدار بوو لە نوسینی گۆڤارە وەرزییە بەنێوبانگەکەی جووەکان بە نێوی گۆڤاری ئافراندن Die Kreatur. لە ساڵی 1930 دا بە بڕیارێک دەبێتە ئوستازی زانکۆی فرانکفۆرت، بەڵام پاش سێ ساڵ و وەکو نارەزایەتییەک لەمەڕ بوونی هیتلەر و گەیشتنی بەدەسەڵاتی ئەڵمانیا واز لە پۆستەکەی دەهێنێت و دەست لە کارەکانی دەکێشێتەوە. هاوکات نازییەکان، واتە پارتی سۆسیالیستی ناسیۆنالیست رێگەی لێدەگرن لە دامەزراوە گشتییەکانی دیکەیشدا، مژوڵی نسین و خوێندن و کارەکانی بێت. چوون لەو کاتەدا هەستابوو بە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی

ناوەندی بۆ جووە پێگەیشتووەکان، وەلێ دیسانەوە دەسەڵاتی نازی لە ئەڵمانیا ئەوەشیان لێیاساغکرد. ساڵی 1938 ناچار دەبێت ئەڵمانیا جێبهێڵێت و رووبکاتە سەرزەمینی فەڵەستین و لە ئۆرشەلیم نیشتەجێبێت، ئیدی ئەو بووە مامۆستای ئەنسرۆپۆلۆجیاو کۆمەڵناسی لەزانکۆی عبری قودسدا. ناوبراو لەو قۆناغەدا لەگەڵ ئەوەی وەک فەیلەسوفێکی رۆحی و عیرفانی نێوی دەرکردبوو هاوکات مژوڵی نوسین و نوسینەوە بوو، بەڵام لە گۆڤارەکاندا بەشدار بوو، دەنگی میدیای جووەکان بوو، هێزێکی مرۆڤگەراو ئاشتیخواز بوو، لەنێو بزووتنەوەی زایۆنیدا و لە گۆڤاری یەکێتی جووەکاندا مشتومڕی ئەو بۆ ئەوەبوو، کە دەوڵەتە نەتەوەییەکەی جوو لە فەڵستین لەسەر بنەمای جیاکاری نەبێت و بۆ عەرەب و جوو بێت پێکەوە، ئەو دەیوت بەڵێ بۆ پێکەوە چیان و نا بۆ جیاکاری و رق و کینە. ناوبراو لەهەموو پرسەکاندا دیالۆگی هەڵدەبژاردن دیالۆگێک لەسەر بنەمای سەرکەوتن و بەزینی یەکێک و ئەویتر نا، بەڵک و لەسەر بنەمای گەیشتن

بێت بە راستییەکان، هەربۆیە لە پاش جەنگی جیهانی دووە م ئەو بە جدی تر لێنەوی وتارو سیمینارەکانی بردە دەرەوەی ئیسرائیل و لە ئەوروپاو ئەمریکادا دەستیدایە گەیاندنی پەیامەکەی، هەربۆیە لەو پێناوەدا بووە ناوێکی درەوشاوە نە لەنێو یەهودییەکاندا، بەڵکو لەنێو خەڵکدا ، بۆ ئەم مەبەستەیش چەندین خەڵا ت و رێزلێنان و پلەی پێبەخشرا، کە هەموویان ئاماژەی ئاشتی و سیمبوڵبوونی بوو بۆ پێکەوە ژیان.

ئەوەی کە مارتین بۆپەر جەختی لەسەر کردەوە لەماوەی ژیانیدا هەڵقوڵاوی بەربەریەتی ئەو واقیعە بوو کە بۆخۆی لەنێویدا دەژیا، ئەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دایەوە کە پرسیاری لەسەر مانای مرۆڤ دەکرد لەمیانی جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی جیهانی دووەمدا، هاوکات وڵامی جوو بوونی لە ئەڵمانیا دەدایەوە لە ئەوروپا، یاخود جووبوون لە ئەڵمانیا. ئەو لەبەرئەوە بوو کە فەیلەسوفێکی وجودی بوو، هەروەکو چۆن جان پۆڵ سارتەر بەشێوەیەکی سەرەکی لە فەرەنسادا جەختی

لەفەلسەفەی وجـودی دەكــردەوە. پۆپەریش هەڵقوڵاوی واقیعێكی دیاریكراو بـوو، لەوێوە بوونی كردە پێوەر بۆ قسەكردن لەسەر ژیان. دیارە لەسەر ئاستی میتافیزیكی، مرۆڤ كائینێكە بوونی خۆی لەنێو پێوەندییەكاندا دەبینێتەوە. مرۆڤ هەمیشە لە پەیوەندیدایە، ئەم پەیوەندییە چەمک و واتای مرۆڤایەتی پێكدەهێنێت.هەوەڵ پێوەندی جەوهەری لە مرۆڤدا پەیوەندی مرۆڤە لە زارۆییەوە بە دایكییەوە. ئەو وێنای زارۆیەک دەنەخشێنێت لەسەر سنگی دایكیدا، چلۆن لە پەیوەستیدایە بە دایكییەوە.ئامادەیی دایک لێرەدا وەک ئامادەیی مرۆڤێكی تر نییە، بەڵكو ئەو ئامادەییە بۆ منداڵەكە مەرجی ژیان و مەرجی مانەوەیەتی.

دیـارە كارە فەلسەفییەكانی پۆپەر لەمیانی ژیانیدا وەک ئاڵنگارییەک بوون بۆ فەیلەسوفانی مەزنی وەكو دیكارت و ماركس و هتد. ئەو وەک فەیلەسوفێكی عیرفانی و وەک پێشەنگێكی بواری تەسەوفی یەهودی لە سەدەی بیستەمدا كارەكانی جێ سەرنج بـوون، دكۆكیكارێكی سەرسەختی دەوڵـەتـی فەلەستینی بـوو بە هەردوو شوناسی جو و عەرەبەوە. كارەكانی

گەلێ مشتومڕ هەڵدەگرن و وەک بناغە تەماشادەکرێن. بە زمانەکانی ئەڵمانی و عبری نوسیویەتی و کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی من و تۆ خوێندنەوەیەکی فرەی بە زمانی ئینگلیزی بۆکراوە. لە بیستەکانەوە تاکۆتایی ژیانی، بە سەدان وتاری بڵاوکردووەتەوە سەبارەت بە ماریفەی مرۆڤ . شرۆڤەکانی لەمەڕ فەلسەفەی ئەنسرۆپۆلۆجیا خوێندنەوەیەکی فرە ئاڵۆزبوونە. لێرەدا بەوردی سەرنجی خۆمان لەمەڕ فەلسەفەو شوێن و پێگەو ماهیەتی پۆپەر بۆ ئاین دەخەینەروو، بەڵام هێندە گرنگە بزانین کە پۆپەر یەکێکە لەو فەیلە سوفانەی کە لەهەندێک رووەوە بەتایبەتی لە قسەکردن لەسەر پرسی مرۆڤ، لێکچوونی لەتەک کانتدا هەبوو، لەهەندێک روویشەوە خاوەنی تایبەتمەندی و داهێنانی خۆیەتی . پۆپەر لەگەڵ ئەوەدا کە فەیلەسوفێکی جیهانییە، هاوکات تەنها فاکتەرێک کە رێگریی هەبوو لەوەی زێدەتر لەوەی کە هەیە بناسرێت، ئەو ئاراستە نەیارییەتیە بوو کە بە هۆی دنیای ئیسلامی و بەشێک لە بیرمەندانی دژە زایۆنییەوە رووبەرووی ببوویەوە، چوون ئەو ئەندام بوونی لە کۆنگرەی سەهیۆنییەکان و رۆڵی مەزنی لە بواری هزری سەهیۆنیزم

و ئاتاجبوونی جوو بۆ دروستبوونی گوتارێکی ڕۆحی و یەکگرتوو، کاری مەیدانی فەلسەفەی لەلای ئەم دژوار کرد. ناوبراو لە تەواوی نوسراوەکانیدا جەختی لەسەر پرسی مرۆڤ دەکردەوەو وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە کە دیپرسی مرۆڤ چییە سەر لەبەری بەرهەمە دیارەکانی سەرچاوەیەکی وردی بواری ڕۆحانییەت و زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسین: بەرهەمە دیارەکانی ئەو بریتین لە :

نوری شاراوە (ئورغانوز) من و تۆ( غوغ و ماغوغ) تەوراتی نەبییەکان( تورات هنفیئیم) موسا( موشی) ئەمەو لەگەڵ سەدان وتارو کۆڵینەوە، کە تێکڕایان پەیامی دۆستایەتی و خاوێنبوونەوەو پێوەندی بوو لە چێکردنی گوتارو دیالۆگێک.

**هاوشێوکانی بیری پۆپەر**

دیارە مێژووی نوێگەریەتی و مۆدێرنە بەجۆرێک لە جۆرەکان و بەشێوازی جیا لەنێو نەتەوەکاندا ڕۆچووە. هەموو ئەوانەی کە شوێندەستیان بە جوانکردنی مۆدێرنەوە بووە بریتین لەچەند بیرمەندێکی مەزنی

لێک هەڵقوڵاوی ئاینە جیاواز و نەتەوە جیاوازەکان، لەم میانەدا پۆپەر لە سەردەمی نوێدا نوێنەرایەتی جوانکردنی جووەکان و باوەڕی جووەکان دەکات، بەو بە رووبەکی نوێوە شۆڕبووەتەوە بۆ نێو تەورات، هەروەکو چۆن موحەمەد ئیقباڵی ئێرانی شۆڕببوویەوە بۆ نێو قورئان و نیکۆس کازانزاکیسی فەیلەسوفی گەورەی عیرفانی کریستیان شۆڕببوویەوە بۆ نێو ئینجیل. ئەوان دەکرێت بڵێین سێکوچکەیەکی بەرفراوانی سەردەمی مۆدێرنە بوون، گوتارەکانیان لە رۆحی ئاینەوە هاتەدەرێ و تەنها مرۆڤی دەبینی، ئەوان بیروباوەڕیانو تەنها مرۆڤی دەبینی و مرۆڤانە دەدوواو جەختیان لەسەر بالآیی و نزمی و جیاوازی نەدەکردەوەو مرۆڤ پێوەری دیالەکتیک و مرۆڤ پێوەری دیالۆگ و مرۆڤ پێوەری خۆشگوزەرانی ژیانیان بوو. لە بواری سیاسیشدا پۆپەر نوێنەرایەتی جوانکردنی خواستەکانی جوو بوو، خواستە روەواکانی جو کە سالەهای سال بوو بە بندەستی و بە پەرتەوازەیی مابوونەوە، ئەوان لە قاوغی

بندەستییەوە ئەوە تەنها پۆپەر بوو رەوایەتی دەگەیاندندن بە دونیان چەکی دەستی ئەو دەزگا هەواڵگرییەکان و پلانە ژێر بەژێرییەکان و وابەستەبوون بە توندو تیژییەوە نەبوو، بەڵکو چەکی دەستی ئەو میدیا و رۆژنامەو گۆڤار بوو، بەئاشکرا جاڕی بوونی خۆیانی دەدا. لەم میانەدا هەژموونی نەدەویست، ئەو هەژمونەی زایۆنیزم داکۆکی لێدەکرد بەڵکو ئەو پێیەکانی هزری نەتەوەی جووی وەک بەرەی خۆی رادەکێشا. ئەو گوتارەکەی جودابوو، تایبەتمەندییەکانی گوتارەکەی لەوانی دی لەوەدا بوو کە باوەڕی بە سڕینەوە نەبوو، دەیوت ئێمە سیاسەتی سڕینەوەمان لەهەمبەر پێڕەو کراوە، نازییەت گەرەکی بوو جوو بسڕێتەوە، بەڵام تەورات نایەوێت بەرامبەر بە هەمان کاردانەوە بدوێنرێت، دەبوو ئێمە سیاسەتی خوێندنەوەی ئەوانی دی پەیرەو بکەین، باوەڕمان بە هەژموون نیە، باوەڕمان بەو تیۆرە نییە کە لە نیلەوە بۆ فوراتە، فەلسەفەی نیل بۆ فورات لەلای ئەو دروستبوو، بەڵام فەلسەفەیەکی دیالۆگی

بوو، لەنیلەوە بۆ فورات دەبوو بندەستی نەمێنێت و هەمووان هەبن. ئەو هەڵگری گوتاری رزگاریخوازی نەتەوەی عەرەب بوو لە فەلەستین، هەروەکو چۆن هەڵگری گوتاری مافی جووەکان بوو لە قودس. پێکەوە بوون و پەیوەندی سەرلەبەری مرۆڤایەتی دیاریدەکات. باوەڕی بە پەیوەندی هەبوو وەک چۆن منداڵێک پەیوەستە بەدایکییەوە، بەو جۆرەیش جووەکان و کریستیان و موسڵمان لە قودسدا پەیوەستن. لەم رێگەیەدا لە رووی هزرییەوە هەموو ئەو شتانەی کە پۆپەر دەیوت لەلای ئیقباڵی لاهوریش دەوتراو نیکۆس کازانزاکیزیش جەختی لەبارەوە دەکردەوە، رۆمانەکانی ئەویش مەحشەرێک بون کە ناخی خاوێنی لە دینەوە هەڵدەگۆزی. بەدەر لەوان بیرمەندان بە رزگاریخوازی خەڵکی فەڵەستین دەچوێنن، ئەو جیاوازە لە بیرمەندو ئەدیبەکانی تری دونیای عبرییەت و سەهیۆنی، جیاواز بوو لە ئارسەر کوسلەری جوو کەی لە رۆمانەکانی سوکایەتی بەرهەمدەهێناو لەسەر بنەمای رەگەزی بە تەنزو هێزێکی نازییەوە،

مرۆڤی عەرەبی خەجاڵەت دەکرد. لەم میانەدا پۆپەر دەچوێنرێت بە مەهاتما غاندی رێبەری رزگاریخوازی گەلانی هندستان. غاندی هەڵگری گوتاری ناتوندو تیژی بوون هەروەکو چۆن پۆپەریش هەڵگری هەمان گوتار بوو ، غاندی رووی دەمی لە هیندۆسەکان نەبوو، رووی دەمی لە هندۆس و موسڵمان و هەموو نەتەوەو رەنگەکان بوو، باوەڕی بە چەک و خوێن نەبوو، هەروەک چۆن پۆپەریش هەمان شتی دەوت، غاندی وەک بەرهەڵستکارێک بزاڤی هندییەکانی بۆ رزگاری چالاککردو گەیاندییە لوتکە، پۆپەریش بەهەمان شێوە لە کۆنگرەکانی بلفۆرەوە تاوەکو چەند ساڵێک پاش چێبوونی ئیسرائیل ژیا، ئامانجەکانی غاندی بەتەواوی نەپێکران و هیندستان دابەشکرا، هەروەکو چۆن ئامانجەکانی پۆپەریش نەهاتنە دی و دووساڵ پاش مەرگی جەنگی جووەکان و عەرەب لە ساڵی 1967 دا هەڵگیرسا. فرەجار ئەم دوو پێشەنگە بیروراو بۆچوونەکانی خۆیان ئاڵوگۆڕکردووە. لەگەڵ ئەوەی کە لەئیسرائیلدا ساڵی 1948 دەوڵەت رادەگەیەنرێت، بەڵام

بەردەوام پۆپەر جەخت لەوەدەکاتەوە، کە پێویستە جووەکان و عەرەبە موسڵمانەکان نەکەونە ژێر کاریگەریی شۆڤێنییەتی خۆرئاواو پێویستە لە دەرونێکی خاوێنەوە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆیان لەپێشچاو بگرن. پۆپەر گەلانی بندەستی لەوە هۆشیار دەکردنەوە کە بوونەتە قوربانی سیاسەت ئیمپریالییەکان و جیایی رەنگەکانیان بووەتە ئامرازێک ،بۆئەوەی بەزوویی دژ بەیەک پێکیان بدەن، هەربۆیە لەم پێناوەدا پۆپەر لەنێو خەڵکی ئازادی خواز و لەنێو دنیای ئەکادیمییەت و زانکۆکانی دونیادا بووبە نوێکی دیارو ئاشکراو بەدرێژایی تەمەنی چەندین خەڵاتی مەزنی لە بوارە جیاجیاکاندا پێدرا بۆ نموونە:

1. ساڵی 1921 لە ئەڵمانیا خەڵاتی گۆتەی لە زانکۆی هامبۆرگ بردەوە.
2. ساڵی 1953 براوەی خەڵاتی ئاشتی بوو لە پێشەنگای پەرتوکی ئەڵمانیدا
3. ساڵی 1958 براوەی خەڵاتی ئیسرائیل بوو بۆ مرۆڤگەرایی

4. ساڵی 1961 بووە براوەی خەڵاتی بیالیک بۆ هزری جووەکان
5. ساڵی 1963 بووە براوەی خەڵاتی ئیسراسموس لە ئەمستردام دا.
6. ساڵی 2005 بە ژمارە 125ی کۆی 200 کەسایەتی بەنێوبانگی ئیسرائیلییەکان دیاریکرا بە درێژایی تەواوی سەردەمەکان.

پۆپەر لەماوەکانی ژیانیدا بەتەواوی سەرەداوی خۆی لەتەک نەتەوەو گەلە بندەستەکانی دیدا هێشتەوە، بەجۆرێک نموونەی میانەڕەوی بوو، میانەڕەوێک کە بونی دەوڵەتی ئیسرائیلی لە بەشێکدا بە داگیرکار دەزانی، ئەو بۆخۆی پێشبینییەکانیشی لە ئاستێکدا بوون کە وردە وردە دێنە دی. بۆ نموونە داننانی ترامپ بە دەوڵەت بۆ ئیسرائیل و فەلەستین و بە ئاگاهاتنەوەی حەماس بۆ دانوستان لەتەک ئیسرائیل و رازیبون بەو قەدەرەی کە ئیسرائیلی تێدایە ، بە ئاشکرا لە رۆژنامەیەکی ئیسرائیلیدا نوسرابوو، بەڵێ وا دووای نیو سەدە وەختە پێشبینییەکان و راسپاردەکانی پۆپەر دێنەدی، ئیدی سەردەمێک جڵەوی ژیانی

لەژێر دەستدایە، کە تەنها باوەڕو پرەنسیپەکانی پۆپەر شوێنی تێیاندا دەبێتەوە. هەربۆیە مرتین پۆپەر بەدڵنیاییەوە هێزێک بوو کە وەک چۆن بۆ جووەکان پێویست بوو بەو جۆرەیش بۆ موسڵمان و کریستانەکان پێویستە، لەنێو باوەڕە رادیکاڵە کاندا غیابی پۆپەرێکە بۆ دنیای ئیسلام، کە ئەورۆ نمونەو هاوشێوەکانی داعش و نەسرەو قاعیدەو سەلەفییە جیهادییەکان رۆژهەڵات و خۆرئاوایان کردۆتە گۆمی خوێن. هەربۆیە مارتین پرۆبەر لە ئەدەبیاتی ئەوانەی کە جەخت لەسەر ناتوندو تیژیی دەکەنەوە بە کەسێکی سەهیۆنی نا سەهیۆنی ناسراوە، یاخود ناسراوە بەو سەهیۆنییەی کە سەهیۆنی نییە، ئەوە وەکو هێمایەک کە بۆچوونەکانی لەدەرەوەی پراکتیکی ئەو پێناوە بوون، کە سەهیۆنییەتی پێوە ناسراوە، یاخود سەهیۆنییەت ئەنجامیداون لەبەرئەوە هێمابوونی پۆپەر لەنێو قەڵەمە بە ویژدانەکانی فەڵەستین و عەرەب و موسڵمانانیشدا شوێنی کراوەتەوەو مایەی پێزانین و سەنایەکی پەیوەست بووە بە کارەکانییەوە.

**سەرچاوەکان**

1. http://daharchives.alhayat.com/issue_archive/Hayat%20INT/1998/8/7/صهاينه-لا-صهاينه-مارتن-بوبر-الحسيدی.html

2. http://www.kalimatalhayat.com/doctrine/89-existentialist-posture/1503-page22.html 1.

3. http://aawsat.com/home/article/79951

4. http://www.ppp.ps/ar_print.php?id=b46339y11821881Yb46339

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرکە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیستڕۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاک لاکان | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة في الشعر الكردي | د.سەروەر عەبدوڵڵا | | 2015 |
| 81 | فيتنه | هشام جعيط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | رێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | مارکس و ڕەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان ڕەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | ڕامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە ڕوانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | ڕکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2017 | ئارام مەحمود | فەلسەفەی هانا ئارێنت | 163 |
| 2017 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | نەوت بەرامبەر زەوی | 164 |
| 2017 | بابان ئەنوەر | پوختەی سەرمایەی مارکس | 165 |
| 2017 | رەنجەی نابینا | چوارینەی دیموکراسی | 166 |
| 2017 | عەلی محەمەد صالح | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | 167 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | 168 |
| 2017 | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | 169 |
| 2017 | سۆران سێوکانی | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | 170 |
| 2017 | هاوار محەمەد | مێژووی درۆ | 171 |
| 2017 | ماجید خەلیل | پرسی کورد | 172 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | پۆست کۆمۆنیزم | 173 |
| 2017 | جەواد حەیدەری | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | 174 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | 175 |
| 2017 | هاوار محەمەد | دەربارەی میواندۆستی | 176 |
| 2017 | رێبین رەسوڵ | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | 177 |
| 2017 | رێبین رەسوڵ | رۆشنگەری چییە؟ | 178 |
| 2017 | یوسف ئەحمەد مەنتك | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | 179 |
| 2017 | ئەرسەلان حەسەن | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | 180 |
| 2017 | ماجید خەلیل | مێژووی پەیەدە | 181 |
| 2017 | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | کتێبی سور - چاپی سێیەم | 182 |
| 2017 | ئەکرەم عەنەبی | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | 183 |
| 2017 | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | 184 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | ئالان بادیۆ | 185 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | رولان بارت | 186 |
| 2017 | هاوار محەمەد | جۆرج باتای | 187 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | چۆمسکی | 188 |
| 2017 | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | جۆن دیۆی | 189 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | رۆدۆلف کارناب | 190 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | کۆنفۆشیۆس | 191 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | جولیا کریستیڤا | 192 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | لیڤی شتراوس | 193 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | مارتین بوبەر | 194 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | ماوتسی تۆنگ | 195 |
| 2017 | سیار خورماڵی | مۆنتیسکۆ | 196 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | پیەر بۆردیۆ | 197 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | سپێنوزا | 198 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | ویتگنشتاین | 199 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | والتەر بنیامین | 200 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | فرانسیس فۆکۆیاما | 201 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | مارتن لۆسەر | 202 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | سان سیمۆن | 203 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | دێڤد هارڤی | 204 |

## پرۆژەی 25 نامیلکەی فەلسەفی

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 1 – 20

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 2 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 3 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 4 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 5 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 6 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 7 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 8 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 9 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 10 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 11 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 12 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 13 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 14 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 15 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 16 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 17 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 18 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 19 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 20 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | 2015 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 21 – 40

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 21 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 22 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | 2015 |
| 23 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 24 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 25 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 26 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 27 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 28 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 29 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 30 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 31 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 32 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 33 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 34 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 35 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 36 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 41 – 60

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 41 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 42 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 43 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 44 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 45 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 46 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 47 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | 2016 |
| 48 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 49 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 50 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | 2016 |
| 51 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 52 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 53 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 54 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 55 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 56 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 57 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 58 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 59 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 60 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ شیسلامی | 2016 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 61 - 80

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | سالّی چاپ |
|---|---|---|---|
| 61 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 62 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 63 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 64 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 65 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 66 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 67 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 68 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 69 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 70 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 71 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 72 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 73 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 74 | سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 75 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 76 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 77 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 78 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 79 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 80 | دیڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

## پڕۆژەی 100 توێژینەوەی جیهانی (1 - 10)

| ژمارە | ناوی توێژینەوە | ناوی نوسەر | ناوی وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سێگۆشەی گڕگرتوو | ولیام داریمپڵ | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 2 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | / | 2016 |
| 3 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | عەلی فائیز – کەریم سەجادپور | سۆران عەلی | 2016 |
| 4 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | مارتن میرفی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 5 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | ئەنتۆنی دۆرکن | سۆران عەلی | 2016 |
| 6 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | بیلال عەبدوڵڵا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 7 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | بەهزاد ئەحمەدی لفورکی – مەسعود درەخشان | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 8 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | ئەلشێخ بای ئەلحەبیب – رەشید خەشانە | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 9 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | د.عەلیرەزا سەمیعی ئیسفەهانی – عەبدولکەریم سالکی | رێباز مستەفا | 2016 |
| 10 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | ئادیتیا ماتۆ – ئارڤیند سوبرامانیان | بابان ئەنوەر | 2016 |

## پرۆژەی 100 توێژینەوەی جیهانی (11 – 20)

| ژمارە | ناوی توێژینەوە | ناوی نوسەر | ناوی وەرگێر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 11 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | کۆمەڵێك نوسەر | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 12 | پەیوەندییەکانی ئێران و هندستان | یەدوڵڵا دهقان – مەهدی کازمی | ماجید خەلیل | 2017 |
| 13 | چین و ئێران | د.فهد مزبان خزار – منوشهر دوراج – مایکل سینگ | محەمەد چیا | 2017 |
| 14 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | کۆمەڵێك نوسەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 15 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | هاکان ئالتینای | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 16 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | براندۆن فایت – کلۆی کۆگلین – شولت | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 17 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | راپۆرتی وەرزیی بانکی نێودەوڵەتی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 18 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەراستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | / | 2017 |
| 19 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | ئەنوار بوخرس | شاناز هیرانی | 2017 |
| 20 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | / | 2017 |

IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە